# گۆڤاری ئەنفال

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوە و بابەتی بواری ئەنفال و جینۆساید دەدات
لە ساڵڕۆژی ئەنفالدا دەردەچێت

ژمارە (١)ساڵی یەکەم، ٢٠٢٣/٤/١٤

خاوەنی ئیمتیاز:

مقداد شێخ بەهائە دین

سەرنووسەر:

فەتاح مەحمود ڕۆستەم (فەتاح تەنیا)

شوێن: عێراق-هەرێمی کوردستان- گەرمیان - کەلار
Tel: (+964)07701495503 – (+964)07730260720
Gmail: govaranfal@gmail.com




چاپخانە: چوارچرا

## گۆڤاری ئەنفال

گۆڤاری ئەنفال؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوە و بابەتی بواری ئەنفال و جینۆساید دەدات و هەموو ساڵێك لە ساڵیادی تاوانی ئەنفالدا دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی پرسی ئەنفال و جینۆسایدکە بە تەوەرێکی گرنگ دادەنرێت لە سەر ئاستی پرسە نیشتیمانییەکان پەیوەست بە نەتەوەکەمانەوە بە ئامانجی تێگەیشتن و زانینی نەوەکان لە ڕابردوو  کە چی بەسەر نەتەوەکەماندا هاتووە، بواری توێژینەوە و بابەت، بریتی دەبێت لە سیاسەتڕێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی تاوانەکانی وڵاتانی هەرێمایەتی بەتایبەتی تاوانەکانی دژی مرۆڤی کورد، باسکردنی یاسانێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە جینۆساید، خستنەڕووی مافی قوربانییەکان، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی لە ناوخۆ و دەرەوە...تاد.



## گۆڤاری ئەنفال بۆ؟

پرسی ئەنفال وەك هەر پرسێكی تری نیشتمانی لە ئێستا زیاتر پێویستی بەئاوڕدانەوە هەیە لە هەموو بوارەكاندا، ئەم پرسە، پێویستی دەكرد بڵاوكراوە و بەرنامە ی تایبەتی زیاتری لە سەر بكرێت، نەك ساڵانە تەنها ڕۆژێك باس كردن بێت لەسەر ئەنفال، لەم ڕوانگەیەوە هەستمان بە بۆشاییەك كرد، سەبارەت بە نەبوونی بڵاوكراوە، چونكە چەند ساڵێكە هیچ جۆرە بڵاوكراوەیەك دەرناچێت.

لێرەوە بە پێویستمان زانی گۆڤارێك بە ناوی (گۆڤاری ئەنفال) بخەینە بەردیدەی خوێنەرانی ئەنفال و جینۆساید.

گۆڤاری ئەنفال دەروازەیەكی گرنگە بۆ خستنەڕوو و بڵاوكردنەوەی ئەو توێژینەوە و بابەتە زانستیانەی سەبارەت بە پرسی ئەنفال دەنوسرێن.

هەر هەوڵێك لەم بوارەدا شایەنی دەستخۆشی و ڕێزە بۆ كەس و كاری ئەنفالكراوەكان بە ئامانجی ئەوەی لە خەمەكانیان بكۆڵنەوە و بیخەنەبەرباس.

ئەمەش وەك هەنگاوێك بۆ ئاشناكردنی زیاتر سەبارەت بە مافەكانی مرۆڤ و كاركردن لەسەر پرسی ئەنفالی نەتەوەكەمان. گۆڤاری ئەنفال دەرچوونی لەم كاتەدا هەنگاوێكە بۆ تەواوكردنی هەنگاوەكانی تر و پێشكەشكردنی زانیاری تر سەبارەت بە ئەنفال و جینۆساید.

## ناوەڕۆک


| ز | نووسەران | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| ١ | مقداد شێخ بەهادین | ترازیدیای ئەنفال | ٥ |
| ٢ | پ. د. دارا حەمید محەمەد | پلانی زمان و ئاڵنگارییەکانی زمانی کوردی جینۆسایدی زمان بەنمونە | ٢١ |
| ٣ | پ. د: مەهدی فاتیح عومەر | ئەنفال و کاردانەوەکانی | ٣٥ |
| ٤ | فەتاح تەنیا | ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کوردی لە ناساندنی دایکانی نەوەی ئەنفالدا | ٤٣ |
| ٥ | سالار مەحمود | دادگای باڵای تاوانەکان بۆ دۆسییەکانی جینۆساید چۆن پێکهات | ٥٧ |
| ٦ | عەدنان مەلا ساڵح | تاوانی ئەنفال لە تەرازووی یاسای نێودەوڵەتان | ٦١ |
| ٧ | م.بەختیار محمود | تاقانەکانی ئەنفال کێن؟ | ٧١ |
| ٨ | سمکۆ سابیر | ئەنفال تاوانێک بۆ هەمیشە لە یادەوەری ئێمەدایە | ٧٤ |
| ٩ | عەلی دەروێش | ڕووانینێك بۆ هۆلۆکۆستی جولەکەو جینۆسایدی کورد | ٨٦ |
| ١٠ | حەسەن ئەحمەدی نیاز<br>و: عومەر تینو | ئەنفال: پرۆسەی لەناوبردنی کوردان | ٩١ |
| ١١ | محمد خورشید | ئەنفال ئەومەرگەساتەی کەهەرگیز لەیادمان ناچێت | ٩٦ |
| ١٢ | م. محەمەد ڕەحیم | جینۆساید | ١٠٠ |
| ١٣ | عەبدولهادی مەتوک ئەلحاتەم<br>و: ڕێکخراوی شوناسی کورد | گۆڕە بەکۆمەڵەکان میراتی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان و باندە تاوانکارەکانن | ١٠٨ |
| ١٤ | سەرنووسەر | پرسی ئەنفال لە میدیای کوردی و نێودەوڵەتیدا | ١١٦ |
| ١٥ | سەلام فەقێ عەلی<br>سیروان سلێمان | عەزیز توکنی سەربوردەیی زیندانی خۆی دەگێڕێتەوە! | ١٢٧ |
| ١٦ | ویلیم أ. شاباس<br>و: ڕێکخراوی شوناسی کورد | ڕێککەوتننامەی ڕێگری و سزادانی تاوانی جینۆساید | ١٤١ |
| ١٧ | ایمن سلامة | تاوانی جینۆساید سروشت و کاریگەرییە یاساییەکانی | ١٥٤ |
| ١٨ | ئازاد گەرمیانی | جینۆسایدی ئەرمەنەکان (١٩١٥-١٩١٦) | ١٦٠ |
| ١٩ | محمد نوری زۆراب | ئەنفال دواهەوڵی سەرانی بەعس بو بۆسڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورد لە باشووری کوردستان | ١٦٩ |



مقداد شێخ بەهائه دین

# تراژیدیای ئەنفال



ئـەنفال زنجیرەیەکیـتری ڕەوتـی ڕووداوە گەورەو کۆمەڵکوژیەکـانی مێـژووی مرۆڤـایەتی و گەووەرەتـرین تـاوانی ئەنجامـدراوە لەرۆژژمێـری هـاوچەرخی گەلانـدا، ئـەم تاوانە،کـە بەپێی نەخشـە و پلانێکی تـۆکمەو بە هەشـت قۆنـاغ لە سـاڵی (١٩٨٨)لە بەشـێکی زۆری ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی باشـوور هـاتە ئەنجـامدان، یەکێکـە لـە مەترسـیدارترین ئەو کردەوانەی، کە بەسستماتیك مرۆڤی بێ تـاوان و مەدەنی تێدا قـەتڵ و عـام کـراوە، ئەوەش لەپێنـاو قـلاچۆکردن و پاکتـاوکردنی نەژادی و سـڕینەوەی شـوناسـی میـللەتێک، کــە ڕەگ و ریشــەی بە قــووڵایی مێـژووی مرۆڤـایەتیـدا رۆچــووە، کــوردیش وەکــوو نەتەوەیەکی بەش بەش کراو دەکرێت بڵێین یەکەم قوربانی دەسـتی حـوکمی دیسـپۆتیزم و سـتـەمی قـرکـردنە لەدوای کۆتـای هــاتنی ڕووداوەکـانی جەنگـی جـیهانی دووەمەوە، لەمێژووی نـوێی جیهانـرەوایدا ترسـناکترین حـاڵەتی ڕووداوی لـەناوبردن و کۆمەڵکوژیە ڕوویـدابێت، گەورەیی ئـاستی تـاوانەکـە وایکـردووە جێکەوتی ئەنفال لەهزریەتی تاک بە تاکـی کۆمەڵـگـەی کــوردستاندا ببـێتە پـڕژانترین یـادەوەری و ئــازارێکی وابەسـوێ کە بەهـەمـوو پێودانگـێ سـارێژبوون و لەبـیرکردنی مەحـاڵ بێت، ڕەگی ئەم تراژیـدیایەش دەرئەنجـامی ئاراسـتەی چەوتی فیکـری و هەڵکەوتەو پێگەی سیاسی رژێمی بەعـس و چەنـد هۆکار گەلێکیـترە، کە دواجار ئامانج لێی سـڕینەوەی نەتەوەیەک بـووە لەڕێگەی پلانگـێـڕی و توندووتیژیـیەوە بەشـێوەیەکی مەبەسـتدار، ڕووداو گەلێکی نـاخ هـەژێن، کـە هـیچ پـاساوێک نابێتـە پاڵنـەر بـۆ ئەنجـامدانیان، لـە کـاتێکدا پەیـڕەو کردنی سـیاسـەتی تەفروتـوناکردنی بەکـۆمەڵی مرۆڤەکـان مـێژوویەکی کـۆن و دوورودرێـژی هــەیەو لەدێــرزەمان و شـــارستانیەتی کــۆنەوە تــاسـەردەمی ئــەمرۆی لیبــراڵیزم و گلۆبەلەزیشن دا نەتوانراوە جینۆسایدکردن بنەبڕ بکرێت، بەڵام بکـەرانی ئەو کردانە لەهەموو قۆناغ و سـەردەمەکاندا کەوتوونەتەبەر نـەفرەتی کۆمەڵگـەی مرۆیی و ئەو کـارانە هەمیشـە بـەکاری نـاجوامێرانە لە قـەڵەمـدراوە و پرۆتیسـتـۆ و مـەحکوم کـراون.

هۆکارەکانی پشت ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال خوێندنەوەی جیاواز و لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت بەو پێیەی کێشەو ئاریشەکانی دۆزی کورد وەکوو نەتەوەیەکی گەورەو قەوارەیەکی بێ پەرژینبەندی دەوڵەت، ڕەگێکی قوڵی لە عێراق و وڵاتانی دراوسێدا هەیە، گەر لایەنێکی سەرەکی پشت ئەو تاوانە قێزەوەنەش وەربگرین ئەوە ئەنفال، کە بەشێک بوو لە سیاسەتی لەناوبردن و قەلاچۆکردنی گەلی کوردو سەرکوتکردنی جوڵانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد لەووە سەرچاوە دەگرێت، کە ڕژێمە تۆتالیستییەکانی ناوچەکە بەردەوام کوردیان بە هەڕەشە لەقەڵەمداوە بۆ لەنگ بوونی پایەکانی هەژموونگەرایی خۆیان، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێشتریش لەدەستپێکی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو دەوڵەتە بوونی کوردیان وەک کۆسپ و لەمپەر لە بەردەم پلان و ئەجینددای کارەکانیان دادەنا و بەبیروبۆچوونی کارەکتەرە توندبینەکانی ڕژێمەکانی عێراق گرفتی کورد مەترسیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەییان وهەژموونگەرایی دەسەڵاتەکانیان، جگە لەوەی کوردیش هەرگیز ئامادەنەبووە سازش لەشوناسی نەتەوەیی خۆیان بکەن و ملکەچی ویست و ئیرادەی خۆسەپێنی داگیرکەران بن، بۆیە تا بۆیان کرابێت هەموو هەوڵێکیان داوە بۆ تواندنەوەو لەناوبردنی ئەم مەترسییە، شاڵاوەکانی ئەنفالیش بۆ جێبەجێکردنی هەوڵەکانیان لە پێناو پاکتاوکردنی نەژادی گەلی کورد لەعێراق ئەنجامدراوە، بۆیە نەهامەتیەکانی کورد و بوون بە خۆراکی کۆمەڵکوژی وەحشیگەرایی تەنها لەبەر ئەوەبووە لەدیدی دەسەڵاتی ناسیۆنالیستی داگیرکەردا کورد وەکوو گەلێکی ئازادو خاوەن ماف و دیدگاو تێڕوانینی خۆی (ئیستیعاب) قبوڵ نەکراوە، لە هەمانکاتدا جێگاو جیوگرافی کوردستان و گرنگی خاک و دەوڵەمەندی بەدەرامەتە سروشتییەکان و ستراتیژی پێگەکەی فاکتەری چاولێکەری داگیرکەران بوونە، هەربۆیە ئەوان هەمیشە ویستوویانە بەوشێوەیە کوردەکان لەناو ببەن و جینۆسایدی فیزیکی،

کلتووری، زمانی، مێژوویی و فەرهەنگی بکەن و بەتەواوی پاکتاوی ڕەگەزی بکرێن و بۆخۆیان بەئاسوودەیی لەسەر خاکی کوردستان فەرمانڕەوایی بکەن.

هەندێ هۆکاریتری پشت شاڵاوی ئەنفال لەم خاڵانەدا دەخەینەڕوو:

١- جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران پێی نابووە ساڵەکانی کۆتاییەوەو ڕژێمی بەعس لەشکستی دیاردابوو، بۆ شاردنەوەی ئەو شکستەو نەقۆستنەوەی ئەو دەرفەتە لەلایەن کوردەوە بۆ ئازادکردنی ناوچەکانیان بەپشت بەستن بەو پاڵپشتیە دەرەکیانەی بۆ ئەو جەنگە هەشت ساڵییە هەیبوو لەلایەن هەندێ دەوڵەتەوە لەلایەک و ترسی حکوومەتی فاشیستی و هاوبیرەکانی لە سەرکەوتنی خەباتی ڕەوای چەکداری و بەئەنجام گەیشتنی شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانی کورد و کردنەوەی گرێکوێرەکانی بەردەمیان، کەسەربکێشێ بۆ دروستبوونی قەوارەی سەربەخۆ، وایکرد ڕژێمی بەعس پەنا بباتەبەر تاوانی قێزەوەنی کۆمەڵکوژی.

٢- شاخ و پێگە سەخت و ستراتیژیەکان و جێگا دوورە دەستەکان و دێهاتەکان لە ژێر هەیمەنەی هێزەکوردییەکاندا، بووبووە پاڵپشتییەکی بەهێز بۆ خەباتی ڕەوای میللەتی کورد، ئەوەش ترس و دڵەڕاوکێی لای ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس دروستکردبوو، ئەیویست بەهەر ڕێگایەک بێت سەرچاوە گرنگەکانی خەباتی چەکداری کورد لە ناوببات یاخود لاوازیان بکات، هەربۆیە روخاندن و خاپورکردنی ئەو هەموو گوند و دێهاتانە بەشێکی پلانەکانیان بوو.

٣- گرنگی هەڵکەوتەو پێگەی جیۆستراتیژی و جیۆسیاسی و جیۆگرافیای باشووری کوردستان، کەرێڕەوێکی گرنگی بەیەك گەیاندنی هەرسێ وولاتی سوریا و ئێران و تورکیایە و هەروەها خاکەکەی کە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە پترۆڵ و گازی سروشتی و سامانە کانزاییەکان و ڕەگەزە ئابوریەکانیتر، هەروەها زەوی بە پیت و سەرچاوەی ئاوی زۆر، وایکردبوو کوردستان وەکوو پێگەیەکی ستراتیژی سەیربکرێت و هەوڵ بۆ

گۆڕینی دیموگرافیاو لە ناوبردن و ڕاگواستنی خەڵکەکەی بدرێت و پرۆسەی بەعەرەب کردن و گۆڕینی شوناسی هاووڵاتی بوون و خودی پرۆسەی ئەنفالیش بکرێتە بنەمای دەست بەسەردا گرتنی تەواوی خاکی کوردستان.

٤- بەمەترسی دانانی کورد بۆسەر هەژمونگەرایی حکومڕانی بەعس و دانانی کورد بە بەربەست بۆ بەرجەستەبوونی دیدگای ئەوان پاساوێکیتری ڕەوایی‌دان بوو بە کوردکوشتن و هێرشکردنە سەریان و قڕکردنیان.

٥- نەبوونی دۆست و هاوسۆزی وپشتیوانی کورد، لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە دەرفەتێکی تری بوون بە خۆراکی کارە دڕندانەکانی ڕژێمی فاشیست بوو، وەبێدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دەستی ڕژێمی تەواو واڵاکردبوو .

ڕەهەندەکانی پرۆسەی ئەنجامدانی تاوانی ئەنفالیش زۆرن تەنها بۆ کوشتنی ڕوحەکان نەبووە بەڵکوو پلانڕێژی بوو بۆ تێکشکاندنی ئیرادەو ژێرخان و سەرخانی نەتەوەیەک لەسەر هەموو ئاستەکان، لەناوبردنی سیمای دابونەریتی کوردی و ڕوخاندنی گوندو تێکدانی ژینگەی کلتووری و سڕینەوەی مێژووی کوردەواری و ڕەسەنایەتی و ووشک کردنی سەرچاوە ئاویی و ئابوورییە هەمەچەشنەکان و کشتوکاڵ و وێرانکردنی تەواوی بوارەکانی ژیان لەڕووی (مەعریفی ، فەرهەنگی ، مێژووی ، ڕۆشنبیری ، ئەدەبی و گۆڕانکاری لە شوناسی هاوڵاتیبوون ، کۆمەلایەتی، بایۆلۆژی و فیزیکی..هتد) ئامرازەکانیتری جێبەجێکردنی ئەو جینۆسایدەو ئامانجی ئەو پیلانگێڕییەو هەنگاوی بەرجەستەکردنی بەشێکیتری ئەوتاوانە بوون، کە ئامانج لێی گۆڕینی دیمۆگرافیاو نەهێشتنی نەخشەجێگایەک بوو بەناوی کوردستانەوە، بۆیە دەمارگیری قەومی و شۆفینیزمی بەعسی تەواوی بەربەندەکانی ئەخلاقی سیاسی و بەهای مرۆڤ و یاسا نێونەتەوەییەکانی تێپەڕاندبوو، هەر بۆیە ئەنفال جگە لەکۆمەڵکوژی و قڕکردنی خەڵکی بێتاوان لەپێناو لەنگ نەبوونی پایەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری خۆسەپێندا هیچ

پێناسـەیەکی تـر هەڵناگرێـت، ئەوەی جـێگەی هەڵوەسـتە لەسـەرکردنە لەمێژووی کوردەکانـدا، ڕووداوی تراژیـدی هاوشـێوەی ڕیتمی ڕووداوە کۆمەڵکوژییەکانی جـیهان زۆرن، کیمیا بـارانکردنی هەڵەبـجە و سێوسـێنان ، ئەنفالی بارزانییەکـان، بـۆردومانی قەڵادزێ و ئەنفـالی گەورە و قەتـڵ وعـامکردنی یەزیـدییەکان و چەنـدین ڕووداوی تراژیـدیتر، کـە مەبەسـت لـێی نکۆڵـیکردن بـووە لـە ڕیالیسـتی بوونگەرایـی کـورد وەکـوو نەتەوە. چەمکی ئەنفـال وەکـوو تـاوانێکی گەورە زۆر هـەڵدەگرێت لـەسـەری بۆتریت و بنووسرێت، پەرتووکخانەکانی ئێمەش گەلێک کتێبی بەپێزی شیکاری زانستی و شێوازی گێڕانەوەی ئەنفال و توێژینـەوەی لەخـۆگرتووە، بەڵام ئـاستی قـوربانیەکانی و دەرهاویشـــتەو لێـــکەوتەکانی ئەم ڕووداوە هـــێندە گەورەیە هـــێشتا نـــەتوانراوە بەپێی قـەبارەی تاوانەکە کاری لـەسەربکرێت، پێویست بوو لە ڕێگای دەزگایەکی بەهێزی زانسـتی و ئاکـادیمی نیشـتیمانییەوە تـویژینەوەی هەمەلایەنەو ڕاڤەی ڕەهەنـدەکانی بکرایە، لەڕووی لێکەوتە(سـایکۆلۆژی و مرۆیی و کۆمەڵایەتی و ئـابووری و فەرهەنگی و جینەتیـك)ەوەو کاریگەرییەکانی لەسـەر داهـاتوو، دەیـان شـیکاری و تێزی تیروتەسـەلی لەسـەر بنووسـرابایە، بـۆ پێشـاندانی وێنـاگەورەکەی تـاوانی ئەنفـال بەدونیـای دەرەوە، تاوەکوو ڕای گشتی بوروژاندایە، چونکە ئەوەی ئێستا کراوە لەسـەر ئاستی لۆکاڵی تەنها ڕەوتـی ڕووداوەکەو مێـژوو و ئامـارو ژمـارەی قوربانییەکـان خـراوەتە سـەرکاغەزی پەرتووکەکان و لایەنەکانی تری بەلاوەنراوە، لـەڕووی سیاسـەتی نێونەتەوەییەوە کـردەی قڕکردن و لەناوبردنی بەکۆمەڵی مرۆڤ، هێندە ترسناك و ئازاربەخشە، کە کۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی ناچـارکردووە لەم بـارەیەوە دەستەوەسـتان نەبـێ و بەیاسـا هەوڵ بـۆ قەدەغەکـردن و نەهێشـتنی ئەو جـۆرە تاوانکاریـانە بـدات، بـۆئەوەش بەدرێـژایی دەیـان سـاڵی ڕابـردوو، هەوڵێکی زۆریـداوە تـاچوارچێوەیەکی یاسـایی نێودەوڵەتی دابڕێژێت، بـۆ ئەوەی دەوڵەتـانی جیهـان پێـوەی پابەنـد بکات و چیتر مـرۆڤەکان قڕنـەکرێن، سـەرەتای

ئەو هەوڵەش سوود وەرگرتن بوو لە تیۆری (رەفایل لیمکین)ی بەرەچەڵەک جوولەکە، کاتێک لەژێر کاریگەری کۆمەڵکوژییەکانی هۆلۆکۆستدا چەمک و زاراوەی جێنوسایدی لە ساڵی (١٩٤٤) داهێنا، جینۆساید لەو کاتەوە بووەتە بەشێکی گرنگی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی، هەوڵەکانی (لیمکین) وایکرد هەر لەساڵەکانی سەرەتای دامەزراندنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەو زاراوەیە بۆ بەتاوان ناساندنی ئەنجامدەرانی تاوانی کۆمەڵکوژی جینۆساید بکات بەیاسا و رۆژێک پێش جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ پەسەندی بکات، لەو رووەشەوە ئەنجوومەنەکە خاوەنی چەندین یاساورێسای ترە. شاڵاوی ئەنفالیش پراوپڕ مەبەستەکانی هەمان تیۆر دەپێکێت، بەڵام مخابن دیارە کورد لەدەرەوەی هەموو هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان دانراوەو بەجۆرێک نەخراوەتە چوارچێوی هیچ پێناسەیەکی گەلانی دونیا، ئەمەش لەوەدا دەرکەوت لەتەواوی ئەو کۆکوژی و کوشتن و نەهامەتییەی بەسەرماندا هێنرا هەڵوێست و کاردانەیەکی نێودەوڵەتی نەبینین بۆیە پرۆسەی ئەنفال بەدڕندانەترین شێوە لەبەرامبەر بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەنجامدراو خودی ئەو بێدەنگیەی ئەوانیش وایکردبوو قەبارەی تاوانی دژ بەمیللەتەکەمان بەتایبەتیش شاڵاوی ئەنفال زۆر بەگەورەیی کاریگەری خۆی دابنێت، هۆکاری ئەوەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە لەو سەردەمەدا کورد هیچ دۆستێکی لەسەر ئاستی دونیای دەرەوەو وڵاتان نەبوو، لەهەمانکاتدا پەیوەندییە تووندوتۆڵەکانی رژێمی فاشیستی بەعس لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و زلهێزەکانی جیهاندا بووبووە فاکتەرێکی گرنگی چاپۆشین لەتاوانەکانی بەتایبەت لەرووی سەربازیەوە. لەماوەی جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێراندا عێراق بەو پشتیوانیانە بووبووە وڵاتێکی بەهێز لە ناوچەکەدا

> ڕژێمی بەعس گوێ بەهیچ یاسا و ڕێسایەکی نێودەوڵەتی نەدات لەپیادەکردنی سیاسەتی وێرانکارانە دژی ناوچەکانی کوردستان، ئەو نموونەیەش لەهەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر کورددا هێنراوە بەڕوونی دەردەکەوێت

بۆیە پاڵپشتیەکانی دەرەوەش وای لەحکومەتی ئەو کاتەی عێراق کردبوو، کە گوێ بەهیچ یاسا و ڕێسایەکی نێودەوڵەتی نەدات لەپیادەکردنی سیاسەتی وێرانکارانە دژی ناوچەکانی کوردستان.ئەو نموونەیەش لەهەموو ئەو نەهامەتییانەی بەسەر کورددا هێنراوە بەڕوونی دەردەکەوێت ڕوونتریش شیکاری بکەین لەتاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا حکوومەتی ئەو سەردەمەی سۆڤیەت پشتیوانی و داکۆکی لەسیاسەتەکانی ڕژێمی روخاوی بەعس دەکرد، ئەمەش وایکردبوو بێسەڵەمینەوە ئەو ڕژێمە بەردەوام بێت لە تاوانەکانی و تاوانیتریشی بەدوادابێت، کە دواجار مەرگەساتی ئەنفالی لێکەوتەوە، بۆیە تەواوی ئەو ستەم و کۆمەڵکوژیانەی دەرهەق بە میللەتەکەمان و نەتەوەی کورد ئەنجامدراوە وەکوو پەڵەیەکی ڕەش بەنێوچاوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی مانفیست دەکات و بێدەنگییان وەکوو شەرمەزاری و عەیب وعارێکی گەورە بۆ هەمیشە یەخەی مێژوو و ناوبانگیان بەرنادات ئەو دروشمە قەبانەی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤی ئەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییە خاڵی دەکاتەوە

لەماناو بەهاکانی. ئەنجامدانی تاوانی ئەنفالیش بەسوود وەرگرتن لەبێدەنگییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بێ پشتیوانی کورد وایکردبوو نەهامەتیەکانی کارەساتبارترین دۆخ بخوڵقێنن و لێکەوتەکانی زۆرتر و هەمەچەشنترین، چونکە هیچ بەربەستێک نەبوو بۆ رێگریکردن و وەستانی پرۆسەکە، کە ئەمەش دەستی رژێمی بەعسی والآترکردبوو بۆ جێبەجێکردنی مەرام و پیلانەکانی کەدایرشتبوو بۆ ئەم پرۆسیسە، بۆیە قۆستنەوەی بێ پشتیوانی کورد،کە وڵات و رێکخراێک نەبوو پاڵپشتی و داکۆکی لە مافەکانی بکات و فشار بخاتە سەر حکومەتی عێراق بەرامبەر بەو هەموو پێشێلکاریە نامرۆڤانەی پەیرەو دەکرا لەپاکتاوی رەگەزی دژی گەلی کورد گەورەترین نەهامەتی و ماڵوێرانی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەوانەی ئاماژەمان پێدا فاکتێکە تاساڵی(١٩٩١) خۆی بەرجەستە کردووە، بەڵام لە دوای دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی دەسەڵاتەکانی تەشریعی و تەنفیزی و دامەزراوەکانی تر لە ساڵی (١٩٩٢) تاکوو ئێستا دەکرێت لە سەر دوو ئاست و دابەشی بکەین بەسەر دوو قۆناغی جیاوازدا:

١- قۆناغی پێش پرۆسەی ئازادی عێراق:

لە پاش هاتنە گۆری گۆڕانکارییە نێودەوڵەتی و ناوچەییە دەرفەت خوڵقێنەکانی وەکو رووداوی داگیرکاری ووڵاتی کوەیت و سەرهەڵدانی راپەرینی جەماوەری بەهاری (١٩٩١) باشوور کوردستانی دژ بەداگیرکاریەکانی رژێمی فاشیستی عێراق هەروەها ئەو لێکەوتانەی، کە لەئەنجامی رەوشی مرۆیی دانیشتوانی باشوری کوردستان لەژێر سیاسەتی دوژمنکارانەو پڕ لەهەرەشە و تۆقاندنی رژێمی بەعس هاوشان لەگەڵ گۆڕینی تێڕوانین و تێگەشتنی ووڵاتانی جیهان لەسیاسەتی چەوت و دڕندانەی عێراقی سەردەمی دیکتاتۆریەت دەرئەنجام گەلەکۆمەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دەرچواندنی بڕیاری ژمار (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە بەشێکی تایبەت بوو.

هیچ بەربەستێك نەبوو بۆ ڕێگریکردن و وەستانی پرۆسەکە، کە ئەمەش دەستی ڕژێمی بەعسی والآترکردبوو بۆ جێبەجێکردنی مەرام و پیلانەکانی کەدایڕشتبوو بۆ ئەم پرۆسیە



تەواوی ئەو ستەم و کۆمەڵکوژیانەی دەرهەق بە میللەتەکەمان و نەتەوەی کورد ئەنجامدراوە وەکوو پەڵەیەکی ڕەش بەنێوچاوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی مانفیست دەکات



بۆ ناوچەکانی باکوری عێراق کە دەکاتە باشـوور کوردسـتانی هەرسێ پارێزگای ئەو کات ( سـلێمانی ، هەولێر ، دهـۆک ) لەمەڕ پاراسـتنیان لەهێرەشـەکانی بەعسی فاشیسـزم، دواتـر پێکهێنـانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لەو سێ پارێزگایەدا، بەمەش یەکەمین ئەزمـونی حـکـومڕانی کـوردی لەئەنجـامی پرۆسـەی رزگـاری نەتەوەیـی هاتەکـایەوە، کەئەمەش بـەوەرچەرخانێکی جـۆری و گەورەی بزاوتی نەتەوەیی کوردی دێتە هەژمار، تاڕادەیەک جۆرێک لەهاوسۆزی بۆ کورد دروسـت بـوو بۆئەوەی کەڵکی لێوەربگیردرێت، دەکـرا وەک هەنگاوی سـەرەتای پرسی کۆمەڵکوژیەکانی کورد کاری لەسـەربکرێت بەڵام لـەدەستپێکی ئـەزموونی سـیاسی حـوکمڕانی دەسـەڵاتی کـوردیدا هەرێمی کوردسـتان بەسـەردەمێکی سـەخت و دژواردا گـوزەری دەکـرد و گەمـارۆیەکی تـوندی سیـاسی و ئابووری و کارگێڕی لەسەربوو لەلایەن حکوومەتی بەعسەوەو دۆخی عێراقیش وەکوو دەوڵەت ڕووبـەڕووی گەورەتـرین تێکـشکان و پـەرتەوازەیی بووبـوویەوە لـەلایەن کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتییەوە خرابووە ژێر ئابڵوقەیەکی توندی هەمەلایەنی گشتگیرەوە و بـەتەواوەتی گـۆشەگیرکرابوو، ئـەمەش هێنـدەیتر دۆخی هـاوڵاتیان و دامەزراوەکانی عێراقی ئـیفلیج کردبـوو، تـاڕادەیەک وەک ئاماژەمـان پـێدا هـاوسۆزی نـێودەوڵەتی بەرامبەر کورد گەلاڵە بووبوو بەڵام، سەربـاری ئـەو دۆخ و ژیانە سەختەی هاووڵاتیان بەهـۆی ئابڵوقەکـانەوە دۆخی ڕامیـاری کوردسـتانیش دەرگیری چەنـدین نەهـامەتی و ململانێ و ئـاڵۆزی و ناسـەقامگیری بـوو، ئەمـانەش زەمینەیەکی ئەوتـۆی نەڕەخسـاند تـاکوو کار لەسـەر پرسـی کۆمەڵکوژیەکـانی کـورد بکرێـت. بەو پـێیە کوردستـانیش لـە چـوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بـوو ئاسـانیش نەبـوو ڕای نـێونەتەوەیی بـۆ دۆزی ڕەوای کورد پێشێلکاریە دوژمنکاریەکانی حکوومەتی بەعس بورووژێنرێ.

## ٢- قوناغی پاش پرۆسەی ئازادی عێراق:

ناوازەترین سەردەمی زێڕینی کوردبوو بۆ دەرفەت وەرگرتن و خۆسازدانەوە لەمەڕ بەجیهانی کردنی تاوانەکانی ئەنفال و کارەساتەکانی دیکە، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە هەموو ئەو کارەساتە گەورانەی بەسەر میللەتی کوردا هێنراوە هەمووی تاوانی گەورەن و دەچنە خانەی کۆمەڵکوژی و پاکتاوی نەژادی قەتڵ و عام کردن و هەوڵدان بۆ سڕینەوەو قەلاچۆکردنی نەتەوە، کەچی نەتوانراوە بەشێوەیەکی ڕێکخراو و پلان و بەرنامەی ووردەوە کاری لەسەر بکرێت و ئەو پرسە بەنێودەوڵەتی بکرێت، وەکوو پێویست سۆزی وولاتانی بەلادا رابکێشرێ و بەجینۆسایدی جیهانی بناسێنرێت، تاکوو بەدەمەوە هاتنیان لەبەرژەوەندی دۆزی ڕەوایی نەتەوەیی کورد پراکتیزە بکرایە و لەڕێگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بەفەرمی دان بەپرسی کۆمەڵکوژی کورددا بنرایە، وەکوو کارتێکی بەهێزی یاسایی دەرفەتی دروستکردنی دەوڵەتی تێدا گەلاڵە بکرایە، بۆیە لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە هەلێکی مێژووی و زێڕین هاتەپێش بۆ قەرەبووکردنەوەی دەرفەتە لەدەستچووەکان، بەکەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتە دەکرا هێزە سیاسییەکانی کوردستان پێکەوە بەستراتیژێکی نوێ و بە یەکگرتوویی و بەتێڕوانینی نەتەوەیی و کاری پێکەوەییان بکردایەتە بنەمای پێکهێنانی بەرەیەکی بەهێزی نیشتیمانی بۆ بەجیهانیکردنی جینۆسایدی کەیسی ئەنفال و کۆمەڵکوژییەکانیتر، بەڵام نەتوانرا کاری زۆر لەسەر دەرفەتەکانی دوای پرۆسەی ئازادی عێراق بکرێت، لەکاتێکدا هەر پرۆسەیەکی هاوشێوە لەجیهاندا ڕوویدابێ گۆڕانکاری گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوەو وەرچەرخانی دروستکردووەو بووەتە هۆی دروستبوونی دەوڵەت وچارەسەرکردنی کێشە نەتەوەیەکانیان و وەرگرتنی ماف و ئازادیەکان و فەراهەم بوونی ژیانێکی شکۆمەندانە، ئەگەر نموونەش وەربگرین (مقدۆنیا ، صربیا،کرواتیا، بۆسنە، باشووری سوودان، تەیموری ڕۆژهەڵات) لەونەتەوەو وڵاتانەن لەئەنجامی کارکردن لەسەر

مەزڵـومیەت و ئەو تاوانـانەی دەرهەقیـان کـراوە سـەربـەخۆیان بەدەسـت هێنـاوەو دەوڵەتیـان پـێ دروسـتکردووەو گەشـتوونەتە مافەکانی خۆیـان، گەر هۆڵـۆکۆستیش بەنمـوونە وەربگـرین ئەوە جولەکەکان بەسـتراتیژێکی نەتەوەیی بەهێزو لەڕێگای لـۆبی کردنیـان لەووڵاتـان و بەشـاکارکردن و دۆکۆمێنتکردن و دروسـتکردنی چەنـدین فیلمی بەڵگەیـی و پێکهێنـانی ناوەنـدی نیشـتیمانی و دروسـتکردنی مۆزخـانەی گەورە و پێشـاندانی ئەو تـاوانە بەهەمـوو جیهـان وایـانکرد پرسی هۆڵۆکۆسـت بخزێننە ویژدانی تـاک بەتـاکی دانیشـتوانی گۆی زەوییەو هاوسـۆزی جیهـانیش بەلای خۆیانـدا فـۆرمەلە بـکەن بـۆ بەیاسـاکردن و ناسـاندنی ئەو پرسـە لەڕێی نێـودەوڵەتییەوە، کەدواتـر لەو ڕێگەیەشـەو دروسـتکردنی قەوارەی سـەربەخۆ و وڵاتێکی بەهێزیـان بۆخۆیان بونیادنا، بەڵام بەداخەوە کـورد ئەو دەرفەتـانەی نەقۆسـتووەتەوەو نەیتوانیـوە دەوڵەتـی پـێ دروسـت بکـات بەتـایبەت لەدوای پرۆسـەی ئـازادکردنی عێراقەوە، کە لەلایەن دادگای بـالای عێـراقەوە چەنـد کەیسـێکی ئەو تاوانـانەی بەرامـبەر میللەتـی کـورد کـراوە بەجینۆساید ناسێنراوە، ئەم دانپێدانانەش وەکو شەرعیەتێکی یاسایی دەکرا بکرایەتە دەرفەت و تێـهەڵکێش بەهەوڵەکانیـتر لەو ڕێگـایەوە مـافە بەدەسـت نەهاتووەکـانی کوردی پێ زامـن بکـرایە، بەڵام نەکـرا.! ڕاسـتە کاربەدەسـتانی کـورد هەوڵـیانداوە بەڵام بەپلان و زەمینەسازی تـۆکمە نەبووە بەڵکو بەڕێگەی حیزبی و بژاردەی جیاواز و لاواز و زۆرجارێش لەڕێگەی پەیوەندی کەسی و هەندێ کەناڵی بێ کاریگەر و نافـەرمیەوە بووە، بەڵام هەمـوو ئەمـانە نەیـتوانیوە ڕەوتـی دۆزی کـورد ببـاتە ئاسـتی خـواستەڕەواکانی میللەتـان لەمەحفەلـی نێـودەوڵەتیدا تـاوەکو کیـانێکی دانپێـدانراو لەچوارچێـوی دەوڵەتێکی خـاوەن سـیادەدا بـۆ بخـولقێنێ، چونکـە نـەیتوانیوە لەڕێگەی پێکهێنـانی دەزگـایەکی نیشـتیمانی و نـەتەوەیی بـەهێزی یەگرتـووەوە کـار لـەسەر بەجینۆسـاید ناسـاندنی کەیسـە کۆمەڵکوژییەکانی بکـات، لـەکاتێکدا ووڵاتـانی جیهـان و ڕێکخـراوی

نێونەتەوەیی مامەڵە لەگەڵ دەزگا و دامەزراوەی فەرمیدا دەکات، نەك هەوڵی نافەرمی و کەسی ئەوەی دەبوو بگیرایەتەبەر بۆ راکێشانی رای نێودەوڵەتی و وروژانی لەسەر ئاستی جیهان و بەیاسایی کردنی کەیسەکانی ئەنفال و تاوانەکانیترو پێشاندانی وێنە گەورەکەی ئەو تاوانانە و مەرگەساتەکانیتر بەشێکی بەخاڵ ئەخەینەڕوو:-

١- دامەزراندنی ناوەندێکی بەهێزی ستراتیژی نیشتیمانی بۆ توێژینەوەو دیراسات و لێکۆڵینەوە، تایبەت بەکەیسەکانی کۆمەڵکوژی و تاوانە گەورەکان تا لەو ڕێگەیەوە پەیوەندی بگیردرێت بەدونیای دەرەوە بۆگەیاندنی ئەوجۆرە ڕووداوە کارەستبارانە.

٢- لۆبیکردنی بەهێزو ڕێکخراو لەوڵاتاندا لەڕێگەی ڕەوەندی کوردیەوە بۆ فشار دروست کردن لەسەر رای گشتی و ناوەندە کاریگەرەکان و کاربەدەستانی وڵاتانی زلهێز.

٣- بەدۆکۆمێنتکردنی تاوانەکان لەرێگەی کۆکردنەوەی بەڵگەو زانیاری ووردەوە و پێشاندانی بەکونسوڵخانەو دیپلۆماتکاران و نوێنەری وڵاتان.

٤- دروستکردنی ڕۆمان و شاکاری تێروتەسەل و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانە بیانیەکان تاکو لەو ڕێگەیەوە سەرنجی کۆمپانیا گەورەکانی بواری فیلم و سینەما جیهانییەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێ و کاری لەسەر بکەن و فیلمی لەسەر بەرهەمبهێنن، کە ئەمەش کاریگەرترین بژاردەیە بۆ گەیاندنی خەم و ژانی ئەو تاوانانە بەسەرجەم دانیشتووانی سەر گۆی زەوی.

٥ -گرنگی پێدانی ئەم کارەساتانە لە پرۆگرامی زانکۆکان و خوێندن و سێکتەری پەروەردەدا و دارشتنەوەی بەشێوەیەکی زانستی و وورد لە مەنهەج و کتێبەکاندا.

٦- بەستنی کۆنفراس و سازدانی کۆڕ لە وڵاتانی دەرەوەو کارکردن و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە تایبەتمەندەکان بەپرسی مافی مرۆڤ و تاوانە گەورەکان لەوڵاتاندا بۆراکێشانی سرنج و دروستکردنی هاوسۆزی و گەیاندنی مەزڵومیەتی میللەتی کورد بە هەموو ناوەندە جیهانییەکان.

٧- دروستکردنی مۆزەخانەیەکی نەتەوەیی گەورەو کۆکردنەوەی کەرەستەو کەلوپەل و پاشماوەکانی تاوانەکان و یاداشت و بیرەوەرییەکان و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانەکانی تر بەشێوازێک لەو ئاستەدا بێت، کە تاوان و لێکەوتەو قوربانییەکانی بەرجەستە بکات و گوزارشت لەقەبارە و دڕندەیی تاوانەکان بکات هاوشێوەی مۆنۆمێنت و پێشانگا نێودەوڵەتییەکان.

ئەوەی نووسیومانە تێڕوانینێکی درووستە،کە چۆن بەشێوەیەکی سیستماتیك وەکو پرسێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی لەڕێگای دامەزراوەی فەرمی و شەرعی و یاسایی گەلەوە مامەڵە لەگەڵ دۆسیەی ئەنفالدا بکرایەو هەموو لایەنەکانی بخرایەتەبەر لێکۆڵینەوەو شیکاری تێروتەسەل بۆ ئەوەی ئەم پرسە تەنها لە بازنەیەکدا قەتیس نەکرایە، ئەنفال ببوایەتە خەمێکی گشتی و پرسێکی نەتەوەیی، پێمان وایە ئێستاش دەرفەت ماوە کاربکرێت بە ئاراستەی راستکردنەوەی هەنگاوەکانی بە جیهانیکردنی جینۆسایدی ئەنفال.





پ. د. دارا حەمید محەمەد

# پلانی زمان و ئاڵنگارییەکانی زمانی کوردی
# جینۆسایدی زمان بەنمونە

پێشەکی

پلانی زمان چەمکێکی دووپەلکییە، دەکرێت بە مەبەستی پاراستنی زمان یان بە ئامانجی لاوازکردنی زمانێك یان زیاتر و خستنەژێر هەژموونی زمانێکی ترەوە بێت، ئەوەش سەرچاوەی سەرهەڵدانی ململانێکانی زمانە، هەربۆیە ئەم باسە کە بەناونیشانی(پلانی زمان و ئاڵانکارییەکانی زمانی کوردی جینۆسایدی زمان بەنموونە) هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی پلانی زمان و ڕۆڵی لە پاراستن یان لاوازکردنی زماندا، باسەکە دابەشکراوە بەسەر سێ تەوەردا، لەتەوەری یەکەمدا هەوڵدراوە چەمکی پلانی زمان ڕوونبکرێتەوە و تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ ڕوونکردنەوەی ململانێ زمانەکان و لەتەوەری سێەمیشدا ئاڵانکارییەکان و هەوڵەکان بۆ جینۆسایدکردنی زمانی کوردی چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەیان باسکراوە، لە کۆتایشدا ئەنجامەکان خراونەتەڕوو ئاماژە بۆ ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێوەرگیراوە کراوە

**تەوەری یەکەم : پلانی زمان**

چەمکی زمان بەپێی دید و بۆچوون و میتۆد و تیۆرییەکان لەلایەك و سروشت و باری سیاسی و ئابوری وجوگرافی و کەلتوری کۆمەڵان لەلایەکیتر دەگۆڕێت، لە دیارترین پێناسەکانی زمانیش هۆکاری سەرەکی لێکتێگەیشتن و پەیوەندیکردنی تاکەکانی کۆمەڵە، ئەو پێناسەیە تێڕوانینێکی گشتی ئەرکییە بۆ زمان وەلێ بۆ نمونە بۆ ئێمەی کورد سەرباری ئەرکی سەرەکی زمان، کە پەیوەندیکردنی تاکەکانە ئەوا زمان شوناسی نەتەوەییمانە، ئەم چەمکە سیمای سیاسی هەیە و زیاتر تایبەتە بە نەتەوە بندەستەکان، بۆیە پێویستە ئەو نەتەوانە پلان و ستراتیژی تایبەتیان هەبێت بۆ پاراستنی زمانەکانیان، گەر لەو سۆنگە نەتەوەییەوە بڕوانینە زمان، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە یەکێك لەپایە گرنگەکانی ئاسایشی نەتەوەیی زمانە .

زمان و کۆمەڵ پەیوەندیەکی پتەو وابەستەی کردوون، زمان بنەمایەکی هەرەگرنگی خولقاندنی کۆمەڵگایە، پێچەوانەکەشی ڕاستە، بە بۆچوونی (فندریس) زمان لە باوەشی کۆمەڵدا فەراهەمبووە، زۆربەری تیۆریی و میتۆدەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ داندەنێن بەکاریگەری و پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ . بەم

پێوەندگە دەتوانین بڵێین زمان وەك دیاردەیەکی زیندوو، گۆڕو تینی لە کۆمەڵەوە وەردەگرێت، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بۆنموونە لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکان و سەرەتاییەکاندا زمان سادە و دواکەوتووە، وەك کەمی وشە و زاراوە، پێکهاتە و دەربڕینە هونەرییەکان. لەبەرامبەریشدا زمان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا گەشەی بەرچاو بەخۆوە دەبینێت و پێش دەکەوێت، لەڕووی زۆری وشە و زاراوە و دەربڕینی ئەدەبی و هونەری جوان و باڵا، کە خزمەتی زۆر بەزمان دەکات و زمان زۆرجاریش زمان لە لەناوچوون دەپارێزێت .

ڕۆشنبیری وەك بەشێك و پایەیەکی سەرەکی کەلتوور، کە پێگەی کۆمەڵی لەناو میللەتاندا پێدەستنیشاندەکرێت و دەردەکەوێت، ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە زمانەوە، تێکچڕژانی زمان و ڕۆشنبیری دەگاتە ئاستێك وەك پێوەر بۆ ئاستی مەعریفی و گەشەکردویی کۆمەڵ بەکاردەهێنرێت ، چونکە زمان بەرهەمی گەشەکردنی بیری مرۆڤە و هەر بەزمانیش مرۆڤ بیرەکانی دەگەیەنێت و گەشەیان پێدەدات . بەمەش زمان دەبێتە پارێزەری هەرەبەهێزی کەلتوورو نەتەوە، هەرهەڕەشەیەك بۆسەر زمان، هەڕەشەیە ، بۆسەر کەلتوری نەتەوەکە، تەنانەت خودی نەتەوەکەش .

زمانی ڕەگ و ڕیشەی هەیە . ئەو ڕەگانە بەناخی تاك و مێژوو کەلتوور و خاك و وڵاتدا ڕۆچووە و هەرگیز لێك جیانابنەوە ، هەر بۆیە داگیرکاران هەمیشە سیاسەتی زمان و پلانی زمان بە ئاراستەی لاوازکردنی زمانانی بن دەست دادەڕێژن بە مەبەستی لاوازکردن یان لەناو بردنیان وەك پەنا بردنە بەر لێکدابڕان و لێك جیاکردنەوەی ئەو ڕەگ و ڕیشانە ، کە زمان بەیەکەوەی وابەستەکردوون (بۆئەوەی زمانێك لەناوبدەیت کە ڕیشەی هەبێت ، دەبێت ، پەیوەندی ئەو زمانە بەخودی ڕیشەکانی خۆیەوە لاواز بکەیت. )( بێرنارد کەمرێ و ...٢٠٠٧: ٨٩ ) . نمونەی هەرە زیندووش زمانی کوردییە، کە بەئاشکرا هەوڵی پچڕاندنی پەیوەندی پتەوی زمانی کوردی و کۆمەڵی کوردەوە دەدەن . باشترین ژینگەیەکیش، کە لەبار و گونجاوبێت بۆ کارەکیکردنی پلانی زمان(پۆزەتیڤ بێت یان نێگەتیڤی) ئەوا پەروەردە و ناوەندەکانی خوێندنە، هەربۆیە دەبینین نەیارانی کورد زۆر بەوردی کار لەسەر ئەو ژینگەیە دەکەن و هەموو هەوڵێکیان بۆ دابڕینی

خوێندنی منداڵی کوردە بە زمانی دایکی هەر بۆیە پلانی زمان پێویستییەکی هەرە گرنگی زمانی کوردییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکان، چونکە (پلانی زمان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وابەستەیە بەپلانی پەروەردە و فێرکردنەوە، چوون شوێنی جێبەجێکردنی پلانی زمان بەپلە یەك ناوەندەکانی خوێندن و فێرکردن و پەروەردەکردنە ، لەو ناوەندانەدا دەبێ پلانی زمان جۆری زمانی پەسەند یەکلابکاتەوە و بڕیار لەسەر بەکارهێنانی جۆری زمانی دیاریکراو بدات (احمد بنانی، ٢٠١٢ : ٢٥ )..

پلانی زمان بریتییە لە قۆناغی جێبەجێکردنی سیاسەتی زمان (پلانی زمان بریتییە لەگەڕان بەدوای هۆکاری پێویست بۆ پیادەکردنی سیاسەتی زمانی و چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەو هۆکارانە .(لویس جان کالفی، ٢٠١٢ : ١٥٢ ) ) . پلانی زمان بایەخ بەو کێشانە دەدات، کە دەبنە هۆی دواکەوتن یان گەشەنەکردنی زمان، ئەمەش لەڕێگەی توێژینەوە لەو گرفتانە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیان، بەمەش پلانی زمان دیراسەی پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکات چونکە گرفتەکان زیاتر لەو پەیوەندییەدا بەرجەستەدەبن . چوون بوارەکانی پەروەردە ، فێرکردن، کارگێڕی و بەڕێوەبردن .... تد لەناوکۆمەڵدا پێویستی بە میکانیزمی جێبەجێکردنە، زمانیش میکانیزمی سەرەکی ئەنجامدانیانە، بۆیە پێویستە زمان بەپێی پلانێك بەکاربهێنرێت توانای جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی هەبێت . هەروەها پلانی زمان پێویستە پەیکاڵ بێت لەگەڵ گۆڕانە زانستی و کۆمەلایەتی وسیاسی و ئابوری و تەکنۆلۆژییەکانی سەردەم لە ناوکۆمەڵدا، لەبەرئەوەیە پلانی زمان پێویستییەکە و پرۆسەیەکی بەردەوامیشە .

پلانی زمان سەرباری ئەوەی هۆکارێکە بۆ ڕێکخستنی بەڕێوەبەردنی کاروباری وڵات لەسەرجەم دامودەزگاکاندا ، لەهەمانکاتدا هۆکارێکی سەرەکی پاراستنی یەکێتی و یەکڕیزی نەتەوەیی و نیشتیمانیی و پاراستنی مافی هاووڵاتیبوونە . ( محمد معروف ١٩٨٦: ١٢٤ )

پلانی زمان بەلای (هۆگن)ی ئەمریکاییەوە کردەی نووسین و گەشەپێدانی یان پشتگوێخستنی زمانە لە ناو کۆمەڵی فرەزماندا ( د. عبداللگیف حنی، ٢٠١٢ : ٧٧ ).
ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە پلانی زمان دەکرێت لەپێناو گەشەپێدانی زماندابێ یان بەپێچەوانەوە لەپێناو ڕێگریکردن بێ لەگەشە و پێشکەوتنی زمان بەتایبەتی لە نەتەوە

فرە زمانییەکاندا .( د. دارا حەمید" ٢٠١٥) لەو سۆنگەیەوە گەر بڕوانینە زمانی کوردی دەبینین لە چ دۆخێکی مەترسیداردایە و ئێمەی کوردیش چەند بێباکانە لەو مەسەلە چارەنوسسازە دەڕوانین.

**تەوەری دووەم: ململانێی زمانەکان**

سیاسەتی زمان و پلانی زمان، وەك چۆن هۆکارێکە بۆ پاراستنی زمان بەڵام دەکرێت سەرچاوەی سەرهەڵدانی ململانێی زمانەکان بن، بەتایبەتی گەر سیایەت و پلانی زمان بە مەبەستی بن دەستکردنی زمانێك یان زیاتربوو. ململانێی زمانەکان لە کۆنەوە تا ئەمرۆ، لەوەتەی زمان پەیدابووە و کۆمەڵی مرۆڤایەتی پێکهاتووە، بوونی هەیە، ئەو ململانێیە زۆر جار گەیشتۆتە ئاستێك کە زمانێك یان چەند زمانێك لەناوچوون و مردون یان لەناو زمانیتردا تواونەتەوە، ململانێی زمان شێواز و جۆری هۆکاری زۆری هەن . لەوانە هۆکاری سیاسی، ئایینی ، ئابووری، جوگرافی، کۆمەڵایەتی، زانستیی....تد .

هەندێك لە هۆکارەکانی گۆڕان و گەشەکردن و لاوازبوون و تەنانەت پوکانەوە و لەناوچوونی زمان لە ئەنجامی ململانێی زمانەکانەوە دەبێت، وەك هۆکاری سیاسی (زۆرجار لەئەنجامی ململانێی سیاسی نێوان گروپەکان، یان شەڕ و داگیرکارییەوە زمانان تێکەڵدەبن و کاریگەریان لەسەر یەکتر دەبێت " (**علی عبدالواحد** " ٢٠٠٩ : ٢٤٧ ) . هەندێ جار ململانێی نێوان زمانەکان جا بەهۆکاری سیاسی بێت یان ئاینی یان هەرهۆکارێکیتر دەبێتە مایەی لەناو چوونی زمانێك یان زیاتر، ئەمە لە ململانێ سیاسی و ئاینییەکاندا زیاتر ڕوودەدات چونکە هێزی دەسەڵاتدار و براوە لەو ململانێیانەدا بە هەموو شێوازێك هەوڵی سڕینەوەی زمانانی بن دەستی خۆی دەدات، ئەمە بۆخۆی لەئەمڕۆدا دەچێتە قاڵبی جینۆسایدی زمانەوە . کە بەداخەوە داگیرکارانی کورد بەتەواوی پێڕەوی ئەو سیاسەتە زمانییە دەکەن .

هۆکارەکانی ململانێ و هەڕەشەی سەرزمان هەرچەندە زۆر و جیاوازبن، وەك هۆکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، جوگرافی، ئەدەبی، ڕۆشنبیری، تەکنۆلۆژی، بەڵام دەرئەنجامەکان یەکن، ئەوەش جینۆسایدی زمان و لەناوچوون و لەناوبردنی زمانەکانە، کە ئەمڕۆ لەهەر کات زیاتر تەشەنەیکردووە، و توێژینەوەکان ئەوە

دەخەنەڕوو کە تا نیوەی دووەمی سەدەی بیست و یەك نیوەی زمانانی جیهان لەناو دەچن .

ململانێی نێوان زمانی کوردی و زمانانی عارەبی و فارسی و تورکی لەلایەك و ململانێی نێوان زارەکانی زمانی کوردی لەلایەکیترەوە، ئینجا ئاستی ململانێکە و دەرهاویشتەکانی گەواهی ئەو ڕاستییەن، کە زمانی کوردی هیچ سیاسەت و پلانێکی بۆدانەڕێژراوە کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی پێببەخشێت بەرامبەر بەزمانانی دی، لەبەرامبەریشدا زمانانی دەوروبەری زمانی کوردی زۆر بەوردی سیاسەتی زمان پێڕەودەکەن بەمەبەستی بەهێزکردنی زمانەکەیان و لاوازکردنی زمانی کوردی . بەلاَم خۆشبەختانە پتەوی زمانی کوردی و ڕۆڵی کوردان لەپابەندبوون بەزمانەکەیانەوە، تارادەیەکی باش لە ئاستی ئاڵنگارییەکاندابووە و ململانێی زمانی کوردی و زمانانیتری لەبەرژەوەندی زمانی کوردی یەکلاییکردووەتەوە و زمانانی عارەبی و تورکی فارسی نەیانتوانییوە جێ بەزمانی کوردی لەق بکەن یان جێگرەوەی بن لای کوردان ( ئازاد عزیز ، ٢٠١٤ : ١١٧ )

**تەوەری سێیەم هەوڵەکانی جینۆسایدی زمانی کوردی**

هەوڵەکانی جینۆسایدی زمانی کوردی کۆنە، سیما نوێیەکانی ئەو هەولاَنە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستپێدەکات بە تایبەتی دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دابەشکردنی کوردستان بەسەر هەرچوار ولاَتی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریادا، ئیترقۆناغێکی نوێی پڕ لەمەترسی بۆسەر زمانی کوردی هاتەکایەوە، زمانی کوردی تووشی درندانەترین جۆری جینۆسایدبویەوە، چ بە زەبروزەنگ چ بەیاسا و بەفەرمی ئەم زمانە لەو ولاَتانە قەدەغەکرا یان دژایەتی تەواو دەکرا . بۆ نمونە دۆخی زمانی کوردی لە دەوڵەتی عێراقدا لە دوای دروستبوونییەوە بەمشێوەیە بووە: **(نەریمان خۆشناو"٢٠١٣ : ٢٣٠ )** .

١- لە دوای پەسەندکردنی یەکەم دەستووری عێراق لەساڵی ١٩٢٥ بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بە زمانی کوردی نەکراوە . مادەی ١٧ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زمانی عارەبی زمانی فەرمی ولاَتە بێ ئاماژەکردن بۆ هیچ زمانێکیتر ئەمە بۆخۆی گەورەترین هەڕەشەبوو بۆسەرزمانی کوردی و ئاسایشی زمانی کوردی ئینجا ئاسایشی نەتەوەییمان . " کە وێڕای چەند جار داواکاری نوێنەرانی کورد لەبەغدا بۆ بەفەرمی

ناساندنی زمانی کوردی بەڵام لەماوەی ١٩٢١ تا ١٩٣٠ حکوومەتی بەغدا هیچ هەنگاویکی ئەوتۆی نەنا بەرەو دانان بە زمانی کوردی وەك زمانێکی فەرمی لە عێراقدا (**نەریمان خۆشناو "٢٠١٣ : ٢٣١** ) هەنگاوی یەکەمی جینۆسایدکردنی زمانی کوردی لە عێراق دوای دەوڵەتی عوسمانی لەو دەستوورەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ترسناکترین قۆناغەکان لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم .

٢- دوای ئەوەی کە عێراق لە ساڵی ١٩٣٢ داوایکرد ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان ، داوا لەدەوڵەتی عێراقکرا ، دان بە مافی نەتەوەکانیتری عێراقدا بنێت، لەئەنجامدا عێراق زمانی کوردی بە زمانێکی فەرمی ناساند (**محسن محمد "٢٠٠١ : ١١٨** ) .

٣- لەدوای شۆڕشی ١٩٥٨ لە یەکەم دەستووری کۆماری عێراقدا دانرا بە زمانی کوردیدا و کوردیش وەك نەتەوەیەك بەهاوبەش لە عێراقدا هاتە ناساندن، بەڵام دواتر و دوای کودەتای ١٩٦٣ و دووبارە نووسینەوەی دەستووری عێراق بەهیچ شێوەیەك باسی هەژمارکردنی زمانی کوردی وەك زمانی فەرمی لە عێراقدا نەکرا .

٤- هەرچەندە دوای شۆڕشی تەمووزی ١٩٦٨ و نووسینەوەی دەستوری نوێ کورد لە مافەکانی بێبەشکرا بەڵام سووربونی کورد و حزب و ڕێکخراوەکانی ئەو سەردەمە دەسەڵاتی نوێی عێراقی لە ١٩٦٩ ناچارکرد دانبنێت بە مافەکانی کورد و زمانی کوردیدا و کورد چەند دەسکەوتێکی باشی هەبوو وەك خوێندن بە زمانی کوردی و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ...تد (**نەریمان خۆشناو "٢٠١٣ : ٢٥٥** ) . لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرەتایەکی باش بۆ زمانی کوردی لە باشوری کوردستان لە ساڵی ١٩٦٩ وە دەستپێدەکات بەڵام دواجار هەر سەرانی ئەو شۆڕشە گەورەترین مەترسی و هەڕەشەیان بۆ سەر زمانی کوردی و نەتەوەی کورد دروستکرد، بەتایبەتی لە ساڵانی هەشتا کاندا (بڕوانە بەڵگەنامەکانی ژمارە ٢-٣-٤)

بەپێی دوو بڕیاری حکومەتی بەعس پلانی لەناوبردنی تەواوی زمانی کوردی داڕێژرابوو " پلانەکەش بەشێوەیەك بوو کەسەرەتا دەست بەلاوازکردنی زمانی کوردی بکرێت وەك لەبڕیاری ژمارە (٧١) ی ١٩٨٩/٣/١٨ دا هاتووە هەوڵبدرێت لەنێوان ساڵانی ١٩٨٩-١٩٩٠ ڕێژەی لە ٧٠% ی زمانی کوردی لەناوببرێت و لە ساڵانی ١٩٩٠-١٩٩١

**هەنگاوی یەکەمی جینۆسایدکردنی زمانی کوردی لە عێراقی دوای دەوڵەتی عوسمانی لەو دەستوورەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە ترسناکترین قۆناغەکان لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم**



دیارە ئەو بڕیارانە هەمووی لەپیناو لاوازکردنی زمانی کوردی بووە و هەوڵی دوژمنانبووە بۆ جینۆسایدکردنی زمانی کوردی

یەکێك لەو هەنگاوانەی نەیارانی کورد زۆر بەوردی کاریان لەسەرکردووە، بەکەم زانینی زمانی کوردی و دابڕینی منالآنی کوردە لە زمانەکەیان هەر بۆیە دەبینین لە عێراقدا هاندانی خوێندن بە زمانی عارەبی زۆر بەوردی و بەچەندین شێوە کاری لەسەرکراوە هەروەها ڕاگواستن و دەرکردن و دوورخستنەوەی مامۆستایانی کورد ...تد بەشێك بووە لەو تاوانە وەك لە بەڵگەنامەکانی ژمارە(١-٢ ) دیارە.

بەمەبەستی پاراستنی زمانەکەمان لە جینۆساید و پێویستە ئەم هەنگاوانە بگیرێنەبەر:

١- پێداچوونەوەی ورد بە پرۆگرامەکانی خوێندن و نوێکردنەوەیان بەشێوەیەك لەگەڵ گۆڕانکارییە زانستی و تەکنۆلۆجی کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمدا بگونجێت و چەسپاندنی بیری شانازیکردن بە زمانی کوردییەوە لای خوێندکاران، بەخورتیکردنی خوێندن بە زمانی کوردی لە تەواوی ناوەندەکانی خوێندنی حکومی(پەروەردە و خوێندنی باڵا) و خوێندنی بابەتی زمانی کوردی لە قوتابخانە بیانییەکان لە هەرێمدا . جەختکردنەوە لەسەر خوێندنی بابەتی زمانی کوردی لەو وڵاتانەی ڕەوەندی کوردییان هەیە، وەك مافێکی منداڵانی کورد و ناساندنی زمانی کوردیشە لەو وڵاتانەدا، بێگومان ئەمەش بەمەرجی پێڕەوکردنی شێوازی زانستی لە خوێندن بە زمانی دایك و زمانی بیانی لە وڵاتاندا دەبێت . بۆزیاتر بروانە(**ئەبوبەکر عومەر**"٢٠١٢ : ٣٢٣ ). هەروەها پێویستە خووڵی فێربوونی زمانی کوردی بۆ ئەو بیانییانە بکرێتەوە کە بە مەبەستی خوێندن یان وانەوتنەوە یان نیشتەجێبوون دێنە کوردستان . فێربوونی زمانی کوردی بۆ ئەو بیانیانە بەپێی یاسا ڕێکبخرێت و بە خورتی بێت . لە ئێستاشدا چەند مامۆستایەکی خۆبەخش لە زانکۆی سلێمانی بۆ

ئەو مەبەستە سەرقاڵی دارشتنەوە و دانانی پرۆگرام و شێوازەکانی تاقیکردنەوەی تۆفلن لە زمانی کوردیدا .

٢- پێرەوکردنی سیاسەتی زمان و پلانی زمان و دواتر دانانی یاسای زمان لەبەر رۆشنایی ئەو پلانەدا بەشێوەیەك خزمەت بە زمانی کوردی بکات .**(ئازاد عزیز" ٢٠١٤ : ١٩ )** .هەڵوەشاندنەوەی هەربڕیارێك کە لە دژی زمانی کوردی بێت و بایەخی زیاتر بدرێت بە زمانەکەمان لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵا .

٣- بەستانداردکردنی زمانی کوردی هەنگاوێکی گرنگی پاراستنی زمانەکەمانە لە لەناوچوون و بەهێزبوون و پتەوبوونی زمانی کوردییە لە هەر رووبەڕووبونەوەیەك و دژایەتیکردنێك . بۆ ئەو مەبەستەش توێژینەوەی زیاتر بکرێت لە وشە و لە زاراوە و یاسا سینتاکسییەکانی زارەکانی زمانی کوردی بەمەبەستی سوود لێوەرگرتنیان لە پرۆسەی بە ستانداردکردنی زمانی کوردیدا

٤- بایەخدان بە وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی و لە زمانی کوردیشەوە بۆ زمانانیتر **(ئەمین موتابچی "٢٠١٢ : ٥٤ )** هەروەها وەرگێڕانی کتێب و سەرچاوەی زانستی بۆسەر زمانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی و ئەو سەرچاوانەی کە لە پرۆگرامەکانی خوێندنی باڵا پێویستن بەتایبەتی .

٥- کردنەوەی سەنتەری تایبەت بە خزمەتکردنی زمانی کوردی هاوشێوەی سەنتەرەکانی زمان لە وڵاتانی دراوسێ و هەرێمی و نێودەوڵەتیش ، کە ئەرکیان گەشەپێدان و خزمەتکردنی زمانەکەیانە .

٦- بەخورتیکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە نووسینی تابلۆی رێگاوبان و شوێنکارەکان ....تد چونکە هەموو کاتێك خەڵکی ناوخۆیی و بیانی دەیانبینن و دەیانخوێننەوە .

٧- بە خورتیکردنی دانانی راوێژکار و وردبینی زمانی کوردی لە دەزگاکانی راگەیاندندا، ئەمەش بۆ خۆی وێرایی خزمەتی زیاترە بە زمانی کوردی رەخساندنی هەلی کارە بۆ دەرچوانی بەشەکوردییەکان لە هەمانکاتدا رزگارکردنی راگەیاندن و میدیاکانی

کوردییە بەهەموو جۆر و چەشنەکانییەوە بینراو، بیستراو، نووسراو، لە تەنگەشە و بێبەرنامەیی لە بەکارهێنانی زماندا ..تد

**ئەنجامەکان :**

١- زمانی کوردی بە درێژایی مێژوو تووشی ئاڵنگاری و ڕووبەڕووبوونەوەی زۆر بووە، لە ئەمڕۆدا زمانەکەمان بە هەستیارترین و پڕ مەترسیترین قۆناغیدا تێدەپەڕێت، ئەمەش وا دەخوازێت، کە کورد خاوەنی دیدگای تایبەت بێت لە دۆزی پاراستنی زمانەکەیدا و سیاسەت و پلانی زمانیی تۆکمەی هەبێت .

٢- هەڕەشەکان بۆ سەرزمانی کوردی لەلایەن داگیرکارانەوە بەمەبەستی لاوازکردن و لەناوبردنی زمانەکەمان زۆر جددین، بۆ گەیشتن بەو ئامانجەیان شێوازی جۆراوجۆر هەر لە بەکارهێنانی هێز یان یاسا بەکار دەهێنن . هەربۆیە خزمەتکردنی زیاتری زمانەکەمان و پابەندبوون پێوە لە ماڵ و لە ناوەندەکانی خوێندن و پەروەردە و فێرکردندا پێویستە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پیلانگێڕی دژی زمانەکەمان .

٣- پاراستنی شکۆی زمانی کوردی و قەدەغەکردنی دەرچواندنی هەریاسایەك کە لە شکۆی زمانەکەمان کەمبکاتەوە، ئەم خاڵە بەتایبەتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە . چاندنی بیری خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە زمانی کوردی و شانازیپێوەکردنی لای خوێندکاران .

**سەرچاوەکان:**


١- ئازاد عزیز سلیمان " ٢٠١٤ " <u>ململانێی زمان</u> " نامەی ماستەر " ز. سەلاحەددین " کۆلێژی پەروەردە " هەولێر .

٢- ئەمین موتابچی " ٢٠١٢ " <u>لەپێناو زمانێکی کوردی یەکگرتووی یوختە</u> " ، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کورد .

٣- ئەبوبەکر عومەر "٢٠١٢ " <u>کورداندنی زانستەکان</u> . توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی ،هەولێر .

٤- بیرنارد کەمری و...تد ، ٢٠٠٧ ، <u>زمان</u> ، وەرگێڕانی ، کامیل محمد قەرەداخي ، سلێماني .

٥- تاریق جامباز ٢٠١٢، ، یاسای زمان ناسنامەی نەتەوە دەپارێزێت .. ، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی ،هەولێر .

٦- د. دارا حمید محمد ، ٢٠١٦ ،. زماني كوردي له نێوان سیاسەتی زمان وپلانی زماندا . گۆڤاری زانکۆی سلێماني ژماره ٥٣ ،

٧- د. قەیس کاکل ، ٢٠٠٧ ، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان ، هەولێر.

٨- کامیار سابیر ، ٢٠١٠ ، ئەنسرۆپۆلۆژیای زمانی کوردی " سلێمانی .

٩- لویس جان کالفي، ٢٠١٢ ، شەڕي زمان و سیاسەتی زمانەوانی ، و. بەهادین جەلال ، هەولێر.

١٠- د. محمد زەهاوی و د. دارا حمید" ٢٠١٥ " زمان و بیر " گۆڤاری الاستاد ژ " بەغدا

١١- د. محمد معروف فتاح ، ١٩٩٠، زمانەوانی ، هەولێر.

١٢- د. نەریمان عەبدوڵاخۆشناو ، ٢٠١٣، زمانی ستانداردی کوردی ، هەولێر .

١٣- على عبدالواحد وافي " ٢٠٠٩ " علم اللغة " مصر للطباعة والنشر " اسكندرية

١٤- محسن محمد المتولی "٢٠٠١ " كرد العراق منذ الحرب العالمية الاولى ١٩١٤ حتى سقوط الملكية فى العراق ١٩٥٨. بيروت - لبنان

١٥- د. عبداللطيف حنى و احمد بناني و اخرون ٢٠١٢، ملتقى التخطيط اللغوي ، الجزائر .

## بەڵگەنامەی ژمارە ١



قرارات مجلس قيادة الثورة

رقم القرار : ٦٣٢

تاريخ القرار : ٧/ربيع الاول/١٤١٠ هـ

٧/١٠/١٩٨٩ م

استنادا الى احكام الفقرة ( أ ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور .

قرر مجلس قيادة الثورة ما يلي :-

اولا — لا يعتبر الطالب راسبا في مادة اللغة الكردية في المدارس المشمولة بتدريسها اذا لم يحصل على درجة النجاح المقررة لها .

ثانيا — لا يعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القرار .

ثالثا — يعمل بهذا القرار ابتداء من السنة الدراسية ١٩٨٩ — ١٩٩٠ ، ولوزير التربية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذه .

صدام حسين

رئيس مجلس قيادة الثورة

قية — العدد ٣٢٧٨ ٦٤٥ ١٩٨٩/١٠/٢٣

سەرچاوەی بەڵگەنامە (نەریمان خۆشناو ، ٢٠١٣ : ٥١٠)

## بەڵگەنامەی ژمارە ٢



جمهورية العراق

وزارة الداخلية
الشؤون الامنية

العدد/ ٧٢٤٥
التاريخ/٢/٧/٢٠٠٠م

الى / محافظة التاميم / ل ح
م / تعليمات رقم / ١٤/م/٦٥٤

بناء على ما جاء بتوجيهات ديوان الرئاسة المرقم ٨٤٦٩ في ٧/٦/٢٠٠٠ والمبلغ الينا بكتاب مجلس الوزراء / هيئة التخطيط المرقم ٦٤٢١ / ش ق في ٨/٦/٢٠٠٠.
وبعد دراسة الخطة المسيرة لتطهير مدينة كركوك من العرق الدخيل فقد اصدرنا التعليمات التالية:
أولاً: المباشرة بترحيل المواطنين الغير العرب في الاقضية والنواحي والقرى التابعة لمحافظة التاميم على ضوء التوجيهات اعلاه والاسباب الموجبة لذلك.
ثانياً: يخول المواطنين المشمولين بالترحيل من التوجه الى محافظة الرمادي (الانبار) او المحافظات الشمالية (السليمانية) فقط.
ثالثاً: المرحلون الذين يختارون محافظة الانبار يسمح لهم بنقل جميع اثاث بيتهم وضمنها الاجهزة الكهربائية، ومصادرتها للمتوجهين الى منطقة الحكم الذاتي.
رابعاً: ايقاف ترحيل المواطنين التركمان لاسباب عدم تصحيح قومياتهم وحتى اشعار اخر وبذل الجهود لارغامهم على تغيير قومياتهم.
خامساً: ينفذ التعليمات اعلاه اعتبارا من ١٥/٧/٢٠٠٠.

موقع الفريق الركن
سعدون علوان المصلح
و/ وزارة الداخلية للشؤون الامنية

نسخة منه الى/
١- مجلس الوزراء هيئة التخطيط كتابكم المرقم ٦٤٢١ / ش ق ق ٦/١٨/ ٢٠٠٠.
٢- ش ح س / الوزارة للحفظ
٣- مديرية الامن العامة للعلم والاطلاع

سەرچاوەی بەڵگەنامە (ئازاد عزیز ، ٢٠١٤ : ١٤٨)

## بەڵگەنامەی ژمارە ٣



حزب البعث العربي الاشتراكي

أمة عربية واحدة
ذات رسالة خالدة

سەرچاوەی بەڵگەنامە (نەریمان خۆشناو ٢٠١٣ : ٥٠٩ )

## بەڵگەنامەی ژمارە ٤


(٤)

حزب البعث العربي الاشتراكي
قطر العراق
تنظيمات محافظتي التأميم بالسليمانية

بسم الله الرحمن الرحيم
سري وشخصي

أمة عربية واحدة
ذات رسالة خالدة

١٦٢٤
١٩ شعبان ١٤١٤ هـ
٢١/ ١ /١٩٩٤ م

تعبئة رفاقية

الى / لجنة الشمال ـ السكرتارية
الموضوع : نقل معلمين ومدرسين وموظفين

اولا ـ اعلمتنا قيادة فرع التأميم ان وزارة التربية وجهت كتابها المرقم س/١٦ في ٨/٦/١٩٩٤ المعطوف على كتابكم ٢٩/٢٤ في ١٩٩٤/١/٤ الذي تقرر بموجبه نقل ١٠٦ مدرس ومدرسة و ١٥٩ معلم ومعلمة و ١٥ حضانة و ١٤٦ موظف خدمي (حارس وفراش) الى خارج محافظة التأميم وهؤلاء جميعا من القومية الكردية ، وقد اصدرت الوزارة اعلاه تعليمات بصدد التنفيذ وكما يلي :-

١ . يتم البدء بتنفيذ النقل بالنسبة للموظفين من ديوان المديرية العامة لتربية التأميم بعد العطلة الربيعية .
٢ . معالجة الشواغر الناجمة عن ذلك بالنقل من المحافظات الاخرى .
٣ . يتم البدء بالتنفيذ بالنسبة للمعلمين والمعلمات والمدرسين والمدرسات نهاية العام الدراسي الحالي وخلال فترة التنقلات الاعتيادية وعلى وجبات وحسب اسبقية النقل للعزاب والعازبات ومن ثم المتزوجين .
٤ . يتم سد الشواغر بالنقل من المحافظات الاخرى القريبة .

ثانيا ـ ان قيادة فرع التأميم كانت قد تقدمت بمقترحات بخصوص نقل موظفي الدولة والعاملين في جهاز التربية من الاكراد الذين تم تسفيرهم في حينه بشكل مؤقت من محافظات الحكم الذاتي والنازحين الى التأميم ان تكون مواقع اشغالهم في مدارس القرى والارياف من محافظة التأميم وخاصة العربية منها والى حين تحرير محافظات الحكم الذاتي من العملاء اتباع [illegible] .
كما ورد في مقترحات الفرع اعطاء امتيازات للمعلمين والمدرسين من غير العرب وترغيبهم بالنقل الى خارج محافظة التأميم .

ثالثا ـ مدارس المحافظة تشكو من شواغر مستحصلة حاليا وكالاتي :-
أ . المدرسين (٢٢٧) شاغر وفي حالة نقل الاكراد يصبح العدد (٣٣٣) .
ب . المعلمين (٦٠٢) شاغر في حالة نقل الاكراد يصبح العدد (٨١١) .
ج . الخدميين (٧٠٠) شاغر في حالة نقل الاكراد .
وان هذه الشواغر سوف تؤثر تأثيرا مباشرا على سير العملية التربوية في مدارس المحافظة .

رابعا ـ في حالة تنفيذ عملية النقل من المحتمل ان الاغلبية منهم لا يلتحقون بالتنفيذ لانهم سيتركون وظائفهم ويبقون في المحافظة واحتمال التحاق قسما منهم الى محافظات الحكم الذاتي وهذا يشكل شيء اساسي وعدم وجود ما يلزم هؤلاء بالالتحاق الى وظائفهم المنقولين اليها خاصة سفار الموظفين للظروف الحالية ومسألة السكن .
وان نقل هذه الاعداد من المعلمين والمدرسين والموظفين من جهاز التربية يشكل حالة يمكن ان تستغل من قبل الجهات المعادية لتأجيج مواقف معينة نحن في غنى عنها في المرحلة الحالية ، لقد اقترحت قيادة الفرع تأجيل عملية النقل في الوقت الحاضر .
نؤيد مقترح قيادة الفرع .
راجين التفضل بالاطلاع وما ترونه مناسبا مع التقدير .
ودمتم للنضال .

الرفيق
خضر عبد العزيز الدوري
مسؤول التنظيمات
٢٠/ ٦/ ١٩٩٤

« ٢ ـ ٣ »

سەرچاوەی بەڵگەنامە (ئازاد عزیز ، ٢٠١٤ : ١٤٩ )



پ. د: مەهدی فاتیح عومەر

# ئەنفال و کاردانەوەکانی

کارکردن لە سەر ئەنفال چ وەك پرسێکی سیاسی و چ وەك کەیسێك لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە یان چ وەك پرسێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و... هتد، بێت، بە نووسین بێت یان بە وتاری ڕۆژنامەگەری و کاری مێدیایی، یان بە چالاکیی مەدەنیی و کاری ڕێکخراوەیی و مرۆیی و یاسایی، کۆمەڵێك کاردانەوە و دەرکەوتەی دەبێت، کاردانەوەکانی جۆراوجۆر دەبن و هەندێکیان باش و هەندێکیان خراپ دەبن، هەندێکیان زیان لە پرسەکە و هەستی قوربانیان و مرۆڤدۆستان دەدەن و هەندێکی تریان دەچنە خزمەت کەیسەکە و لە ئازار و زام و کۆژانەکانی قوربانیانی زیندوو و کەسوکار و نەوەکانیان نزیك دەبن، کە لێرەدا بۆ خۆلادان لە دووبارەکردنەوەی باسکردنەوەی ئەوانەی گوتراون بە کورتی لە چەند دانەیەکیان دەدوێین:

## یەکەم: کاردانەوەکانی لە سیاسەتدا:

ئەنفال بە دڵنیاییەوە پرسێکی سیاسیی گرنگە و ڕووداوێکی سیاسییش بووە و ڕووی داوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگ بێت ئەوەیە چۆن ئەو پرسە سیاسییە دەجووڵێنرێت و سیاسەتمەدارەکانی کێن و بە چ میتۆدێکی سیاسیانە کار لەگەڵ ئەنفالدا دەکەن، لە هەموویشی گرنگتر ئەوەیە بە بیانووی کاری ناشیرینی سیاسەتمەدارەکانەوە، ئەم پرسە لە سیاسەت نەخرێت و تەنها نەکرێتە پرسێکی مرۆیی و خێرخوازی و نەکرێتە مەیدانێك تەنها بۆ توێژینەوەی ئەدەبی و دەروونی و ئابووری و... هتد، لە پەیوەندیی ئەنفال و سیاسەت یان کارکردنی ئەنفال لە ناو سیاسەتدا گرنگە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکرێت:

أ- زۆر جار ئەنفال لە ناو سیاسەتدا وەك هۆکارێك بۆ تووڕەیی لێی دەڕوانرێت، ئەمەیش وەك جۆرێك لە کاردانەوەی خراپ لە بەکارهێنانی ئەنفال دادەنرێت، چونکە تووڕەیی سیاسەتێکی کاتی و تێپەڕ و زوو هەڵچوو دەسازێنێت، کە تەنها جۆرێك لە توندڕەوی و ڕق لە ئاست ئەوانی تر (عەرەب، ئایین، حکوومەتی تر و دونیا)دا دروست دەکات، نەك گۆڕانی پرسەکە و ڕاکێشانی بەرەو دۆخی باشتر، تووڕەیی لە سیاسەتی کارکردن بۆ پرسی ئەنفال، واتە بیرنەکردنەوە و قووڵ کار نەکردن لە ناو پرسەکەدا، کە سەرئەنجام بۆ ماوەیەکی زۆر وەك خۆی یان خراپتر لە دۆخی خۆی دەیهێڵێتەوە.

ب- زۆر جار بە ناوی کاری مرۆیی و خێرخوازی و گۆڕینی پرسی ئەنفالکراوان و قوربانییان بۆ بابەتی داواکاریی ژیانی شایستە و خزمەتگوزاری و مووچە و شوێنی ژیان و... هتد، پرسی ئەنفال لە سیاسەت دەخرێت، لە سیاسەتخستنی هەر شتێك خۆی لە خۆیدا سیاسەتێکی ئەو سیاسییانەیە کە خۆیان لە بەرپرسیارێتیی دەدزنەوە و ئەستۆی خۆیان لە هەموو گوناە و تاوانێك پاك دەکەنەوە و پرسەکە بە لاڕێدا دەبەن و هەندێ جاریش بازرگانیی پێوە دەکەن و دۆخێکی وا دروست دەکەن، کە کەس ئارەزوو و ئومێدی بە کارکردن نەبێت تێیدا.

پ- سیاسەت دوو دیوی هەیە، هەم توانای گۆڕینی جیهانی هەیە و هەم توانای هێشتنەوەی، هەم دەتوانێت خراپتری بکات و هەم باشتر، بەکارهێنانی ئەنفال وەك

پرسێکی سیاسی، دەکەوێتەوە سەر سیاسەتمەدارەکانی. ئەوەی دەبینرێت کەمتر لە واقیعی ئەنفالدا سیاسەت باشترکردنی ژیانی قوربانییانی زیندوو و نەوە و کەسوکاریان بووە و بە ئاستەم هەلومەرجی ژیانیانی لە ترس و چاوەڕوانی و کێشەی دەروونی و یاسایی و ئابووری گۆڕیوە، بۆیە دەتوانین بڵێین سیاسەتمەداران پرسی سیاسیی ئەنفالیان بۆ هێشتنەوەی ئازار و مەینەتییەکانی قوربانییان بە کار هێناوە.

ت- بەکارهێنانی پرسی ئەنفال لە ناو سیاسەتدا پێویست بوو بە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتمەدارەکانی دەست پێ بکات، سیاسەت خۆی ڕەخنەی سیاسییە لە سیاسەتمەدارەکانی بۆ دروستکردنی کاریگەرییەکی دیالەکتیکی و گۆڕین و بەرەوپێشچوونی دۆخی سیاسی و ژیانی خەڵك، نەك بوونی پرسێکی سیاسی وەك ئەنفال یان هەر پرسێکی تر بە داردەست و ئامرازی دڵخوازی سیاسەتکردنی خۆیان و چۆنیان بوێت بەو شێوەیە هەڵی بسووڕێنن.

ج- بەکارهێنانی کەیسی سیاسیی ئەنفال لە سەر ئاستی دەرەوە و وڵاتانی جیهان، زیاتر بۆ لە سیاسەتخستنی کەیسەکە بووە ئەویش بەوەی پرسەکە کراوە بە بابەتی مرۆیی و بۆ سەرنجڕاکێشانی ئەوانی تر و جووڵاندنی سۆز و بەزەییان بووە بە لای دۆخی قوربانییان و سەختیی ژیانیان، لە دوا جاردا ئەوەیش بازرگانیکردن بە کەیسەکەی لێ کەوتووەتەوە.






## دووەم: کاردانەوەکانی لە مێدیاکان:

چ لە سەردەمی ڕوودانی پرۆسەی ئەنفال و چ لە سەردەمی دوای پرۆسەی ئەنفالدا، لە مێدیای بیستراو و بینراو و نووسراودا پرۆسەی ئەنفال ڕەنگدانەوە و کاردانەوەی هەبووە. لە سەردەمی ڕوودانی ئەنفالدا یان ڕاستەوخۆ دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەکە لە ڕۆژنامەکانی حکوومەتی عێراقدا باس لەو پرۆسەیە کراوە و شانازیی بە سەرکەوتنەکانی سوپای عێراق لەو پەلامارە کراوە، ڕۆژنامەکانی عێراقی ئەو سەردەمە لەوانە (هاوکاری) کە بە کوردی دەردەچوو، (الثورة)[١]یش بە عەرەبی دەردەچوو، هەر دووکیان چەندین

[١]- ڕۆژنامەی هاوکاری هەفتەی دوو جار بڵاو دەکرایەوە، زمانحاڵی حیزبی بەعس بوو، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی هەینی ٩/١١/١٩٧٠ دەرچووە، لە لاپەڕەی یەکەمدا نووسرابوو ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە، لە لایەن دەزگای گشتیی بڵاوکردنەوە و چاپکردنی کوردی دەردەچێت. هەروەها ڕۆژنامەی (الثورة) ڕۆژنامەیەکی ڕۆژنامەی حیزبی بەعس بوو، یەکەم ژمارەی لە ١٧ی ئابی ١٩٦٨ دەرچوو و هەتا کاتی ڕووخاندنی حیزبی بەعس (٢٠٠٣) بەردەوام بوو.
بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ئەسعەد جەباری، ئەنفال لە مێدیاکانی بەعسدا، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٤٤.

(هەواڵ، ڕاپۆرتە هەواڵ، بروسکە، چاوپێکەوتن، وتار و سەروتار) یان لە سەر پرۆسەکانی ئەنفال بڵاو کردووەتەوە، بروسکە و پیرۆزبایی سەرکەوتنی ئەو شاڵاوانەیان بڵاو کردووەتەوە و چەندین چاوپێکەوتنیان لەگەڵ: جاش، موستەشار، سەربازی عێراقی، سەرکردەی سەربازی، کەسایەتی سیاسی و تەنانەت خەڵکانی ئاساییدا ساز داوە و پەخشیان کردووە و بە شێوەی وەسف و زانیاری و پێداهەڵگوتن باسیان لە پرۆسەی ئەنفال کردووە، بێ گومان بەشێکی ئەم کارە ڕۆژنامەوانییانە لە مێدیای بیستراو و بینراو (ڕادیۆ و تەلەفزیۆن)ی عێراق بڵاو کراونەتەوە، بەڵام مێدیای جیهانی لەو سەردەمەدا پێ ناچێت هیچی لە سەر ئەو پرۆسەیە بڵاو کردبێتەوە، لە بەر ئەوەی ئەو سەردەمە پرۆسەی ئەنفال وەك کەیسێکی تاوان نەگەیشتبووە سەر مێزی هیچ دادگا و ڕاگەیاندنێکی جیهان تا بە شێوەیەك لە شێوەکان باس بکرێت و ڕەنگ بداتەوە، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٩١ و ڕاپەڕینی کوردی باشووری کوردستان و دەرکەوتنی مێدیای نووسراو بیستراو و بینراو هەر زوو پرسی ئەنفال بووە بابەتی ڕۆژنامەوانی و مێدیا، بەڵام ئەم کارە بێجگە لە کێشە لە ڕوانینی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی کورد بۆ پرسی ئەنفال، خودی گرفتەکانی مێدیا و ڕاگەیاندنی کوردی زەمینە و هۆکاری خراپیی دەرکەوتنی پرسی ئەنفال بوون لەم ڕاگەیاندنەدا کە لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ چەند خاڵێك دەکەین:

أ: عەقڵی ڕۆژنامەوانیی کورد، هۆکاری ڕۆژانە و کتوپڕی بۆ دیاردەکان دادەنا و ڕاستییە زوو تێپەڕ و خێرا بینراوەکانی وەك دوا ڕاستی و تەنها هۆکاری حەقیقی پەخش دەکرد، بۆیە بەم شێوەیە پرسی ئەنفالی لە خوێندنەوەی تیۆری و تەئویلی قووڵ دوور خستەوە.

ب : ڕاگەیاندنی کوردی لە ئاست پرۆسەی ئەنفالدا کەمتر یان نزیك لە هیچەوە کاری لە سەر بونیادی سەرهەڵدانی ئەنفال و زەمینەی کەلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو ڕووداوە کرد، سیستم و کۆی فەزای گشتیی نەبینی، تەنها لە ئاستی ژمارەکان و چۆنێتیی ڕووداوەکە و قۆناغەکانی پەلامار و بکەرەکانی و ئەو شتانەی تێیاندا بە کار هات، کاریکرد.

پ: ڕاگەیاندنی کوردی لە ڕێگەی کاری تەقلیدی و زۆر دووبارە و سادە و ڕووکەشانەوە، ئەو سام و ترسەی لە جەوهەری پرۆسەکەدا هەبوون، هێوری کردنەوە، بە هۆی بەردەوام پەخشکردن و کارکردن لە یەك ئاست و خوولانەوە لە یەك بازنەدا و بێ قووڵبوونەوە، کارەسات و تراژیدیاکانی لە شۆك و هەژان خاڵی کردەوە.

ئەمانە و چەندین کەموکوڕیی تر لە مێدیای کوردیدا کە نەیتوانیوە پرسی ئەنفال لە ئاستی ناوخۆ بەرەو سارێژکردنی برینەکان و ناساندنی زەمینەی ڕوودانی بەرێت، لە ئاستی دەرەوەیش نەیتوانیوە ئەم پرسە وەك کەیسی جینۆساید بە دونیای بناسێنێت و سەرنجی دونیای بە لادا ڕابکێشێت، بەڵام مێدیای جیهانی تا لە دوای ڕووخاندنی دەسەڵاتی حیزبی بەعس لە عێراق لە لایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣ و دوای ئەو کاتەی ئەنجوومەنی کاتیی بەڕێوەبەردنی عێراق دروستکرا و ئەم ئەنجوومەنەیش لە ٨ی ئازاری ٢٠٠٤ دا دادگای باڵای تاوانەکانی لە عێراقدا دامەزراند، کە ئەم دادگایە بۆ دادگاییکردنی بەرپرسانی باڵای حیزبی بەعس بە تاوانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و تاوانی جەنگ و کۆمەڵکوژی دامەزرا، تاوانی ئەنفالیش یەکێك بوو لەو دۆسیێانە و بە هۆی ئەم دادگاییکردنەوە پرسی ئەنفال کەوتە بەر چاوی مێدیای جیهانی و لە جیهاندا ئەنفال وەك تاوانێکی گەورە کە حکوومەتی عێراق دژی کورد ئەنجامی دا، بیسترا.

## سێیەم: هەڵوێستی ڕۆژانە:

هەڵوێستی ڕۆژانە بووە بە دیاردەیەکی ڕۆژانە و زۆر کەس و ڕۆشنبیر و سیاسی و خاوەنی پیشەی تر لە ئاست هەموو ڕووداو و پرسەکاندا کردوویانەتە دیفاکتۆیەك و دۆخێکی دەروونی و فشارێکی عەقڵییان دروست کردووە کە هەر دەبێت هەموو کەسێك، بە تایبەت ئەوانەی سیاسیین، یان ڕۆشنبیر و ڕاگەیاندنکار و کەسایەتی دیارن، هەر دەبێت لە سەر ئەو دیاردە و ڕووداوەی لە ئارادایە شتێك بڵێن یان بنووسن و هەڵوێستی خۆیان دەر بخەن، ئەنفال وەك پرسێکی سیاسی کە زەمینەی ڕوودانی

سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و... هتد، بووە و بۆ تێگەیشتن لێی خوێندنەوەی تیۆری و تەئویلی قووڵی دەوێت، بێ گومان هیچ ئەوە نییە، تەنها بە ڕستەیەکی سادە و بێ قووڵایی و تەنها بە وتار و ڕاگەیاندنی بۆچوونێکی ساکار مرۆڤ پاڵی لێ بداتەوە و هەست بە ویژدانێکی ئاسوودە بکات، کە ئەرکی خۆی لە بەرامبەر ئەم پرسەدا بە جێ گەیاندووە و ئەوەی لە سەری بووە کردوویەتی، دەربڕینی هەڵوێست وەك پیشەیەکی ڕۆژانەی زۆر کەس لە ئاست پرسی ئەنفالدا کۆمەڵێك گرفتی هەڵگرتووە، لەوانە:

أ هەڵوێستوەرگرتن و بەردەوام دووبارەبوونەوەی لای ڕۆشنبیر و سیاسی و کەسایەتییە ئەکادیمییەکانی کورد و دەرکەوتنی لە پانتایی ڕاگەیاندن و ناوەندەکانی ترەوە، جێگەی بە چالاکیی فیکری لێژ کردووە و بە جۆرێك خۆی وەك کارێکی مەعریفی و ڕۆشنبیریش ناساندووە.

ب هەڵوێستوەرگرتن زیاتر بۆ ڕەزامەندیی وەرگرتنە لە لایەن ئەوانی ترەوە، واتە فشارێکە دەروونی و دەرەکییە بۆ ئەوەی ئەوانی تر ئەو کەسە پەسەند بکەن، واتە هەڵوێست وەرگرتن جیهانبینییەکی قووڵی لە پشت نییە، گوزارشت لە بیرکردنەوە و ڕامانی گرنگ ناکات.

## چوارەم: دروشم:

دروشم ڕاگەیاندنی جۆری بیرکردنەوەی لایەنێکی دیاریکراوە، پرۆسەیەك نییە کە تاك خۆی پێی هەڵسێت، بەڵکوو بەیانکردنی جۆری ئایدیای لایەن، حیزب، ناوەند، حکوومەت و ڕێکخراو و... هتد، پرسی ئەنفال زۆر جار لە چوارچێوەی دروشمەکاندا دەردەکەون و دەخرێنە ڕستە دروشماوییەکانی گروپ و لایەن و حکوومەت و حیزب و... هتد، ئەو ڕستانە زۆر جار بە شێکی زۆر پرسەکە بەیان دەکەن و کێشەکان دەخەنە بەر دیدە و گوێ، هەندێ جار، داوای دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان دەکەن، داوای هێنانەوەی ڕووفاتی ئەنفالکراوان دەکەن، چاککردنی ژیانی قوربانییانی زیندوویان دەوێت، دەیانەوێت مووچە و شوێنی نیشتەجێبوون بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان دابین بکرێت، هانی ناوەندە بەرپرسەکان دەدەن پرسی ئەنفال وەك کەیسی جینۆساید بە

جیهان بناسرێت، داوای کۆنفرانسی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دەکەن بۆ ئەو مەبەستە، داوا دەکەن گوندەکان ئاوەدان بکرێتەوە، تاوانبار و سەرۆك جاشەکان دادگایی بکرێن و سزا بدرێن، ئەنفال وەك وانەیەکی خوێندن بە منداڵانی کورد بدرێت، لە زانکۆکان بەشی تایبەت بەو پرسە بکرێتەوە، کۆمەڵناسان و دەروونناسان کاری گرنگی لە سەر بکەن، بەردەوام کتێب و توێژینەوەی لە سەر بەرهەم بهێنرێت و بۆ زمانەکانی جیهان وەربگێڕرێن، مۆزەخانە و مۆنۆمێنتی شیاوی بۆ دروست بکرێت، فیلمی سینەمایی لە سەر بەرهەم بهێنرێت و تێکستی ئەدەبیی گەورەی لە بارەوە بنووسرێت، ئەمانە و چەندین دروشمی تر، بەڵام دروشمەکان ئەوانیش کۆمەڵێك کێشەیان هەیە:

أ- دروشم زیاتر لە قسەی بێ کردار دەچێت، ئەوەی بەیان دەکرێت بۆ ئەوانی تر نیشان دەدرێت، واتە لایەنێك، گروپێك، حیزبێك و... هتد، ڕستەیەکی دروشماویی ڕادەگەیەنێت، خۆی وا دێتە بەر چاو کە ئەرکی خۆی بە جێ گەیاندوە و ئەوە ئەوانی ترن کە دەبێت ئەو کارە بکەن، بۆیە دروشم بە زۆری لە ناو ڕستەیەکی بەیانکراودا دەمێنێت و هەر دەگوترێت و دەگوترێتەوە و نابێت بە کردار.

ب- دروشم سیفەتی بێ قووڵبوونەوە و لێپێچینەوەی هەڵگرتووە، تەنها لە ڕووکارێکی سادە و سەرپێییدا ئاماژە بۆ شتێك دەکات و بەدواداچوون ناکات، بۆ نموونە کاتێك لە سەر لافیتەیەك دەنووسرێت: پێویستە تاوانبارانی کەیسی ئەنفال دادگایی بکرێن و سزا بدرێن، خاوەن دروشمان ناپرسن و بە شوێن ئەوەدا ناچن، کێن تاوانباران، لە کام دادگا، دادگایی بکرێن و کێ سزایان بدات.

پ- دروشم ڕۆڵی سادەکردنەوە و ئاساییکردنەوەی کارەسات و تراژیدیاکان دەبینێت و وەك ڕووداوێك کە شۆك و سەرسامی هەڵناگرێت دەخاتە بەر چاوی هەمووان.

ت- هەندێ جار دروشم ڕۆڵی دەبێت لە سواندن و ناوزڕاندنی کەسێك یان پرسێکی گرنگ، لەبەر ئەوەی ئەوانەی ئەو دروشمانە بەرز دەکەنەوە، بە شێوەیەك خۆیان لە بەر چاوی ئەوانی تردا دزێون بۆیە پرسەکەیش دزێو دەکەن و لە بەر چاوی خەڵکی دەخەن.



فەتاح تەنیا

# ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کوردی
# لە ناساندنی دایکانی نەوەی ئەنفالدا



**پێشەکی:**

ڕاگەیاندنەکان وەك ئامرازێك بۆ بڵاو کردنەوەی پرسە گرنگەکان ڕۆڵی گەورە دەبینن، دەبێت هەموو چین و توێژەکان خۆیانی تێدا ببینن لە سەر ئاستی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی.

دایکانی نەوەی ئەنفالیش بە چینێکی بایەخداری کۆمەڵگەی کوردی دادەنرێن، چونکە ژیانیان کردووە بە قوربانی بۆ گەورە کردن و پەروەردەکردنی نەوەکانی ئەنفال کە لە پێناو کوردبووندا گیانیان بەخشی، لەم ڕوانگەیەوە دەبێت ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵی گەورە بگێڕن لە ناساندنی دایکانی نەوەی ئەنفال بە کۆمەڵگەی کوردی.

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە**

لە سەرەتای ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا پێویستە کێشەیەک هەبێت، کێشەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە تاچەند ڕاگەیاندنەکان گرنگییان بە ڕۆڵی و ناساندنی دایکانی نەوەی ئەنفال دەدەن، بۆ ئەوەی ژیانیان بە شکۆمەندی باس بکرێت.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەم دوو خاڵەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

- ئایا ڕاگەیاندنەکان گرنگییان بە ڕۆڵی دایکانی نەوەی ئەنفال داوە؟
- ئایا ڕاگەیاندنەکان تاچەند دایکانی نەوەی ئەنفالیان ناساندووە بە کۆمەڵگەی کوردی؟

**دووەم: گرنگی توێژینەوە**

گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە یەکەم توێژینەوەیە لەسەر دایکانی نەوەی ئەنفال، ئەم توێژینەوەیە گرنگی دەدات بە خستنەڕووی لایەنەکانی ژیانی دایکانی نەوەی ئەنفال، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە پێشتر هیچ جۆرە توێژینەوەیەک لەم بوارەدا ئەنجام نەدراوە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان،

گرنگییەکی تری ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن سوود لەم توێژینەوەیە وەربگرن، ئەم توێژینەوەیە دەچێتە سەر خەرمانی زانست و زانیارییەکان لە هەرێمی کوردستان دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی باوەڕپێکراو.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کوردییە لە ناساندنی دایکانی نەوەی ئەنفال،بەشێوەیەکی گشتی باسی لێوەدەکرێت،هەروەها زاراوەکان شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونی بدا بەدەستەوە لە بەدیهێنانی ئامانجەکاندا ،ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراوی توێژینەوە، دەکرێت لەم دووخاڵەی خوارەوەدا ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە دیاری بکرێن.

١. دەستنشان کردنی لایەنەکانی دایکانی نەوەی ئەنفال لە ڕاگەیاندنەکاندا بەشێوەیەکی گشتی.

٢. ناساندنی دایکانی نەوەی ئەنفال. بە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە.

**چوارەم: میتۆدی توێژینەوە**

میتۆد بریتییە لە چەند چوارچێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی، ئامانجی ئەوەیە تێکستێك شیبکاتەوەو شرۆڤە بکات، واتە "میتۆد بریتییە لە خوێندنەوەی بابەتێك یان تێکستێك بەشێوەیەکی زانستی و سیستماتیك و ڕێکخراو"، ئەمە بۆ ئەوەی هەموو لایەنێکی ئەو تێکستە بە وردی بخوێنرێتەوەو کەشف بکرێت، هەموو ڕەخنەگرێك میتۆدێك یاخود زیاد لە میتۆدێك بەکار دەهێنێت بۆ خوێندنەوەو شیکردنەوەو راڤەکردنی تێکست بەشێوەیەکی زانستی و بەپێی ڕێسایەکی لۆجیکی.

لە کتێبی "سیستمی لۆجیك" دا فەیلەسوفی ئینگلیزی (جۆن ستیوارت میل) لەساڵی ١٨٩٨دا، یەکەم کەس بوو ئەم زاراوەییەی خستەڕوو، واتە -میتۆدی بەکار هێناو

جێگیری کرد، لای ئەم زانایە "میتۆد بریتییە لەو شێوازو ڕێگەیانەی بەهۆیەوە بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێی و ئەو بەڵگانە دەدۆزیتەوە کە بۆچوونەکەت دەسەلمێنن (ئەبراش، ٢٠١٢، ١٦)

لە هەموو توێژینەوەیەکدامیتۆد بووە بە پێداویستییەکی گرنگ، جا ئەو توێژینەوەیە تیۆری بێت یان پراکتیکی، پێداویستیی میتۆد لەهەموو بوارێکی زانستی و مەعریفیدا خۆی دەسەپێنێت و هەوڵ دەدات توێژینەوەکە یاخود کارەکە سیستماتیزە بکات **(فەزوڵلا، ٢٠١٦، ٢٢)**

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی (وەسفی)یە میتۆدی (وەسفی)تێدایە پەیرەو دەکرێت، بەو پێیەی میتۆدی وەسفی پێگەیەکی تایبەتی هەیە لە بوارەکانی زانستەمرۆڤایەتییەکاندا، لەو چوارچێوەیەدا ئەم توێژینەوەیە وەسفی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کوردی لە ناساندنی دایکانی نەوەی ئەنفالدا دەکات، بۆیە لەم توێژەنەوەیەدا میتۆدی (وەسفی) بەکارهێنراوە ، کە ئەویش بریتییە لەو ڕێگەیەی کە توێژەر دەیگرێتە بەر بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەی کە گرفتی توێژەر دەیوروژێنێت.( بۆکانی، ٢٠١٦، ١٣)

**پێنجەم: پێناسەی زاراوەکان**

**پێناسەی ڕۆڵ:** ئەوەیە کە هەر تاکێک لەو ئەرک و مافانەی کە وەک توخمێک لە ڕێکخراوێک یان دامەزراوەیەکدا پێی سپێردراوە ئەنجامی دەدات، وەک چۆن هەر تاکێک لە هەر ڕێکخراوێکدا ڕۆڵی تایبەتی هەیە کە دەبێت ئەنجامی بدات. هەروەها لە پێناسەیەکی تردا ڕۆڵ: کۆمەڵێک لایەنی چالاکی پەیوەندیدار یان چوارچێوەی ڕەفتارییە کە ئەو شتە بەدەست دەهێنن کە لە هەندێک بارودۆخدا چاوەڕوان دەکرێت، ڕۆڵەکان توانای پێشبینیکردنی ڕەفتاری تاکەکەسی لە بارودۆخە جیاوازەکاندا دەگرێتەوە، ڕۆڵەکە بەپێی ئەو ئەرکانە دیاری دەکرێت کە لەلایەن کارەکەوە سەپێنراون یان بە سیستەمی پلەبەندییشە. ( **بهود المدرسه**، ٢٠١٤)

دەتوانرێت ڕۆڵی ڕاگەیاندن وەک نەخشێکی ڕێکخراو لە نۆرمەکان سەبارەت بە ڕەفتاری تاکێک کە ئەرکێکی دیاریکراو لە گروپێکدا ئەنجام دەدات پێناسە بکرێت. لینتۆن ڕۆڵ بە لایەنی دینامیکی پێگە، یان شوێنی تاک لە گروپێکدا پێناسە دەکات، هەروەها ڕۆڵی ڕاگەیاندن بە کارکردنی تاک لە گروپەکەدا پێناسە دەکرێت، یان ئەو ڕۆڵەی کە تاک لە گروپەکەدا دەیگێڕێت، یان پێگەیەکی کۆمەڵایەتی. ڕۆڵگێڕان وەک ناوێکی دیکە بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت. براون دەڵێت: وشەی ڕۆڵ لە شانۆوە وەرگیراوە **(السهلي، ٢٠٢٠، ٣-٤)**.

ڕۆڵ: بریتییە لەکۆمەڵێك چالاکی تایبەت کە لەو چوارچێوەیەدا، دەتوانرێت ئەو ئامانجانە بەرجەستە بکرێن کە هەر بابەتێك دەیەوێت بیهێنێتەدی. لە بوار و ڕەهەندە فکری و زانستییە جۆراوجۆرەکاندا، لەکاتی باسکردن لە ڕۆڵ لەهەر توێژینەوەیەکی زانستیدا مەبەست زانینی ڕادەی ئەو ئەرکەیە کەئەو (کەس یان بابەت)ە دەتوانێت جێبەجێی بکات لەو بوارەی کە توێژینەوەکەی بۆ دەکرێت.( **حسن**، ٢٠١٧، ٢٨)

**پێناسەی ڕاگەیاندن:** ڕاگەیاندن بریتییە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری ڕاست و دروست بە ئامانجی هۆشیار کردنی تاکەکانی کۆمەڵگە و ئاگادارکردنەوەیان لە ڕووداوەکانی دەوروبەریان، ناساندنی چینەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی، ڕاگەیاندن بەگشتی ڕۆڵ و ئامانجی سەرەکی هەیە لەنێو هەر کۆمەڵگەیەك، ڕۆڵ هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی تاك ئامانج لێی بنیاتنانی تاك و دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و تەندروستە.( **سورچی**، ٢٠٢٠)

**پێناسەی دایك:** دایک ئەو مرۆڤەیە نە دوو بارە دەبێتەوە نە پێناسە دەکرێ و نەپاداشت دەدرێتەوە، بۆیە دایک جوانترین و شیرینترین وشەیە وە مەزنترین و بەنرخترین کەسە لە گەردووندا،دایک میهرەبانترین مرۆڤە لەژیان کە بێ بەرامبەر و خۆشەویستی و سۆزمان پێدەبەخشێت دایک سومبولی ژیانە هێمایی خۆش ویستن و

بەخشین و قوربانی و لانکەی ژیانە. **(جمال، ٢٠٢١)**هەر چەندە پێناسەی دایک بکەین لە رووی بەخشندەییەوە، هێشتا کەمە. دەیان پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، لە ئایینە جیاوازەکان و ئەفسانەکان و کۆمەڵگەی مەدەنیدا، هەموویان کۆکن لەسەر گرنگیی رۆڵی دایک و بەخشندەیی. **(عوسمان ، ٢٠٢١)**

**پێناسەی دایکانی نەوەی ئەنفال:** ئەو دایکانەن کە دوای پرۆسەی تاوانەکانی ئەنفال هەستان بە بەخێوکردنی نەوەکانی ئەنفال و گەورەکردنیان بە شێوەیەکی رێك و پێك و پێشکەش کردنیان بە کۆمەڵگەی کوردی، هەروەها دایکانی نەوەی ئەنفال: ئەو دایکانەن کە بە شکۆمەندییەوە توانییان رووبەڕووی هەموو نەهامەتییەکانی ژیان ببنەوە و نەوەکانیان پێبگەیەنن، بە شێوەیەکی زۆر جوان.

**پێناسەی ئەنفال:** ئەنفال ئەو ناوەبوو کە بە زنجیرەیەک هێرش و پەلاماری نەخشە بۆ کێشراوی سەربازی ئەنجامدرا، سەرجەمیان هەشت پەلامار بوون لە شەش ناوچەی جوگرافیای جیاواز بەڕێوەچوون، لە نێوان مانگی شووبات و سەرەتایی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٨ی.ز دا، ئەنفال بە هەموو شێوەکانی گرتن و ڕاگواستن و کوشتن و تالانکردن و بەعەرەبکردن، بەڵام ئەمەی کە لە ساڵی ١٩٨٨ی.ز بەناوی ئەنفال بەرامبەر گەلی کوردستان ئەنجامدرا، شێوەیەکی تایبەتی وەرگرت، لە درندایەتی و قڕکردندا، کە دەتوانین بە جۆرێکی ترسناکی (جینۆساید) لەم سەردەمەدا بە مرۆڤایەتی بناسێنین، هێرشەکانی ئەنفال بە یەکێک لە قێزەونترین و زەقترین دیاردەکانی پێشلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن رژێمی عێراقی دەستکردەوە دادەنرێت، کە پەلامارە سەربازییەکان ڕاستەوخۆ لادێیەکان و چەند شارۆچکەیەکی کوردستانیان بە تەواوەتی وێرانکرد و ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانە بێتاوانەکەیان بۆ چەند شوینێکی تایبەت ڕاگواستەوە، بۆ بیابانەکانی رۆژئاوای عێراقی دەستکردی داگیرکەر، بۆ نزیک سنووری عێراق-

سعوودیە، کە زۆربەی هەرە زۆریان لەم ناوچایەدا زیندەبەچاڵ و گولەباران کران و ماڵ و سامانیشیان وەک دەستکەوتی شەڕ بە تاڵان بردرا.( ووچ، ٢٠٠٤، ١٢٩ – ١٧٩)

**بەشی دووەم: چەمك و پێناسەی دایك و دایكانی نەوەی ئەنفال كێیە؟**

**یەکەم: چەمك و پێناسەی دایك لە دیدگای زانایان و فەیلەسوفەکاندا:**

**چەمکی و پێناسەی** دایک ئەو ژنەیە کە ڕۆڵێک بەجێدەگەیەنێت کە تێیدا پەیوەندی دایکایەتی لەگەڵ منداڵەکانیدا جێبەجێ دەکات، دایک یەکەمین مامۆستایە کەبە جوانترین شێوە ئامۆژگاریمان دەکات و خەمخۆری خەمەکانمانە و پاڵپشتە لە تەنگانە و دڵنەوایکەرمانە لەناخۆشیدا و کەسە لەبێکەسیدا، دایک یەکێکە لە شاکارە جوانەکانی خودا لەسەر زەوی کە هەرگیز دووبارە نابێتەوە ئەویش تەنها و تەنها دایکە، دایک ئەو فریشتەیە هەناسەیەکە بۆ ژیان تەنها لە باوەشی ئەودا هەست بە هیوا و ئارامی دەکەیت، چونکە هەر ئەو بوو لەخۆشی و ناخۆشی پشت و پەنا بوو لە نەخۆش کەوتن دەرمان بوو بۆیە دایک خۆرێکی میهرەبانە لەئاسمانی ژیان.

هەر لەم بارەیەوە سەبارەت بە دایك (**پێغەمبەر محمد(د.خ) دەفەرموویت**: ( **دایکت، پاشان دایکت، پاشان دایکت**)، سەبارەت بە دایك (مامۆستا محمد ملا فایەق) دەڵێت: دایك ئەو کەسەیە لەپێناو کۆرپەکەی گرنگی بە هیچ مەترسیەك نادات، تەنانەت ئەگەر خستنە ناو ئاگریش بێت( ٢٤/٨/٢٠١٩)

(ویلیام شێکسپیر)( ١٥٦٤- ١٦١٦)شانۆنووسێکی ئینگلیزی بوو، دەڵێت:لە جیهاندا، سەرینێک نییە کە لە باوەشی دایک نەرمتربێت،(جوبران خەلیل جوبران)( ١٨٨٣ - ١٩٣١) لە جیهانی عەرەبیدا وەکوو شۆڕشگێڕێکی سیاسی و ئەدەبی دەناسرێت، سەبارەت بەدایك دەڵێت: دایک هەموو شتێکە لە ژیاندا، دڵدەرەوەیە لە ماتەمینیدا، هیوایە لە بێ ئومێدیدا،هێزە لە لاوازیدا، لەم ڕوانگەیەوە (ماری هۆبکنز) دەڵێت: دایکایەتی گەورەترین بەخشینە کە خوا ژنانی پێ تایبەتکردووە،(سوقرات) فەیلەسوف

و بیرمەندی یۆنانی لەم بارەیەوە دەڵێت: هەرگیز هەست بە دڵنیایی ناکەم، ئەو کاتە نەبێت کە لە باوەشی دایکم دام، زۆرێك لە زاناکان وشەی کاریگەریان بۆ گەورەیی دایك نووسیوە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە (ئەدیسۆن) دەڵێت: دایکم دروستی کردم، (ئابراهام لینکۆڵن) شازەهەمین سەرۆکی ئەمریکا دەڵێت: هەموو ئەو شتانەی کە من پێیان گەیشتووم .. ئەو پایە بەرزییەش کە هیواداری ئەوەم پێی بگەم .. هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ دایکی پەریزادم،**(عوسمان، ٢٠١٣، ٤١)** هەر لە بارەی دایکەوە(جاك رۆسۆ) (١٧١٢–١٧٧٨) زاناو فەیلەسوفی سویسری، لەم ڕوانگەیەوە دەڵێت: ئەگەر جیهان لە چنگێکدا بوایە، دایکم لە چنگەکەی تریدا، دایکم هەڵدەبژارد، (ئەلێکسی مەکسیمۆڤیچ پێشکۆڤ (١٨٦٨ –١٩٣٦) ناسراو بە مەکسیم گۆرکی) خاوەنی ڕۆمانی دایك لەم بارەیەوە دەڵێت: با سەر بۆ گەورەیی ئافرەت دانەوێنین ، ئافرەتە کە موسا و عیسا و محەمەدی خستۆتەوە، هەر ئەویشە کە گەورە پیاوانی دێنێتە دنیاوە .. جیهان بە هەرچییەکەوەبنازێت .. لە دایکەوەیە (ئەحمەد شەوقی)( ١٨٦٨ - ١٩٣٢) شاعیر و شانۆنووسێکی عەرەبی میسری بووە، سەبارەت بەدایك دەڵێت: دایک قوتابخانەیەکە، گەر ئامادەت کرد .. گەلێکی ڕەسەن دێنێتە کایەوە، (جەمیل سدقی زەهاوی)( ١٨٦٣ – ١٩٣٦) فەیلەسوف و شاعیری کورد. دەڵێت: ڕۆڵەکانی هیچ نەتەوەیەک پێش ناکەوێت .. ئەگەر دایکانیان پێشکەوتوو نەبن شاعیران و بیرمەندان هەمیشە پڕن لە وشەی زێڕین (لەتیف هەڵمەت) لەم بەیتە شیعریەدا دەڵێت: ئەی دایە چەند جوانی ئەی دایە ..... بەتۆوە ڕووناکە ئەم هەموو دنیایە**(شوان، ٢٠١٤)**

**دایکانی نەوەی ئەنفال: ئەو دایکانەن کە بە شـــکۆمەندییەوە توانییـــان ڕووبەڕووی هەموو نەهامەتییەکانی ژیان ببنەوە**



**دووەم: دایکانی نەوەی ئەنفال کێن؟**

ئەو دایکانەن کە نەوەکانی دوای پرۆسەی جینۆسایدی ئەنفالیان پێگەیاند، بوون بە داینەمۆیەك بۆ ئەوەی نەوەکان بە ئاکامەکانی خۆیان بگەن و ببن بە کەسایەتی لێهاتوو بۆ نیشتمان، دایکانی نەوەی ئەنفال، پێکدێن لەو دایکە شکۆمەندانەی کە تاجی بەخێوکردن و پەروەردەکردنیان گرتە ئەستۆ لە پێناو پێگەیاندنی نەوەکانی ئەنفال، سەرەڕای سەختییەکانی ژیان.

دایکانی نەوەی ئەنفال ئەرکی گەورەیان خستە ئەستۆی خۆیان، بۆ ڕووبەڕووی دۆخە نەخوازراوەکان. لە دوای پرۆسەی ئەنفال کە لەسەر کوردبوون بە سەر نەتەوەکەماندا هات، سەرەڕای ئەوەی دایکانی نەوەی ئەنفال بە گەورەیی مانەوە درێژەیان بە ژیاندا بۆ ئەوەی نەوەیەك پێبگەیەنن تێبگات لە نەهامەتییەکان و خۆڕاگربن بەرامبەر بە ژیان.

**بەشی سێیەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ناساندنی دایکانی نەوەی ئەنفالدا**

**یەکەم: ڕۆڵی دایکانی نەوەی ئەنفال لە بواری دەروونی و پەروەردەدا**

دەکرێت ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵی گەورەی دایکانی نەوەی ئەنفال وێنا بکەن و بناسێنن، بۆ تەواوی کۆمەڵگەی کوردی، چونکە توانییان بە سەر هەموو کۆسپەکاندا زاڵ بن و نەوەیەکی تەندروست پێبگەیەنن لە ڕووی پەروەردەوە و پێشکەشی کۆمەڵگەی بکەن، دەکرێت دایکانی نەوەی ئەنفال بکرێن بە هێما و خەڵکی چاویان لێ بکات و بایەخیان پێ بدرێت، ڕۆڵی دایک لە پەروەردەکردنی منداڵدا هاوتەریبە لەگەڵ پێکهاتەی جەستەیی و دەروونی دایک لەگەڵ پەروەردەکردنی منداڵەکان، دەست پێدەکات لە گرنگیدان بە پێداویستییەکانیان تا پێدانی هەستی خۆشەویستی و ناسکییان پێدەبەخشێت کە دڵخۆشی و هەستکردن بە ئاسایشیان پێدەبەخشێت. هەروەها دایک پشتگیری لە گەشەکردنی جەستەیی و دەروونی منداڵەکانی دەکات.

پەیوەندییەکی سۆزداری زۆر بەهێز لە نێوان دایک و منداڵەکانیدا هەیە، ئەو یەکەم کەسە پێش هەموو کەسێک هەستیان پێدەکات و درک بە پێداویستییەکانیان دەکات، هەروەها دایکەکە بە پێی دەستووری ژنانەی خۆی سەرنجی لەسەر پەیوەندی زارەکی لەگەڵ منداڵەکانیدایە، ئەمەش وای لێدەکات ئەم جۆرە پەیوەندییە بە باشتر بزانێت، ئەمەش پەیوەندی نێوانیان بەهێزتر دەکات و بەرپرسیار دەکات لە روانگەی ئەوان بۆ دیسیپلین لەماڵەوە و پێناسەکردنی یاساکانی رەفتار، وەک چۆن دایکەکە پێویستییەکانی خۆی دەکاتە قوربانی کەسایەتی بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی منداڵەکانی، دایکانی نەوەی ئەنفال منداڵەکانیان فێری شکۆمەندی کرد لە رووی دەروونی و پەروەردەییەوە.

دایکانی نەوەی ئەنفال توانیان بەدابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست کە پاڵپشتی گەشەی منداڵان بکات و پەرە بە لێهاتووییەکانیان بدات.

(دەرکەوتووە دایکەکان لەیەکترەوە فێری چۆنیەتی پەروەردە و چارەسەری کێشەی خۆیان و منداڵەکانیان دەبن) **(عوسمان ، ٢٠٢١)**

**دووەم: رۆڵی دایکانی نەوەی ئەنفال لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا**

ئەو رۆڵە کۆمەڵایەتییانەی پەیوەندیدارن بە دایکایەتییەوە بەپێی کات، کولتوور، و چینە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێن. لە رابردوو، رۆڵی ژنان سنووردار بوو، ئەوان زۆرتر ئەرکی دایکایەتی و هاوسەرێتیان بەجێ دەهێنا، و زۆرترین کاتیان لە ئاگاداربوون و رێکخستنی ماڵ بەسەردەبرد. لە زۆر کولتوور و کۆمەڵگە، ژنان یارمەتی لە ژنانی بەتەمەنەوە وەردەگرن، وەک دایکیان یان خەسوویان لە راپەڕاندنی فرمان و کارەکانیان.

سەبارەت بە ژنان لە هێزی کار، دایکان ناچاردەبن کە کارێک بکەن کە کاتی زۆریان لێ نەبات، زۆرینەیان ناتوانن ببنە ژنی کار، واتە ژنێک کە کاتێکی زۆر بەسەربەرێت لەپێناو

پیشەکەی. بەشێکی ژنانیش ژیانیان وەک ژنی ماڵ بەسەردەبەن و کاری دەرەوەیان نییە.
لە چەند دەیەی دواییدا ژمارەی ئەو باوکانەش زیادی کردووە کە لە ماڵەوە دەمێننەوە و لەبەر بێئیشی لەجیاتی دایکی مناڵەکان چاودێری مناڵەکان دەکەن، ڕوانینی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم بابەتە بەپێی کولتوورەکان جیاوازە، لە ڕۆژاوا زۆرینەی ژنان لەپاڵ مێردەکانیان کار دەکەن، بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات زۆرینەی دایکان کاری دەرەوەیان نییە و ژنی ماڵەوەن، و باوکانیش ئەرکی پەیداکردنی بژێویان لەئەستۆیە.
هەروەها (دایکێک کار بکات، باشتر بایەخی پلەی زانستیی دەزانێ بۆ بەدەستهێنانی کاری باش و هانی منداڵەکانی لەو بوارەدا زیاتر دەدات) **(عوسمان ، ٢٠٢١)**

**دەرئەنجام**

هەمــوو تــوێژینەوەیەك دوای تەواو بــوونی بە کۆمەڵێــك ئەنجــام دەگــات، ئەم توێژینەوەیەش بەم ئەنجامانەی لای خوارەوە گەیشتووە:

- ڕۆڵی ڕاگەیانـدنی کـوردی لە ئاسـت شـکۆمەندی دایکـانی نەوەی ئەنفالـدا ڕۆڵێکی ئەوتۆنەبووە، نەیتوانیوە ئازایەتییەکانی دایکانی نەوەی ئەنفال پیشـانی کۆمەڵگەی کوردی بدات.
- ڕاگەیاندنی کوردی کاری لەسەر لایەنەجۆراوجۆرەکانی ژیانی دایکانی نەوەی ئەنفال نەکــردووە، کەچــۆن بە گــژ هەمــوو ئەو نــادادییەدا چــوونەتەوە و بەرگەی ئازارەکانیان گرتووە.
- ڕاگەیاندنی کوردی دایکانی نەوەی ئەنفالی نەکردووە بەسەرمەشقی پەروەردەیەکی جوان لە کوردستاندا.

**دەکرێت ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵی گەورەی دایکانی نەوەی ئەنفال وێنا بکەن و بیناسێنن، بۆ تەواوی کۆمەڵگەی کوردی**



**سەرچاوەکان**

١. حوسێن نزار فەزوڵڵا، پوختەیەك لە ڕێبازی توێژینەوە، وەرگێڕانی: پ.ی.د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر،٢٠١٦.
٢. سابیر بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٦.
٣. کارزان نوری عوسمان، جوانترین وتە، چاپی نۆیەم، هەولێر، ٢٠١٣.
٤. میدڵ ئیست ووچ، جینۆسایدلە عێراقدا.. پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە؛ محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٥. ئیبراهیم ئەبراش، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، هەنگاوەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.
٦. ئاشتی حەمە ساڵح حسێن حسن، ڕۆڵ و گرنگی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری، لەڕۆژنامەوانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٢) مانگی نیسانی ٢٠١٧.
٧. مامۆستا محمد ملا فایەق، وتار، ٢٤/٨/٢٠١٩.
٨. أفراح السهلي، الأدوار الاجتماعية،مجلة الاجتماعية، عدد(١٥)١٥/٣/٢٠٢٠.
٩. ڕەزا شوان، دایک لە گۆشەنیگای ناودارانەوە، ماڵپەڕی پام نیوز. ١٤-٢٠-٢-١٣.
https://pmnews.se/?p=٣٠٣٨٥
١٠. هەژار سورچی، کاریگەری ڕاگەیاندن لەسەر تاك و کۆمەڵگا بەگشتی، ماڵپەڕی سەنتەری میترۆ، ٣/١١/٢٠٢٠ https://www.metroo.org
١١. علی جمال، دایک ژیانە، ماڵپەڕی ناوەندی ڕەوەندی کوردستانی، ١٤/٠٧/٢٠٢١.
https://kurdishdc.org/ku/birora//٢٢٧٤
١٢. نەرمین عوسمان، دایک، لەنێوان ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردندا،ماڵپەڕی مەودامیدیا، ١٨/٠٣/٢٠٢١
https://mewdamedia.com/articles/١٤٧٣٥
١٣. الوقع: بهود المدرسه،٢٨ مارس ٢٠١٤تعريف الدور
http://bohoutmadrassia.blogspot.com/٢٠١٤



سالار مەحمود

# دادگای باڵای تاوانەکان بۆ دۆسیەکانی جینۆساید چۆن پێك هات

تاوانەکانی بەعس لە عیراق لە ١٩٦٨ بۆ ٢٠٠٣ تاوانی مەترسیداری نێودەوڵەتی بوون. دەرخستی راستی و دروستی ئەو تاوانانەو گەڕان و پشکنین بەدوای دیوە شاراوەو نەزانراوەکانی تاوانەکاندا ئەرکێکی یاسایی بوو.

لێکەوتەی تاوانەکان و قوربانی و مەترسیەکانی تاوانەکان وایکرد بۆ چارەسەر بەدوای رێکاری دادگاییدا گەڕان هەبێ، بەو مانایەی تاوانەکان زیادەڕەوی بوون بەسەر بەرژەوەندی یاساو بەرژەوەندی گشتی و هەروها ئەو بەرژەوەندیانەی کە یاسای نێودەوڵەتی پارێزگاریان لێ دەکات.

دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، دەستەیەکی دادوەری عیراقی بوو، بەرپرسیارێتی گەڕان و پشکنینی یاسای بوو لەسەر ئەو تاوانانەی لەماوەی حکومڕانی رژێمی بەعس لە عیراق روویاندا.

وەک چۆن پاڵنەری پشت دەرچوونی هەر یاسایەک پارێزگاریە لە بەرژەوەندی گشتی و بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی گشتییە. یاسای دادگای باڵای تاوانەکان لە عیراق دەرکرد بۆ ئاشکراکردنی تاوانەکانی ٣٥ ساڵ حوکمی دیکتاتۆری لە عیراق .

وەک چۆن هەر یاسایەک هۆکاری دەرچوونی (الأسباب الموجبة) هەیە، ئەم یاسایەش لەهۆکارە پێویستییەکەیدا هاتوە. بۆ دانانی بنەمایەکی یاسایی و سزایی و بەرامبەر

ئەنجامدەرانی تاوانەکان لە دادگایەکی دادپەروەرانە، بەتایبەتی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ. لەبەر ئەوەی دادوەرانی عیراق توانای یاسایی و ئەزمونیان هەیە عەدالەت لەم دادگایە بچەسپێنن و دادگاییەکە بەڕێوەبەرن. ئەم یاسایە دەرچوێنراوە.

بنەمای یاسایی بۆ دانانی مەحکەمەکە ئەگەڕێتەوە بۆ پێویستی جێبەجێکردنی پرەنسیپ و ڕێکارەکانی دادوەری راگوزەر ( العدالە الانتقالیة). چەمکی دادوەری راگوزەر پەیوەستە بە قۆناغی راگوزەری سیاسی و حوکمڕانی بۆ سڕینەوەی ئاسەواری تاوانەکانی رژێمی ستەمکاری پێشوو. لە عیراق ئەو دادگایە دانرا هاوشێوەی وڵاتانی وەک یوگسلافیاو رواندا و سیرالیۆن و کۆسۆڤۆو تەیموری خۆرهەڵات. لە بەشێک لەو وڵاتانە بەهاوکاری راستەوخۆی نەتەوە یەکگرتووەکان دادگاییەکەو پرۆسەی دادوەری راگوزەر ئەنجام درا. بەڵام لە عیراقدا ئەمە نەکرا لە دواتردا ئەم مەسەلەیە روون دەکەمەوە.

لەعیراق دادگای تاوانەکانی عیراق تایبەت بەتاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی دامەزرا بەپشت بەستن بە یاسای ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٣ی ئەنجوومەنی حوکم. ئەوەش بوو بە بڕیاری ژمارە ٤٨ لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٣ لەلایەن پۆلبرێمەر حاکمی کاتی لەعیراق.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئامانجە سەرەکییەکانی بەدیهێنانی عەدالەتی راگوزەر ئاماژە پێ بکەین لە چوارچێوەی ئەو دادگایەو یاسای دادگای باڵای تاوانەکان لە عیراق ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥، کە لەم چوار خاڵەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:-

یەکەم: گەیشتن بە راستی:

ئەرکی دادگاکە هەوڵدانە بۆ دیکۆمێنتکردنی هەموو رووداوە تراژیدیەکان لە عیراق لە رێگەی لێکۆڵینەوە لە تۆمەتباران و وەرگرتنی وتەی شایەتحاڵ و سکاڵاکارەکان. دەرخستن و پیشاندانی راستییەکان لە ماوەی رووداونی تاوانەکان. چونکە گەڕان بە دوای راستیەکانداو دیکۆمێنتکردنی یەکێکە لە گرنگترین ئامانجەکانی پرۆسەی دادوەری راگوزەر. ئەمەش ئەبێتە بنەمای بەهێزکردنی رۆڵی دادگاو یاساو دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی.

دووەم: دادپەروەری بۆ قوربانییەکان و تۆمەتبارەکان

لەسەر دادگا پێویستە لە چوارچێوەی ئامانجەکانیدا زەمانەتی مافی تۆمەت بارانیش بکات. ئەم پرۆسە ئەچێتە چوارچێوەی عەدالەتی سەرکەوتووەکان بەسەر ئەوانی تردا. لەهەمان کاتدا ئەرکی دادگایە هەموو مافێکی قوربانی دابین بکات لە سکالاو شایەتیدان و ڕەخساندنی کەشی ئازاد بۆ هەردوو لا وەک یەک لە چوارچێوەیەکی دادپەروەرانەدا. ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ ماتنە ئارای ئاشتەوایی نیشتمانی لە نێوان پێکهاتەکانی وڵاتدا.

سێیەم: دوبارە نەبونەوەی تاوانی هاوشێوەو دروستکردنی ڕەدع

سەرەکیترین ئامانج لە پێکهێنانی دادگای باڵای تاوانەکان بۆ ڕێگریکردنەوە لە دوبارە بوونەوەی تاوانەکان و دروستکردنی دیوار و ڕەدع .

چوارەم: ئاوێتە کردنی بنەما یاساییەکانی یاسای نێودەوڵەتی و یاسای نیشتمانی

یەکێک لە گرنگترین ڕێکارە یاساییەکانی دادگای باڵای تاوانەکان ئاوێتەکردنی بنەما یاساییەکانی یاسای نێودەوڵەتی و یاسای سزادانی نیشتمانی بوو.

ئەو یاسایەی دادگاکەی لەسەر دروست کراوە پشت ئەستورە بەبنەمای یاسای نێودەوڵەتی و یاسای نیشتمانی ئەمەش یارمەتیدەری زیاترە بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ. ئەم دادگایە لەسەر ئەو دوو کۆڵەکەیە ڕۆڵی کاریگەرتر دەردەکەوێت.

ئەنجام دادگای باڵای تاوانەکان پێکهات

بەپێی تایبەتمەندی بابەتی دادگاکەو بە پشت بەستن بە مادەی یەکەمی یاسای ژمارە ١٠ ساڵی ٢٠٠٥ دادگاکە لێکۆڵینەوە دەکات لەم تاوانانەی خوارەوە

١. تاوانی کۆمەڵکوژی جینۆساید.
٢. تاوانی دژی مرۆڤایەتی.
٣. تاوانی جەنگ.
٤. تاوانی پێشێلکردنی یاساکانی عێراق.

بۆ گەڕانەوەی ماف بۆ مافخوراوان و قوربانیان و سزادانی تاوانبارانی تاوانی مەترسیداری نێودەوڵەتی. لەوێشەوە چەسپاندنی سەقامگیری سیاسی و پێدانی

شـەرعیەت بە حـوکمڕانی دوای بەعـس و پیشـاندانی تراژیـدیاکانی رابـردوو گەیشـتن بە ئاشتەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراق.

دادگای بـاڵای تاوانەکـانی عێـراق بـۆ ئەو مەبەسـتانەی ئامـاژی پێکـرا پێکهـات. بەڵام بەداخەوە نە ئامانجەکان بەدیهاتن. نە بڕیارەکانی دادگا لە دۆسیەی ئەنفال جێبەجێ کـران. نە بڕیـاری دادگا لە دۆسـییەی کیمیابـارانی هەڵەبـجە کارپێکرا. نە دۆسـییەکانی تری وەک فەیلی و بارزانییەکان و راگواستنیش کارپێکرا.




عەدنان مەلا ساڵح

ماستەر لەیاسای گشتی /دادنووسی یەکەمی ڕزگاری


# تاوانی ئەنفال
# لە تەرازووی یاسای نێودەوڵەتان



چەمکی تاوان لە یاسادا پێناسەی جۆربەجۆری بۆکراوە، دەتوانین بلێین تاوان لە زانستی یاسادا بریتیە لە هەستان بە کردەوەیەك(قیام بالفعل)ی تاوانکاری ، یاخود نەکردنی کارێکە (الامتناع عن الفعل )کە یاسا پێویستی کردووە لەسەر کەسێك یان زیاتر لەکەسێك وەك ئەرکی سەرشانیان ئەنجامی بدەن، ئەم کردەیە دەکرێت کەسێك یان زیاتر بەنیەتی زیان گەیاندن بە بەرامبەر ئەنجامی بدەن .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە یاسا تەنها ئەنجامدانی کردەوەیەکی یاساغ کراو بە تاوان هەژمار ناکات، بەڵکو تەنانەت خۆدزینەوە و لە بەرپرسیارێتی یاخود ئەنجامنەدانی کارێك کەیاسا وەك ئەرکێك لەسەر کەسێك دیاری کردووە ،ئەمەش لەیاسادا بە تاوان هەژماردەکرێت.

بەسەرهەڵدانی مرۆڤ تاوانیش سەری هەڵداوە و دروستبووە، ئەو دەمەی ئەهریمەن وەسوەسە دەخاتە نێو دڵی( قابیل)ی کوڕی ئادەم و حەوا و لەخشتەی دەبات،وا دەکات دەستی بە خوێنی براکەی خۆی (هابیل) سووربکات، ئیتر خوێنی هابیل دەبێتە یەکەمین خوێنی بەناحەق ڕژاو لە مێژوودا ، وەلێ دواین تاوانی کوشتن و خوێنڕێژی نابێت.

بەدرێژایی مێژوو، ڕۆژگار تاوان و کردەوەی نامرۆڤانەی گەورەتر و سامناکترمان بۆ دەگێڕێتەوە .تاوانگەلێك لەم سەرگۆی زەویە ڕوویانداوە کە مرۆڤ شەرم لەمرۆڤ بوونی خۆی دەکاتەوە لەئاست ئەو کردەوە تاوانکاریانە.

مرۆڤ کاتێك دەیەوێت شتێك لەسەر ئەنفال بنووسێت نازانێت چۆن دەستپێبکات، کاتێکیش دەست پێدەکات نازانێت لەکوێ کۆتایی پێبێنێت، بەواتایەکی تر (هەر بەجدی سەرگوزشتەی ئەنفال خاڵی کۆتایی هەیە)؟ .وای دەبینم دەسپێك بۆ گێڕانەوەو نوسینی تاوانی ئەنفال قورسە لەوە قورستر خاڵی کۆتایی و خەتمی کەلامە لەمەڕ ئەو تاوانە گەورەیە دەرهەق بە کوردو تەواوی مرۆڤایەتی .

هیچ دەقێکی ئاسمانی و زەمینی ڕێگە بەوە نادات جەستەی بنیادەم بخرێتە بەردەم ڕەحمەتی سەگە ڕەشەکانی بیابان و تەنانەت نەهێڵن کەسوکاری لانی کەم ئەسپاردەی خاکی بکەن مرۆڤ لە زێدی خۆی هەڵبکەنرێت و بەرەو نادیارو مەرگ و لێواری مەرگ ڕاپێچ بکرێت،یان زیندەبەچاڵ بکرێت ، ئەوەتا (حەمدیە محەممەد جەوهەر) کە کە

یەکێکە لەو کەسانەی لە لێواری مەرگ گەڕاوەتەوە لەزمانی مێردەکەیەوە حیکایەتێکی تراژیدی زیندانی ( نوگرەسەلمان ) دەگێڕێتەوە کە لەوێ " منداڵێك مرد کفن نەبوو سەرپۆشی دایکەکەیان هێناو پێچایان پێیەوە چاوەکانیان لەیەك نەنابوو، چاوەکانی شین و جوان بوون و قەت چاوی ئەو منداڵەم لەیاد ناچێت، کاتێك بردمان بیخەینە چاڵ سەیرمان کرد سەگە ڕەش و کۆمەڵێك سەگی تر تەرمی ژنێکیان لەژێر خۆڵەکە دەرکردبوو، سەگە ڕەش ناقڕەی تەرمی ژنەکەی گرتبوو ڕایدەوەشاند...کاتێك بە سەربازەکانمان دەوت ئێوە بۆ قەبر بۆ مردووەکان ناکەن؟ وەڵامیان ئەدایەوە بڕۆن بۆ قیامەت، ئێوە قەبرتان بۆچییە؟ ئەوەتا جەماعەتی بارزانی هەموویمان لەو چیایانە فڕێداوەو ئێسکەکانی چەند هەزارێکیان لەو کەڵۆزانەیە(کەڵۆز: وەکو ئەشکەوت چۆن سروشتییە کەلۆزیش سروشتییە بەڵام قووڵێ و داخراویەکەی ناگات بەئەشکەوت، شوێنێك مەودایەکی تێدابێت بۆ خۆحەشاردان یان شاردنەوە یان خۆپاراستن لای عەشیرەتی زەنگەنە بە کەلۆز و لای عەشیرەتی جافیش بە قەڵوەز ناودەبرێت-نووسەر)

وشەی ئەنفال لەبنچینەدا وشەیەکی عەرەبیەو کۆی وشەی (نفل) ە ئەم وشەیە بەمانای دەستکەوت و تاڵانی جەنگ دێت، پرۆسەی ئەنفال پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بووە ڕژێمی بەعس بۆ ئەو مەبەستە زۆر بە وردی بە شێوەی زنجیرەیی بە هەشت قۆناغ ئەو تاوانەی ئەنجام داوە.تەنانەت ناو لێنانی پرۆسەکەش بە (ئەنفال) هەروا لە خۆڕا نەبووە و ویستویەتی سۆزی وڵاتانی دراوسێ و عەرەبی تر لە قرکردن و لە ناوبردنی کورد نەجوڵێت و لەژێر ناوی سورەتی هەشتەمی قورئاندا ئەو ئەو پرۆسە و تاوانەیان ئەنجامدا و حەڵاڵ کرد. سورەتی (الانفال) لە جەنگی ( بەدر)لە نێوان موسوڵمانان و کافراندا دابەزیوە. ئەو شەڕەی کە لەساڵی دووەمی کۆچی ڕوویدا و تێدا موسوڵمانان توانییان سەر بکەون بەسەر کافراندا.

سورەتەکە بۆ ئەوە دابەزیووە تاوەکو ناکۆکی نەکەوێتە نێوان موسوڵمانانەوە سەبارەت بە چۆنیەتی دابەشکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو غەنیمەو دەستکەوت و کەلوپەلانەی ( جەنگی بەدر ) کە دەست موسوڵمانان کەوتبوون و لە کافران بەجێمابوون،بەپێی ئەو سورەتە پێنج یەکی ئەو دەستکەوتانە بۆ خواو پێغەمبەر

(درودی و خوای لێبێت) و خزم و کەسوکاری و هەتیوو هەژار و ڕێبوار و نەدارەکان بوو، چوار بەشەکەی تریشی بۆ ئەوکەسانە بوو کە بەشداری شەڕیان کردبوو.
تێڕامانەکە لێرەدایە وادەردەکەوێت کە سەدام و ڕژێمەکەی کوردیان بە کافر چواندووە و خۆشیان بە موسوڵمان، ماڵ و سامان و نامووس و گیانی کوردانیش بەدەستکەوت و غەنیمەی چواندووە.ئەمە لەکاتێکدایە هە ر ئەو ڕژێمە لەو پرۆسەیەدا سەدان مزگەوت و نوێژگەیان لە ناوچەو گوندەکانی کوردستان ڕووخاند و شەرمیان لە بەرماڵ و حوجرەو خانەقا و قورئانی (خودا)ش نەکرد.
دواجار دوای چاوەڕوانیەکی زۆر و دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەدام لە ساڵی (٢٠٠٣) سەرەتای بەدادگا گەیاندنی تاوانکارانی دەرهەق بە میللەتی کورد و کوردستان هات، لە کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ ٢١/ ٨/ ٢٠٠٦دا، دادگای باڵای تاوانەکان لەعێراق بەتۆمەتی تاوانی ئەنفال (سەدام حسێن )و (علی حسێن) و (علی حسن مجید) ناسراو بە(علی کیمیاوی) و چەند تاوانبارێکی تری ئەنجامدەری شاڵاوەکانی ئەنفالی ساڵی (١٩٨٨) بانگهێشتی بەردەم دادگا کرد، بۆ لێپێچینەوە لەو دۆسیەیە. بۆیەکەمجار بوو بەو شێوەیەی کەبینرا سەرانی ڕژێمی بەعس لەپای یەکێك لەو تاوانانەی لەمێژووی دەسەلاتیاندا لەعێراق بەسەر کوردیاندا هێناوە، ڕاستەوخۆ لەبەردەم ڕای گشتی و جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆییدا ڕووبەڕووی دادگایی و لێپرسینەوە ببنەوە.
ڕاستە بەدادگا گەیاندنی سەدام و دارو دەستەکەی سەرەتایەکی دڵخۆشکەر بوو بۆ کەسوکاری ئەنفال و قوربانیان بەڵام ئەنفال برینێکە کە سارێژبوونی بۆ نیە وهیچ شتێکی بەنرخی ئەم دونیایە ناتوانێت قەرەبووی کەوسوکاری ئەنفالکراوان بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لەسەرحکوومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر بەدادگاو داواکاری گشتی و ڕێکخراو و حزبەکانەوە لە ئایندەدا کاربکەن لەپێناو:
١- بەدادگایی گەیاندنی ئەو جاش و موستەشارانەی کە وەك کەواسووری بەر لەشکر لەپرۆسەی ئەنفال بەشدار بوون.
٢-کاری حکومەت و پەرلەمان و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانە کێشە یاساییەکانی کەسوکاری ئەنفال لەوانە پێنەدانی کارتی زانیاری بە هەندێك لەو کەسانەی کە دایك و باوکیان لەو پرۆسەیە تیاچوون ئاسان بکات و ڕێگە چارەی بۆ

دابنێت و هیچ نەبێت بەبڕیارێك یان ڕێنماییەكی تایبەت كەسوكاری ئەو قوربانیانە هەڵاوێر بكات لەوانی تر.

٣- كاركردن بۆ قەرەبووكردنەوەی كەسوكاری قوربانیان لەلایەن حكومەتی عێراقەوە

٤- دروستكردنی لۆبی زیاتر كاری جدی لەرێگەی نوینەرایەتیەتیكانی هەرێم لەوڵاتان و لەگەڵ كونسولخانەی و سەفارەتەكان لە هەرێم وعێراق بۆ بە جینۆساید ناساندنی ئەنفال و دادگایی كردنی ئەو خاوەن كارگەو كۆمپانیایانەی یارمەتیدەرو هاوكاری ڕژێم بوون لە پرۆسەی ئەنفال.

٥ - ئەوانەو چەندین كێشەی تری دەروونی ڕۆحی و كۆمەڵایەتی و ئابووری كەسوكاری ئەنفال شایەنی هەڵوێستە لەسەركردن و چارەسەركردنن.

لەپاڵ ئەو هەموو گرفتەدا جێی خۆیەتی لەتەرازووی یاسای نێودەوڵەتاندا لە پرۆسەی ئەنفال بڕوانین و بۆئەوەی بزانین یاسای نێودەوڵەتان چۆن لەو جۆرە تاوانە دەڕوانن؟.

جێی داخە تائێستا نەتوانراوە لۆبییەكی باش بۆ ئەوە بكرێت كە پرۆسەی ئەنفال لەلایەن وڵاتانەوە بە جینۆساید بناسرێت و ئەمەش هۆكاری ناوخۆیی و دەرەكی لەپشتەو كورد خۆی نەیتوانیوە لەو بابەتەدا شێلگیرانە كار بكات و بیكاتە ئەجێندای كار و ستراتیژی خۆی و بۆ مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی بەكاری بهێنێت، بەشێوەیەك كەزەمانەتی دووبارەنەبوونەوەی بكرێت و قەرەبووی كەسوكاری قوربانیان بكرێتەوە لە لایەن حكومەتی ئێستای عێراق و هاوكارەكانی سەردەمی ڕژێم لە كاتی پرۆسەی ئەنفالدا.

**لەپاڵ ئەو هەموو گرفتەدا جێی خۆیەتی لەتەرازووی یاسای نێودەوڵەتاندا لە پرۆسەی ئەنفال بڕوانین و بۆئەوەی بزانین یاسای نێودەوڵەتان چۆن لەو جۆرە تاوانە دەڕوانن؟.**

ئەگەر تەماشـــای پەیماننـــامەی (بەربەنـــدکردنی جینۆســـاید و سزاخســـتنە ســـەر تاوانکـــاران) بکەیـــن ، کە لە ١٩٤٨/١٢/٩ کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکـــانەوە ڕاگەیـانراوە، کەڕێکەوتنـێکە لە نێـوان دەوڵەتـان و دەبێـت پێـوەی پابەنـد بـن چـونکە بابەت و بنەماکانی ئەم پەیماننامانە ئیمپرتیڤن(بنەمای فەرمانکار)ن و دەبنە سەرچاوە بـۆ یاسـای نێودەوڵەتـان ، بـابەتی پەیمانـامەکە قەدەغەکردنـی تـاوانی فەوتانـدن و تێکدان و ئازاردانی مادی و مەعنەوی هەر کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاری کراوە لەدونیـاداو هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە.

لەبەئەوەی مـرۆڤ بەردەوام لەدانوسـتاندایە لەگەڵ دەوروبەرو لەگەڵ دونیـادا، بـۆیە تاوان لەدژی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك واتە تاوان لەدژی هەموو مرۆڤایەتی.

ئەم پەیماننـامەیە لە پێشـەکییەک و (١٩) بەنـدو پاشـەکییەک پێکهـاتووە، بـایەخێکی دیاری هەیە لە یاسـای نێودەوڵەتاندا، بەگوێرەی بەندی یەکەم جینۆسـاید هەر لەکاتی جەنگدا ئەنجام نادرێت، بەڵکو لەکاتێکیشـدا کەشـەڕ لە ئارادا نەبێـت دەکرێ ئەنجام بـــدرێت لەلایەن تاوانکـــارانەوە، میتـــۆدی ئەنجامـــدانی تـــاوانەکە هەمەلایەنەیەو هەرکوشتنی ڕاستەوخۆ ناگرێتەوە و زۆرجار بەرنامە بۆ دارێژراوە.

گەر لەو پێـودانگەوە لە پرۆسـەی ئەنفال بـڕوانین دەبینـین پێشـتر و بەمـاوەیەکی دورو درێژ ئامادەکاری بـۆدەکرا لەوانەش قەدەغەکردنـی هـاتووچۆی نێـوان شـارو لادێکان کێشـانەوەی قوتابخـانەو نەخۆشـخانەکانی لادێکان و بڕینی کارەبایـان و ڕێگریکـردن لە گواستنەوەی خواردەمەنی لە شارەکانەوە بۆ دێهاتەکان، سەرەڕای ڕاگواستن و تەعریب و تەبعیس.بە پێی بەنـدی دووەمی پەیماننـامەکە "مەبەسـت لەجینۆسـاید هەر کارێکە لەم کارانە بەمەبەستی فەوتاندنی تەواوی یان بەشێکی هەرکۆمەڵە مرۆڤێك کە دۆخی نیشتمانی یان ئیتنۆگرافی یان ڕەگەز یان ئاینیان لەبەرچاوبگیرێت".

گەر لەکەسوکاری ئەنفال پرسیت بۆ واتان لێکرا لەیەکەمین وەڵامدا بێ یەك و دوو دەڵێن تەنها لەبەر ئەوەی کورد بووین ، کورد بوون و کوردایەتی مۆتەکەی دڵی ڕژێمی بەعس بوو .ئەمەش پێمان دەڵێت لەو پرسەدا جیاوازی نەتەوەی و نەژادی چەندە کاریگەر بووە بۆ ئەوەی ڕژێم بەوتاوانە هەستێت.هەرخودی ئەو نیەتە خراپەی بەعس بۆ قڕکردنی کورد نیشانەی جینۆسایدێکی ئاشکرایە.

دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە جینۆساید لەیاسای گشتیدا تەنها کۆمەڵکوژی ناگرێتەوە بەڵکو دەبێتە چەند جۆرێکەوە کە دەکرێت بەم شێوەیە دیاریان بکەین:

١.جینۆسایدی فیزیکی (جەستەیی):واتە کوشتنی ئەندامانی هەر کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاری کراوە بەهەر شێوەیەك بێت.

٢.جینۆسایدی بیۆلۆجی:واتە تەگەرە خستنە بەر پەرەپێدان و گەشەکردنی ڕێژەی ئاسایی زیادبوونی مرۆڤ لەناو هەر کۆمەڵە مرۆڤێکدا بێت.

٣.جینۆسایدی کەلتووری : خۆی دەبینێتەوە لە قەدەغەکردنی زمان و شێواندن و تێکدانی مێژوو، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ،ڕۆشنبیری ، کەلتووری نەتەوەیی و هەستی یەکگرتوو، ئاین و شارستانییەتی هەر کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاری کراو.

٤.جینۆسایدی ئابووری: پێکدێت لە برسیکردن و قەدەغەکردن و وێرانکردنی سەرچاوە ئابوورییەکانی هەر کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو چ بەمەبستی قڕکردنیان بێت یان بەمەبەستی هەڵکەندنیان بێت لەنیشتمان و زێدی خۆیان.

بەو پێودانگانەی سەرەوە گەر تەماشا بکەین دەبینین ڕژێمی بەعس لەچوارچێوەی سیاسەتێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو و سیستماتیك پرۆسەی ئەنفالی ئەنجامداوە و مەبەستی فەوتاندی سەراپاگیری هەبووە و ئەو فەوتاندنەشی بەچەند جۆرێك ئەنجامداوە.

١. بەشێوەی نەهێشتنی فیزیکی واتە سەپاندنی مەرگ بەهەرچی شێوازێك بێت،

٢. بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و فسفۆری و سیانیدو گازی عەساب کە زۆربەیان جگە لەوەی دەبێتە هۆی کۆمەڵکوژی مرۆڤ دەبێتە هۆی قڕکردنی ئاژەڵ و باڵندەو ژەهراوی کردنی ئاو و هەواو کەرەستەکانی ژیان.

٣. وێرانکردنی ناوچەکانی کوردستان، دێهات و شارۆچکە، وێرانکردنی باغ و بێستان و سەرجەم سەرچاوەکانی ژیان. لە ڕاستیدا یەکێك لە ئامانجەکانی ئەنفال بریتی بوو لەنەهێشتنی ئەو دونیا ئازادە بچووکەی دێهاتەکان لەبەردەم تەماحە تۆتالیتاریەکانی حکوومەتی عێراقیدا،دێهاتەکانی کوردستان ئەو بەشەی کۆمەڵگای کوردی و کۆمەڵگای عێراقی بوون کەلەدەرەوەی تەماحە تۆتالیتارییەکانی دەوڵەتدا دەژیان،توانایەکی گەورەی خۆژیان وخۆپاراستنیان لە دەوڵەت هەبوو، ئەنفال کۆتاییهێنان بوو بەو توانای خۆژێنی و سەربەخۆییەی ئەو بەشەی کۆمەڵگای ئێمە کە تەماحە تۆتالیتارییەکانی بەعس بۆی کۆنترۆڵنەدەکرا.

٤. ڕاگواستن لەدوای دیلکردن و دەستبەسەراگرتنی خەڵکەکەو پاشتر بەکۆمەڵ کوشتنیان.

٥. هەڵتەکاندنی ستراکتۆری ئاسایشی ژیانی خەڵکی بەهۆی ڕاگواستن و وێرانکردنەوە کەبووە هۆی وێرانبوونی بنەمای ئابووری و تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

٦. لەئەنجامی ئەو کردەوانە بارو زروفێکی نائاسایی دروست دەبێت کە ئەنجامی گەلێك خراپ و دزێوی لەسەر مرۆڤ دەبێت بەتایبەتیش دەبێتە هۆی شێواندنی باری سایکۆلۆژی تاك و تێکدانی بیرو هۆش .

هەروەها لە بەندی دووەمی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (١٩٥١)دا پێناسەی جینۆسایدی بە شێوەیەك کردووە کە بریتییە لە "هەر یەك لەو کردەوانەی کە بەمەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێك لەنەتەوەیەك یان ئیتنیکێك یان تیرەیەك یان گروپێکی مەزهەبی ئەنجام ئەدرێت، لەچەشنی لەناوبردنی تاکەکانی ناو

ئەو گروپە ،سزادان و زیان لێدانی جەستەیی و ڕۆحی لەو گروپە ،سازدانی بارودۆخێکی نالەباری وا بۆ ئەو گروپە کە ئامانج لێی لەناوبردنی فیزیکی هەموو گرووپەکە یان بەشێکی بێت.سنورداناں یان بەرتەسککردنەوەی منداڵبوون و گەشەکردنی گروپێك ،بەزۆر ڕاگوێزان یان گواستنەوە یان کردنی منداڵانێکی سەربە گروپێك بۆ سەر گروپێکی تر".

ئاشکرایە نەك لەسەردەمی سەدام و ڕژێمی بەعس بەڵکو گەر ئاورێك لەمێژووی پێش سەدامیش بدەینەوە دەبینین تەژیە لە کوشتن و بڕینی کورد زۆر دوور نەڕۆین ساڵی ١٩٦١-١٩٦٢ لە سەردەمی دەوڵەتی عبدالكريم قاسم ،بە پاڵپشتی زۆرینەی سوپای عێراق ١٥٠ دێهاتیان لەکوردستان سوتاند زیاتر لە ٣٠٠٠ ژن و منداڵ خەڵکی سڤیل کوژران و بەهەزاران خێزان و ماڵ ئاوارەو سەرگەردان بوون.لەسەردەمی ڕژێمی بەعس و گرتنە دەستی دەسەڵات ساڵی ١٩٦٣ کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی هەر لەو ساڵەدا لە ناوچەکانی کەرکوك و هەولێر، دەیاها گوندیان سوتاندو ڕووخاند و لەسەر نەخشە سڕیەوە و سیمای کەلتووری و دیمۆگرافی ئەو ناوچانەیان گۆڕی ،لەدژی شۆڕشی ١٩٧٤ بەعس خاك و سروشت و خەڵکی کوردستانی کردبووە ئامانج، بەهەزاران تەن بۆمب و ناپاڵم و چەکیان دژ بەهەرچەشنە زیندەوەرێك بەکارهێناو هەزاران گوندیان سووتاند و بەهەزران کورد بوونە قوربانی و خەڵکی کوردستان ئاوارەو سەرگەردان بوون،ساڵی ١٩٨٣ پاش وێرانکردنی زۆرێك لە دێهاتەکانی ناوچەی بادینان، ڕژێمی بەعس لە ئۆردوگای زۆرە ملێ قوشتەپەو بەحرکە (٨٠٠٠) بارزانی سەرنگووم کرد و لەبیابانەکانی خوارووی عێراق لەناوی بردن .پاش ئەوەش بە هەشت قۆناغ لەساڵی ١٩٨٨ پرۆسەی ئەنفالیان ئەنجامدا و زوڵمی بەعس گەشتە ترۆپك.

دەوڵەتی عێراق یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکانی واژوو کردووە، دەبوا پابەند بوایە پێیەوە کەچی پێشێلی کرد، پرسیار و سەرنجە جدیەکە لەسەر ئەوەیە ئەی بۆچی وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاست ئەو تاوان و کۆمەڵکوژیە بێدەنگ بوون؟بەخستنەرووی پێناسەی جینۆسایدلە پەیماننامەو یاساگشتییەکاندا ئەوە دەسەلمێنرێت کە هێرشەکانی ئەنفال پیادەکردنی سیاسەتی جینۆسایدەو عێراق پێشێلی ئەو پەیماننامانەی کردووە کە خۆشی واژووی کردووە و ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە ، بەو چەشنە عێراق لە زانستی یاسادا بە کەسی یاسایی نێودەوڵەتی هەژماردەکرێت و دەبێت داوای قەرەبووی ئەو پێشێلکاری و تاوانی کۆمەڵکوژییەی لێ بکرێت کەدەرهەق بەگەلی کورد ئەنجامی داوە.

لەنوسینی ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانە بینیوە:

١. بارودۆخی کورد لەچەند بابەتێکی یاسایی نێودەوڵەتاندا لەنوسینی مەرحووم :د .مارف عمر گوڵ.

٢. یاسای دادگای بالای تاوانەکانی عێراق (خوێندنەوەیەکی یاسایی) لەنووسینی :خەلیل عبدالله.

٣. جینۆسایدی کورد لە پرۆسەی ئەنفالدا، گۆڤاری عەرعەر،ژمارە ٣ ،نوسینی : بەشدار قاسم عمر.

٤. ئەنفال و دادگا، لەنوسینی: سالار محمود .

٥. ئەنفال وەك جینۆساید ئەنفال وەك برینێکی نەتەوەیی ، گۆڤاری عەرعەر،ژمارە ٣ ، نوسینی:مریوان وریا قانع

٦. لەکەریم باسامەوە تا تکریت ، لەنوسینی م. دلێر کەریم .

٧. دۆزی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان ... ، گۆڤاری عەرعەر،ژمارە ٣ ، نوسینی :ئەمیر قادر.




مامۆستا بەختیار محمود

تاقانەی ئەنفال

# تاقانەكانی ئەنفال كێن؟

تاقانەکانی ئەنفال ئەو کەسانەن لە ساتەوەختی تاوانی جینۆسایدی ئەنفالدا بەتەنها خۆیان ڕزگاریان بووە سەرجەم ئەندامانی خێزانەکانیان لە دەستداوە کە بریتی بوون لە (دایک و باوک و خوشک و برا ) لە دوای مەرگەساتی ئەنفالیش بە دۆخێکی زۆر ناهەموارەدا تێپەڕبون، چوونکە جگە لە سەرجەم ئەندامانی خێزانەکانیان بەشێک لە خزمە نزیکەکان و هەموو ئەو سەروەت و سامانەی کە هەیان بوو لە دەستیانداوە، بۆیە تاقانەکان لە ماڵوێرانی و قوربانیدان پشکی شێریان بەرکەوتووە لە تاوانی جینۆسایدی ئەنفال .




**لە هەر هەشت قۆناغەکەی ئەنفال ژمارەیان (١٤٠)تاقانەیە و خاوەنی (٨٦٥)قوربانین سەرەڕای ئەو هەموو قوربانی و ژیانە سەختەیان، بەڵام حکوومەتی هەرێم وەکو تاقانە هیچ شتێکی بۆ نەکردوون.**

تاقانەکانی ئەنفال بە پێی ئەو ئامارە وردەی خۆیان پێی هەستاون لە هەر هەشت قۆناغەکەی ئەنفال ژمارەیان (١٤٠)تاقانەیە و خاوەنی (٨٦٥)قوربانین سەرەڕای ئەو هەموو قوربانی و ژیانە سەختەیان بەڵام حکوومەتی هەرێم وەکو تاقانە هیچ شتێکی بۆ نەکردوون، بۆیە تاقانەکان هەوڵیاندا لە ڕێگای پەرلەمانی کوردستانەوە یاسایەکی تایبەت بە تاقانەکان دەربکرێت و بەشێک لە ماف و داواکاریەکانیان لەو یاسایە جێگا بکرێتەوە، لە خولی پێشوی پەرلەمان نوێنەری تاقانەکانی ئەنفال و هەڵەبجە لەگەڵ لیژنەی شەهیدانی پەرلەمان کۆبوونەوە داواکاریەکانیان بە نوسراو پێدان، دانشتنێکی پەرلەمان تایبەتکرا بە یاسای تاقانەکانی جینۆساید، لە ساڵی ٢٠١٥، بەڵام دەرچوونی یاساکە مایەی نیگەرانی بوو بۆ تاقانەکان چوونکە هیچ ماف و ئیمتیازاتێکی وەهای تیانەبوو بە بەراورد بە قوربانی تاقانەکان، سەرەڕای ئەوەی بەشێوەیەک پێناسە بۆ تاقانەکان کرا کە ڕێژەی تاقانەکان چەند هێندە زیاد دەکات بۆ نمونە تاقانەی خێزاندار زیاد کرا کە خاوەن خوشک و براو دایک و باوکن لەبەر ئەوەی هاوژین و منداڵەکانیان لە دەستداوە هەروەها تاکو ئێستاش خاڵەکانی ئەو یاسایەی ساڵی ٢٠١٥ جێبەجێ نەکراوە، وەکو دروستکردنی ناسنامەیەکی تایبەت بە تاقانەکانی جینۆساید و پێدانی مەدالیای ڕێزلێنان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆیە تاقانەکان زۆر نیگەرانن لە بەرپرسانی حزبی و حکوومی چونکە هەرچییان بوو لە پێناو ئەم نیشتمان و دروستبوونی ئەم حکوومەتە بەخشییان، بەڵام تاقانەکانی جینۆساید حەسابی کوڕی ئەنفالچیەکیان بۆ ناکرێت، لەم هەرێمە و بچوکترین داواکاریان جێبەجێ ناکرێت. ئەمەیش سفڵەیی و پێنەزانینی بەرپرسانی حزبی و حکوومی دەسەڵمێنێت بەرامبەر بە تاقانەکانی ئەنفال و قوربایکانیان . شایانی باسکردنە لە کۆی( ١٤٠ ) تاقانەی ئەنفال لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێم (٩٤ ) تاقانەی کەوتووەتە گەرمیانەوە ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەڵمێنێت کە گەرمیان لەو تاوانە قێزەونە زەرەرمەندترین ناوچەبووە و پشکی شێری بەرکەوتووە لە قوربانی وماڵوێرانی.



سمکۆ سابیر

نووسەرو توێژەر لەبواری ئەنفال و

# ئەنفال تاوانێك

# بۆ هەمیشە لە یادەوەریی ئێمەدایە

ئەنفال وەک تاوانێکی نێو دەوڵەتی،وەک یادەوەرییەکی تاڵ و ئازارێکی سەخت ودژوار کاریگەری بەسەر جەستەو زهنیەتی هەموومان دەمێنێتەوە و لەژیانی ئێستا و داهاتوومان بەرجەستەدەبێت و پڕ کاریگەریترین رووداوە کەتارماییە لە ژیانی ئەم کۆمەڵگەیەدا. ئەنفال هێندەی کاری لەسەر سرینەوەی شوناسی تاکی کورد کردووە،هێندە کاری لە سەر شوێن و جوگرافیا و بوونەکانی تر نەکردووە،بەڵکو

ئەنفال بۆخۆی دەستەجەمعی کۆمەڵێک ژانی نوێیە لەجەستەی کورد،بۆ ئازارێکی تر،بۆ ژانێکی تر بۆ قڕکردنی مرۆڤی کورد لەزەمەنێکی تردا.بەواتایەکی تر:ئەنفال تاوانێکی تازە و رووداوگەلێکی نەبینراو و نەبیستراو نییە،بەڵکو ئەو دیمەنەکانی لەزەمەنێکی تر نیشانی ئێمەدراوە و نمایشەگەلێکی دووبارەیە بۆ ئێمە؛نمایشگەلێکە کاراکتەرەکان رۆڵەکانیان دووبارە دەبنەوە بەڵام بەجل وبەرگ وستایل و زەمەنێکی جیاواز،بەکەرەستەی نوێ و مۆدێرن، بەڵام بەهەمان هزری کۆن و ئەو هەستە کەهێشتا مەستە بەسڕینەوەی ئەوانی تر و لەناوبردنی ئەوانی تر..بۆ قسە لەسەر ئەنفال بەدیدێکی تر؛لێرەدا هەوڵدەدەین باس لەئەنفال وئاریشە و ئازارەکانی بکەین.هەوڵدەدەین لاپەڕەیەکی تر هەڵدەینەوە لەهەموو ئەو راستییانەی کەپەیوەندی بەخودی ئەم تاوانەوە هەیە.

ئایا کارکردن لەو دۆسییەدا بێ ئاریشەیە؟

مرۆڤ هەمیشە لەکارکردن و ژیاندا رووبەڕووی کێشەو گرفت دەبێتەوە و بەو شێوەیە ژیان دەکات ولە شەڕی چارەسەرکردنی کێشە و ئاریشەکاندایە، گرفتی کارکردن لە دۆسییەکانی ئەنفال و جینۆساید فرە رەهەندە،چونکە پەیوەستە بەمێژوو،یان رابردوو. ئێمە بەردەوام مێژوومان لە ناودەچێت چونکە بەرکەوتەکانی ئەنفال زۆریان لەناوچوون وئێستاش بەردەوام لەناودەچن.لەگەڵ مردنی هەرمرۆڤێک، چیرۆکێک یان چەندین چیرۆک دەمرێ و کۆتاییان پێدێت. گرفتی تر پەیوەندی بەدامەزراوەکانی ئەم وڵاتەوە هەیە کەپەیوەندی بەمێژووی ئەم هەرێمەوە هەیە بۆنموونە؛ وەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان .لەلایەن ئەم دامەزراوانەوە وەک پێویست هەوڵنادرێت کارئاسانی بۆ نوسەرانی جینۆساید بکرێت.ساڵانە دەیان کتێبی باش دەنوسرێن بەڵام ئەم دەزگایانە هەستی لێپرسراویەتیان لەو ئاستەدا نییە لەخەمی مێژووی دۆسییەکانی جینۆساید وئەنفالدابن. تەنانەت هەندێک دەزگا لەوانە

بەگاڵتەوە باس لەوەدەکەن کەکتێب گرنگی نەماوە و کێ دەیخوێنێتەوە.گۆڤاری ئەنفالستان لەساڵی ٢٠١٤ وەک کاغەز چاپ وبڵاونەکراوەتەوە بەڵام دەزگاکانی ئەم وڵاتە بەلایانەوە گرنگ نییە کارکردن لە نوسینەوەی ئەنفال بەردەوام دەبێت،یان دەوەستێت.ئەم دەزگایانە لە بنەڕەتەوە شکستیان هێناوە لە نوسینەوەی مێژووی ئەنفال وبە یادەوەریی کردنی مێژووی ئەم تاوانانە لە باشووری کوردستان .

بەگشتی دەزگا و دامەزراوەکانی وڵاتی ئێمە نەک هاوکارن،بەڵکو هەمیشە کێشەت بۆ درووست دەکەن، چونکە تۆ کارێک دەکەیت کە لەبنەڕەتەوە بەلای ئەوانەوە پەسەند نییە،هەتا ئەگەر کار و پرۆژەی گرنگ و ستراتیژیت هەبێت بۆ خزمەتکردن بەدۆسیەکانی ئەنفال وجینۆساید. بۆیە ئەم دۆسیەیە قورساییەکی ئەخلاقی وپیشەیی دەخاتە سەر ئێمە لەبەرئەوەی تادێت یادەوەریی کۆمەڵگە بەرووی دۆسییەکان و ئەم مێژووەوە لاواز و کاڵتردەبێتەوە وکۆمەڵگە وتەنانەت کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالیش هیوایەکیان بەکاری ئەم سیستمە نەماوە و تادێت ئەم نێوانەش فراوانتر دەبێت.لەئێستادا ئەم نائومێدییە کاریگەریی زۆری بۆ کارە خۆبەخشەکانی ئێمە هەیە و ناتوانین ئەوەی دەمانەوێت ئەنجامی بدەین بەربەستی زۆرمان بۆ درووست دەبێت..

هاوکات کێشەیەکی تری جەوهەری ئەوەیە: بەگشتی درەنگ لەئەنفال ودۆسیەکاندا کارکراوە و زۆرشت لەدەستچووە وفریای نەکەوتووین، ئێستا ئەمە رەنگدانەوەیەکی نەرێنی هەیە بەسەر کارکردن لەبواری ئەنفال.ئەگەرچی ئینگلیز قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێت؛هیچ کاتێک درەنگ نیە بۆ ئەوەی کارێک بکەیت بەڵام ئێمە گرفتی نیەتمان هەیە،نیەتمان درووست وراست و لەدڵەوە نیە کەکاربۆ ئەنفال بکەین . ئەوەی دەکرێ کاری نوخبەیەکی کەمە کەخۆبەخشانە دەیانەوێ مێژووی ئەم تاوانە گەورەیە کەدواجار دەبێت بەجینۆساید لە فەرامۆشی دەربهێندرێت وببێت بەیادەوەری زیندووی ئێمە. لەرێگەی یادەوەریمان رێز وشکۆ بۆ قوربانی وکەسوکارەکانیان دەربڕین و

بەکردووە هەستبکرێت ئەم تاوانە کەناوی ئەنفالە خەمی هەموومانە،نەک تەنها خەمی ناوچە ئەنفالکراوەکان ولە ناویشیاندا گەرمیانی سوتماکی ئەنفال و قۆناغی سێیەمە.

میدیای کوردی بەگشتی رۆڵی هەیە لەپەرەوایزخستنی دۆسیەی ئەنفال و نەناساندنی دۆسیەکە لەسەرئاستی لۆکاڵی. ئێستاش زۆربەی خەڵک پێیوایە تەنها لەگەرمیان خەڵک ئەنفال کراوە لەکاتێکدا بۆ ماوەی حەوت مانگ خەڵک لەهەموو ناوچەکان و بەهەشت قۆناغی یەک لەدوای یەک جگە لەئەنفالی هەڵەبجە کەئەویش دۆسیەیەکی تارادەیەک نەناسراوە.میدیا کەمتەرخەم بووە لەکارکردنی بەشێوەیەک کەئەم کارکردنە زۆر جار شایستە نەبووە بەئاستی گەورەیی تاوانەکە.بێگومان کاری گرنگ کراوە،بەلام بەگشتی کارەکان زۆر کەمن وبەقەدبالآی ئەنفال نییەو نابێت.زۆربەی میدیاکان تەنها ساڵی یەکجار باسی ئەنفالیان کردووە وتاساڵی داهاتوو بەلایانەوە گرنگ نەبووە کارلەسەر ئەم پرسە گرنگە بکەن و چوارچێوەو وردەکاریی نوێمان پێشکەش بکەن و زانیاریمان پێببەخشن.

گرفتێکی تر؛تەمەن و بەساڵاچوانە،بێنە بەرچاوی خۆت دیدار لەگەڵ کەسێکدا ئەنجام بدەیت ناوی مناڵەکانی لێبپرسی ودەیانجار لەبەر خۆیەوە قسەبکات وبیر لەوە بکاتەوە کە کوڕە گەورەکەی تەمەنی چەند بووە و ناویّ چییە؟ یاخود کچە بچوکەکەی کەشیرەخۆرەبوو بەباوەشی دایکییەوە بەقامچییەکی جەلادێکی نوگرە سەلمان گیانی سپارد ناوی چیبوو؟یان تەمەنی چەند بوو؟ئەمانە دابڕانێکی جەرگبڕی دۆسیەکانی ئیمەن.تاوانێکە دەرهەق تاوانێک کەبەدەستی خۆمان ئەنجامماندا. لێگەڕاین ئەنفال بەتەنیشتمان .بەپشتمانەوە،بەلاماندا تێپەڕێت وئاوەڕی لێنەدەینەوە.بەڕاستی هەموومان لەئاست ئەم تاوانە گەورەیەدا،هەستمان بەبەرپرسیارییەتی نەکرد وەک پێویست کارمان نەکرد.ئەنفال دۆسیەیەکی زۆر گەورەیە، بەلاّم بەدەستی خۆمان بالآی

ئـەم تاوانـەمان بچـووک کردەوە.دەکـرا بـەهۆی ئەنفالـەوە وابکـەین هـەموو دونیـا شـەرممان لەبەرامبـەردا بنـوێنن، بـەڵام لەئێسـتا پێمانـدەڵێن؛ وریـابن قەوارەکـەتان کەهـەرێمی کوردسـتانە،لەناودەچێت ئەگـەر یـەککرتوو نـەبن . لەکاتێکـدا هـەموومان بـاش دەزانـین لـەناوچوونی ئـەم قەوارەیە،واتـە لـەناوچوون وبـەفیڕۆچوونی خـوێن و قوربانی ئەنفالکراوان و سەرجەم دۆسیەکانی تری جینۆسایدلەباشوری کوردستان..

پرسی ئەنفال ئێستا لەچی قۆناغێکدایە، ئایە تواناروە قۆناغی یادکردنەوە تێپەڕێنێت؟

لەڕاستیدا زۆر راشکاوانە دەیڵێم؛ئێمە نەمانتوانیوە بەمانا درووستەکەی یادی ئەنفال بکەینەوە.هەتا بتوانین قۆناغی یادکردنەوە تێبپەڕێنین.ئەگەر ئێمە وەکو پێویست یادی ئـەنفالمان بکردایەتـەوە ئێسـتا مرۆڤـی کـورد نـەیهێیوا دەبـوو نەنیشـتمانەکەی جێدەهێشـت.بەڵکو قوربـانی بـۆ دەدا هـەروەک چـۆن لـەمێژووی خۆیـدا قوربـانی بـۆ داوە.لەماوەی سی سـاڵی رابردوو یادی ئەنفال بۆ یادکردنەوەی قوربانیـان و کەسـوکارو ئـەو مێژووە نـەبووە، بـەڵکو بەگشـتی حزبـە سیاسـییەکان ناچـاربوون لەگـەڵ هـاتنی یادەکـە شـتێک بکـەن و وتارێـک بنوسـن و بـەڵێنێک لـەنێوان ئـەو سـەدان بەڵێنـە جێبەجێبکەن.واتـە یادەکان هێنـدە شـەڕی وتار وسـوێند و بـەڵێن بـووە هێنـدە کـرداری بەدواوە نەهاتووە. نمونەشمان زۆرە لەم عێراقەدا کورد خاوەن زۆرترین پۆستی سیاسی وبوارەکانی تر بووە کەچی هیچێ بۆ ئەنفال نەکردووە.

تەنانـەت بەهـەموو یاسا و پێوەرێـک دەبـوو موچـەی کەسـوکاری ئـەنفالکراوان لەسـەر دەوڵەتی عێراق بوایە کەچی نەیانتوانی ئەمەش بکەن بۆ بردنە پێشـەوەی دۆسییەکە و باشــکردنی گــوزەرانی کەســوکاری قوربانیان.لــەدوای راپەڕینــەوە کۆمــەڵێک کـاری جـەماوەری بـۆ ئـەنفال کراوە،جـۆش و خرۆشـی خـەڵک بـۆ مێژووی خـۆی لەوپـەڕی بەرپرسـیاریەتیدا بووە.بەڵام سـاڵی یـەکجار قسـەکردن لەسـەر تـاوانێکی وەک ئەنفال چ یادەوەرییەک دەخولقێنێت؟!

بەگشتی ئەوەی کراوە لەناوە و دەرەوەی وڵات هێندەی خەمی تاکەکان بووە ، هێندە وەک دامەزراوە ئەو کارە نەکراوە هەوڵەکانیش لەچەند هەوڵ وکارێک زیاتر نەبوون، چونکە دەسەڵاتی سیاسی کارکردنی بۆ دۆسیەکانی جینۆساید بەئامانج نەگرتوە.ئەنفال نەبووە بەپرسێکی ئەخلاقی ومۆراڵی لەزهنیەتی ئەم دەسەڵاتە.بۆیە بۆچوونی منیش هەروەکو ئەو پێرژنەی ئەنفالە لەقەزای جەمچەماڵ کەتەنها خۆی ودووکچی لەشاڵاوەکە رزگاریان بوو پێیوتم رۆڵە گیان ئەمانە کەی یادی ئەنفال دەکەنەوە ،ئەمانە ئەنفالمان لەبیردەبەنەوە.دەیانەوێ چیتر باسی نەکەین.ئەقڵی ئەم سیستمە سیاسیە وەک خاوەن ئەو دەزگا رۆشنبیریە کەلێپرسیم بەداخەوەم کەناتوانم کتێبەکانی ئەنفالت بۆ چاپ بکەین، چونکە ئەنفال پارەناکات.بۆیە دەگەین بەو راستیەی ئێمە هێشتا یادی ئەنفالمان نەکردووەتەوە وەکو یاد بەڵکو بەگشتی کۆبونەوەی جەماوەری بوون وهیچیشیان لێسەوز نەبوو بەڵگەش بۆ ئەمە لەئێستادا نەئیشکردن لەدۆسیەکە وەکو جارانە وزۆربەی خاوەن قوربانی وەک پێشووتر باس لەئەنفالکراوەکانی ناکات ونەرێکخراوەکان سەرکەوتووبوون لەزیندوو هێشتنەوەی ئەم مێژووە ونەدەسەڵاتیش باکی بەم گرفتانە هەیە کەلەسەرەوە باسمانکردن.

نیگەرانییەکانی کەسوکاری ئەنفال تاچەند لەجێگەی خۆیدایە ؟

دەبوو نەک تەنیا کەسوکاری ئەنفالکراوان بگرە هەموو کۆمەڵگە بارگاوی بوایە بەنیگەرانی وبێزاری لەدەست ئەم سیستمە سیاسیە خراپە بەرامبەر بەدۆسیەکانی جینۆساید لەباشووری کوردستان. ئەم هەرێمە دەرفەتی جوانترین سیستم وحوکمڕانی هەبوو،دەیتوانی بەرێزگرتنی لەقوربانییەکانی جینۆساید باشترین دەوڵەتی درووستبکردایە بەڵام نەک دەوڵەت و سیستمێکی راستەقینە بەڵکو خەونی سەدان ساڵەی ئەم گەلەشیان لەباربرد.ئەگەر کۆمەڵگە جارێک غەمبار ونیگەران بێت کەسوکاری قوربانیانی دۆسیەکانی جینۆساید چەندین جار بریندار ونیگەرانن.چونکە

ئەوان قوربانیان هەیە وباجی کوردبوونیان داوە.جگە لەوەش دەیان مافی کەسوکاری قوربانیان هەیە تائێستا جێبەجێنەکراوە هەر لەدادگایی کردنی بکەرانی ئەنفال و دابینکردنی ژیانێکی پڕشکۆ و گێڕانەوەی روفاتی قوربانیانی ئەم تاوانە و چەندین پرسی تری ئەنفال.سەرباری ئەوەش ئەم دەسەڵاتە لەسەر حسابی ئەنفال لەرووی نێودەوڵەتییەوە خۆیان بەجیهان ناساندو باڵای خۆیان و حزبەکانیان پێ بڵند وبەرزکرد ولەبەرامبەریشدا باڵای دۆسیەی ئەنفالیان بچووک و نزمکردووە . هەموو ئەمانە وایکرد کەسوکاری قوربانیان نیگەرانی و نائومێدی بچننەوە لەم بارودۆخە خراپەی لەم هەرێمە دەگوزەرێت.

با لەخۆمان بپرسین چی کراوە بۆ پرسی گۆڕەبەکۆمەڵەکان، بۆتائێستا حکومەتی گرنگی بەم پرسەنادات؟

دەتوانین بڵێین لەگەڵ درووستبوونی وڵاتێک کەناوی عێراقە،ناکۆکی وسڕینەوەی ئەوی تر گەیشتە ئاستێکی کەشندەو لەناوبردنی بەکۆمەڵ. ئەم دەوڵەتە تازەیە لەهەموو سەردەمە جیاوازەکاندا کوشتنی بەکۆمەڵی ئەنجامداوە کەواتە گۆڕی بەکۆمەڵی بۆ دژ ونەیارەکانی ناوەتەوە.گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ناو چوارچێوەی جوگرافی دەوڵەتێک کەناوی عێراقە،ئاماژەن کەئاسودەیی وبەیەکەوە ژیان لەخاڵێکی مەترسیداردایە.بیابانەکان،ناوچەلماوی وگەرمەکان بوون بەمەنزڵگایی سەدان هەزار مرۆڤی بێتاوانی کوردی هەرێمی کوردستان.ئەگەر ریزبەندییەک بۆ ئەم گۆڕانە بکرێت هەرلەجینۆسایدی کوردانی فەیلی لەساڵی ١٩٨٠ تاجینۆسایدی نێرینەوەی بارزانی ١٩٨٣و تاوانی ئەنفال و تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە لەساڵی ١٩٨٨ وجینۆسادیدی زەرگۆشەکان لەساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە،تا دوا تاوان و جینۆساید،جینۆسایدی ئێزیدییەکان بوولەساڵی ٢٠١٤ کۆی ئەم تاوان و جینۆسایدانە لەسنوری وڵاتێک ئەنجام دەدرێت کەناوی دەوڵەتی عێراقە کەهیچ کاتێک نەبووە بەمایەی ئاسودەیی

پێکهاتە جیاوازەکان .گۆڕە بەکۆمەڵەکانی تاوانی ئەنفالیش کەنزیکەی ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ گۆڕی بەکۆمەڵ دەبن وەهەتا دێت ئەم ژمارەیە زیاتر وزیاتر دەبێت. بەڵام نێتێکی هاوبەش و گشتی لەنێوان هەرێم و بەغدادا نییە بۆ هەڵدانەوەی گۆڕەکان وهێنانەوەیان بۆ زێد وخاکی خۆیان.بەتایبەتی حکومەتی هەرێم زۆر کەمتەرخەمە،ئەگەر جاران پرۆسەی جیاکردنەوەی روفاتەکان و ئەنجامدانی پشکنینی DNAناجۆر وسەخت بوویێت بەڵام لەئێستادا ئەم کردار وپرۆسەیە زۆر ئاسانە.ئەمڕۆ بوونی ئەم گۆڕە بەکۆمەڵانە باشترین دەرفەتی ئەوەت پێدەدات کەداوای بەجینۆسایدی ناساندنی ئەنفال بکەیت وهاوکات جەخت لەسەر قەرەبووکردنەوە وداوای لێبوردنی دەوڵەتی عێراقی لەبەرامبەر ئەم تاوانە بکەیتەوە.لەڕاستیدا وەک ئاماژەم پێکرد لەزهنیەتی حکومەتی هەرێم جگە لەموچە و هەندێک ئیمتیازات بۆ کەسوکاری ئەنفال خەمی تری نییە بۆ ئەنفال وهەوڵدەدات ئەنفال لەیادەوەری کۆمەڵگەدا ئەو کاریگەرییە بێگیان و ڕۆحە بێت کەساڵ دوای ساڵ کاڵتر وکاڵتر ولاوازتربێت..

دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی تاوانی ئەنفال ببێت بەپرسێکی جیهانی؟

بەبڕوای من کورد بەم ئەقڵ وپێگەیەی لەسەر ئاستی لۆکاڵی وهەرێمی و نێودەوڵەتیەی کەهەیەتی ناتوانێت کاری جددی بۆ ئەنفال بکات وبیکات بەپرسێکی جیهانی وئەنفال لەیادەوەری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جێبکاتەوە.ئەزموونی حوکمڕانی کوردی بەرامبەر دۆسیەکانی جینۆساید، بەتایبەتی ئەنفال شکستی هێناوە.چونکە وەک لەشوێنی تریش ئاماژەم پێکردووە،حزبە سیاسییەکانی هەرێم خۆیان بەبۆنەی ئەنفالەوە دەوڵەمەندو ناسراو کرد ولەبەرامبەریشدا باڵای ئەنفالیان بچووککردووە.هۆکاریش زۆرن. ئەگەر بمانەوێ ئەنفال لەو جوگرافیایەی بەرینە دەرەوە دەبێت کۆی دامەزراوەکانمان نیشتمانی وپاک و دڵسۆز وبەئەمەک بن بەرامبەر بەخەمی ئەنفال و

سەرجەم دۆسیەکانی جینۆسایدلەباشووری کوردستان.دامەزراوەکانی هەرێم خاڵی بکرێن لەگەندەڵکاران ئینجا دەستبکرێ بەهەوڵ وتەقەڵلا بۆ وەرگرتنی ئەم دۆسیەیە لەسەکۆی نێودەوڵەتی وحکومەتی عێراقیش ناچار بکرێ بەوەی لەپەیماننامە نێودەوڵەتییەکان ببێت بەئەندام وتێکەڵ بەو وڵاتانە بێت کەمافی مرۆڤ درووشمی سەرەکی وپرەنسیپێکی مۆراڵی گەورەیە لای ئەوان. هەتا عێراق بەدابڕاوی بمێنێتەوە،هەرێمیش سیستم ودەسەڵاتەکەی لەنێوان دوو کەوانەدا نیشانەی پرسیار هەڵبگرێت،پێموایە هیچ لەدۆسیەکان سنوری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تێناپەڕێنێت کاتێک لەساڵی ٢٠٠٧ ئەنفالی وەک جینۆساید ناساند.

حکومەتی هەرێم دەیتوانی چیبکات بۆ پرسی ئەنفال و کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال ؟

١ حکومەتی هەرێم دەیتوانی کاری زیاتر بۆ ئەنفال بکات لەڕووی نێودەوڵەتییەوە

٢ دەیتوانی لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە زۆرترین گۆڕی بەکۆمەڵ بهێنێتەوە و تەرمی پێرۆزیان رادەستی کەسوکارەکانیان بکاتەوە.

٣ وردتر کاری لەسەر قەرەبوکردنەوە وموچەو ئیمتیازات بکردایە

٤ پرۆسەی بەدیکیۆمێنت کردنی ئەنفال لەبار وقۆناغێکی شایستەتردا بوایە.

٥ ناوچە ئەنفالکراوەکانی ئاوەدان بکردایەتەوە نەک کاول وویرانتری بکرادایە.

٦ لە بواری پەروەردەدا لەزۆربەی ئاستەکاندا وانەی ئەنفال وجینۆساید بخوێندرایە.

٧لەڕووی یادکردنەوە شیوازەکانی یادکردنەوەی بگۆڕیایە نەک ساڵ دوای ساڵ بەڵێن بدرێت وجێبەجێنەکرێت وخەڵک بێهیوا بکرێت لەمێژووی قوربانییەکانی خۆی.

٨ دادگایی کردنی تۆمەتبارانی ئەنفال ویەکلاییکردنەوەی ئەم دۆسیەیە کەلەدوای ٢٠٠٣ وە گەرمتر لەجاران قسەی لەسەر دەکرێت بەڵام زۆربەی ئەو تۆمەتبارانە لەریزی حزبەکانی دەسەڵات پێگەی زۆر گرنگ و هەستیاریان هەیە.

٩ئەنجامـدانی رووپێوییـەکی ورد ومتمانـەپێکراوو دروسـت بـۆ سـەرجەم لایەنـەکانی ئەنفال و ئەژمارکردنی سەرجەم زیانەکان.

١٠ دامەزراندنی میدیایەکی نیشتمانی بۆ پرسەکانی جینۆساید لەهەرێمی کوردستان و ئاراسەتکردنی بۆ دەرەوەی هەرێم.

١١ هاوکاری ئەم ژنانەی لەدوای ئەنفال منداڵەکانیان بەجوانترین شێوە پەروەردەکرد و رۆڵەکانیان کرد بەخاوەن بڕوانامەی بەرز و پۆستی گەورە.

١٢ بەداخـەوە بـەهۆی ئەنفالـەوە دەیـان کـچ قـەیرەبوون وپرۆسـەی هاوسـەرگیریی بەجێنەهێشتن،حکومەت نـەیتوانی لەرێگـەی پرۆژە بڕیارێکەوە کارئاسـانیان لەسـەر ئـەم پرسە بۆ بکات..

ئەرکی زیندووهێشتنەوەی ئەم تاوانە لەبیرەوەری تاک بەتاکی کوردا بۆئێستا و بۆ دەیان ساڵی داهاتووش لەسەرشانی هەموو تاکێکی بە ویژدان و بەئاگایە ؛

سـەرەتا دەبێـت لەکۆمەڵگەیـەکی هۆشـیارەوە دەسـتپێبکەین،ئەگەر کۆمەڵگەیـەکی هۆشـیار وتەندروسـتمان نەبێت،ئەگـەری ئـەوەمان لاوازدەبێـت دۆسـییەکانی جینۆساید،بەتایبەتی تاوانی ئەنفال لەبیرەوەریی و ئادەوەریی جێبکەینەوە،یان ئەنفال بکـەین بـە کۆیـادەوەریی لـەنێو زهنیـەتی کۆمەڵگـەی کوردیدا.پـەروەردە یـەکێک لەسـێکتەرەکانە ئەگـەر کـاری درووسـتی خـۆی بکـات وبـەپێی ئاسـتەکان ئـەنفال و تاوانـەکانی جینۆسـاید دابەشـبکاتەوە نـاو پرۆگرامـی پـەروەردەی کـوردی. بەواتایـەکی تر؛هەرکاتێک ئاستی هۆشیاری گەیشتە ئەوەی جیاوازیی درووستبکات وبگەڕێتەوە بۆ کاردکردن لەسەر مێژووی دۆسییەکانی جینۆساید لەباشوری کوردستان رێگاکانی تر ئاسان دەبن.چونکە لەبنەڕەتدا نیەتێک بەدیدەکەین بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵانەی لەرابردوودا کردوومانە.لەدوای پەروەردەوە لەهونەردا کاری لەسەر بکرێت بەتایبەتی

هونەری سینەما کەتارادەیەکی زۆر دەتوانێت خەمساردیی وبێباکییەکانی رابردوو چارەسەر بکات وئەنفال بەرێتە پێشەوە ..

گرفتێکی تری ئەم نەتەوەیە ئەوەیە : تاوانی ئەنفال خەریکە لە بیری نەوەی ئێستا دەچێتەوە، بۆچی ئەم تاوانە وازو بەئاسانی خەریکە لەیاد دەکەین؟

ولأمەکەی بەدیدی من بەمجۆرەیە؛لە بەر ئەوەی ئەنفال لەژیانی رۆژانەماندا بوونی نییە،جولەکەکان بەر لەنانخواردنیان درووود بۆ قوربانیانی هۆلۆکۆست دەنێرن چونکە پێیانوایە ئەوەی هەیانە لەم ژیانە،پەیوەندی بەقوربانیدانی ئەوانەوە هەیە.ئەم نەریتە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و هەستێکی مۆراڵی لەیادەوەریی جولەکە درووست دەبێ. بەڵام ئێمەی کورد ساڵی یەکجار یادی ئەنفال دەکەینەوە بەجۆرێک کەنەکەسوکاری ئەنفال دڵیان بەم یادکردنەوانە خۆشە و نەکۆمەڵگەی کوردستانیش پێیوایە ئەم جۆرە یادکردنەوەیە شکۆی قوربانیان بەرزرادەگرێت ونەدەتوانێ ببێتە مایەی رێزگرتن لەکەسوکاری قوربانیان. جارێکیتر دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پەروەردەو هونەر کەدوو سێکتەری گرنگ لەئاست تاوانی ئەنفال شکستخواردوون و نەیانتوانی ئەم تاوانە لەیادەوەریماندا بهێڵدرێتەوە.نەوەی نوێش هیچ ئاگاییەکی نییە لەبارەی رابردووی خۆی وئیش لەسەر هۆشیارکردنەوەی ناکرێت.لەهەمووشی شەرمتر؛ ئێمەی کورد دەزگای یادەوەریمان نییە تاوەکو هەرهیچ نەبێت چیرۆک وتراژیدیاکە بەوێنە و دەنگ وەرەنگ هاوشێوەی جولەکەکان بکات بەکاری هونەریی وگەنجەکان بڕوامان پێبکەن کەئەنفال تاوانێکە دژی ئەم گەلەی باشوور ئەنجامدراوە وکاریگەرییەکانیشی هەتا زەمەنێکی زۆر لەگەڵمان دەژی و دەمێنێتەوە.

بۆیە دەگەین بەو راستییەی کەئەنفال دۆسییەی سەدەیە ولەهەر سەردەم و بارودۆخێکدا کاری جددی بۆ بکرێت،دەتواندرێت بەشێک لەشکستەکانی رابردوو چارە بکرێت و قەرەبوو بکرێتەوە، ئەوەتا ئەرمەنەکان دوای ١٠٠ ساڵ زیاتر لەهەولدابوون

جینۆسایدی ئەرمەنەکان بەجینۆساید بناسێندرێت و هەتا ئێستاش لەهەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئەوەی ئەگەر کارێکی گەلی ئەرمەن بچوکیش بێت، بەلام بۆ گەلی ئەرمەن شکۆ و شانازییەو مایەی زیندوو هێشتنەوەی دۆسیەی جینۆساید کردنی گەلی ئەرمەن دەگەیەنێت.کوردیش بەهۆی ئەنفالەوە دەتوانێت کاری گەورەو ناوازە پێشکەش بکات.بەڵام ئەوەشمان لەیاد نەچێت؛رۆژانە بەهۆی مردنی ئەنفالکراوێک دەیان چیرۆکی نەبیستراوی ئەنفال لەنادەچن و بۆ هەتاهەتایە وندەبن.



عەلی دەروێش

# ڕوانینێك بۆ هۆلۆكۆستی جولەكەو جینۆسایدی كورد



سەرەتا ئەگەربمانەوێ بەگشتی لەواتای جینۆساید بگەین یاخود لەوپرسیارەوە دەست پێبکەین جینۆسایدچیە؟ لەکورتترین وەڵامدا جینۆساید بریتیە لەقڕکردنی کۆمەڵێك لەمرۆڤ لەلایەن دەوڵەت یان دەسەڵاتێك یاخودپارتێکی دەسەڵاتدارەوە ئەنجامدەدرێت،بەگشتی جینۆساید خۆیلەسەرجەم شێوازەکانی لەناوبردندا دەبینێتەوە لەوانە کوشتن ، زیندەبەچاڵکرن ،شوێن بزرکردن و خنکاندن بەگاز ، بەگشتی چەنجۆرێك لەجینۆسایدبوونی هەیە ئابوری ،کەلتوری ،بایەلۆژی،جەستەیی،

بەرەهایی لەزۆرولاتی جیهاندا جینۆسایدو قڕکردن روویداوە، هۆکارەکانی جینۆساید لەجیهاندا هەمیشە بریتبوون لەچەن هۆکارێك لەوانە( ئاینی ، نەتەوەی، ڕامیاری ) سەرچاوەی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی بیرێکی ڕەگەز پەرستانە وەك لەناوبردنی جووەکان لەسەردەستی نازییەکان و ئەرمەنییەکانیش لەلایەن عوسمانییەکانەوە، جینۆسایدی کوردیش بەهەمان شێوە بەرهەمی بیری ڕەگەز پەرستانەی حزبی بەعسی دەسەڵاتداری ئەوکاتەی حکومەتی عێراقی بوو.

نەتەوە یەگرتووەکان لەساڵی ١٩٤٨ جینۆساید بەتاوانێکی نێودەوڵەتی دەناسێنێت لەوبارەیەوە چەن ڕێکار و پێناسەیەکی داناوە، واتە لەئێستادا حەجم و کاریگەری جینۆساید لەهەر وڵاتێك یاخود هەر بستەخاکێکی دنیادابێت هەمان حەجمەو هەمان مامەڵەی لەگەڵدادەکرێت و هیچ جیاوازی و گۆڕاوێك لەنێوانیاندانیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا بیری ناسۆنالیستی و ڕەگەز پەرەستی هەرزاڵەو لەلۆبیدایە بۆ ئەوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان بەڕۆڵی خۆیان هەڵنەسن و کاریگەرنەبن لەمامەڵەکردن لەگەڵ پرسی جینۆسایددا،ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان بەرهەم و دەسکەوتی بەشێك لەو نەتەوانەی لەڕابردوودا جینۆسایدکراون جیاوازی دیارو بەچاو دەبینین لەنێوانیاندا،

جولەکە دووای هۆلۆکۆست:

هۆلۆکۆست یەکێکە لەتاوانە دژ بەمرۆییەکانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو کەلەلایەن نازییەکانەوە لەماوەی ساڵانی ١٩٤٠ بۆ ١٩٤٥ لەسەروەبەندی جەنگی جیهانی

دووەمدا، بەرامبەر ڕەگەزی جولەکەئەنجامدراو تیایدا بەپێی هەندێ ئامار زیاتر لە(٦)ملیۆن هاووڵاتی جوولەکەو (٦)ملیۆن هاووڵاتی غەیرە جوو، بوون بەقوربانی.

ڕووداوی کۆمەڵکوژی هۆڵۆکۆست هێندەترسناك و تۆقێنەربوو هەرزووکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هێنایەدەنگو چەن بڕیارێکیان لەپاش ڕووداوەکە لەبەرژەوەندی جوولەکە لەجیهاندا دەرکرد،ئەمەیش وایکرد جیهانی دووای هۆڵۆکۆست بەڕووی جولەکەدا،کراوەتربێت بە بەراورد بەجیهانی پێش ڕووداوەکە،بەدیوێکی تردا، ئەو ڕووداوە هەرچەن ترسناك و تۆقێنەربوو بەڵام بووبەهۆکاری وەرچەرخانێکی گەورە لەژیانی پێکهاتەی جوو لەجیهاندا ئەگەر ئەو وتەیەبۆهەندێ نەتەوەی جینۆسیدکراو ڕاستبێت کەلەدووای جینۆسایدکردنیان،دەروی خێروڕەحمەتیان بەسەرداکرابێتەوە یان ئەوەی بەسەریاندا هاتووە بوویێتەخاڵی خۆڕێکخستنەوەوبوژاندنەوەی نەتەوەییان، ئەوە بۆنەتەوەی جوو هەزارجار ڕاستە،چوونکە،نەتەوەی جوو بەراورد بەزۆربەی ئەو نەتەوانەی جینۆسایدکراون باشترین دەسکەوتیان هەبووە، ئەوەتا نەتەوەیەکی کەمینە بەڵام بارزو دیار لەجیهانی ئەمڕۆدا، خاوەن قەراری سیاسی و تەنانەت سەربازی و ئابوری جیهانن،هەندێجار نابێتەزیادەڕۆیی ئەگەربڵێن جوولەکەجیهان بەڕێوەدەبات، هەموو ئەمانەدەسکەوتی دووای هۆڵۆکۆستن.

جووەکان لەدووای هۆڵۆکۆست بوون بەخاوەنی کیانی خۆیان و دەوڵەتێکیان بۆ بونیادنرا، ساڵانە قەرەبوو لە ئەڵمان بۆ تەواوی جووە کانی جیهان وەردەگرن لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥بۆ١٩٤٧ چەن ڕێککەوتنێکی گرنگ لەجیهاندا لەبەرژەوەندیان ئەنجامدرا، لەوانە ڕێکەوتننامەی (پۆتسدام )و(ئاشتی) کەوڵاتانی ناوچەکەناچارکران بەقەرەبووکردنەوەی ئەودەوڵەتانەی زیانیان لێکەوتبوو لەجەنگدا،جووەکان لەم ڕێکەوتنەدا پشکی شێریان بەرکەوت و لەسەرجەم نەتەوەکانی تر زیاتر سود مەندبوون، لە٢٠یەنایری ٢٠٢٢ جارێکیکە لەسەرپێشنیازی ئیسرائیل و ئەڵمان پرۆژە بڕیارێك پەسەندکرا لەکۆی ١٩٣ وڵاتی ئەندام لەکۆمەڵەی نەتەوەیەگرتووەکان ١١٤وڵات دەنگیان پێدا ئەم پرۆژە بڕیارەیش دژی ئەودەنگانەبوو کەلەجیهاندا لەدژی

هۆلۆکۆست بەرزە و گوومان لە ڕێژەی قوربانی و گەورەیی قەبارەی ڕووداوەکە دەکات، تاکەوڵاتێك لەجیهاندا لەبەرەی دژی ئەم بڕیارەدا مایەوە و پاڵپشتی لێنەکرد ئێران بوو،

جووەکان و دەزگا موخابەراتییەکانی ئیسرائیل دەسکراوەن لەهەر وڵاتێکدا بەدووای ئـەو گەسـانەوەبن دژی ڕەگـەزی جـوون و پاڵپشـتیان لەئەنجامـدانی هۆلۆکۆستکردووە،لەبەینی دوو کەوانەدا هۆلۆکۆست تووانی زەمانەتی ئایندەی جوو بکات لەجیهاندا.

کورد دوای جینۆساید:

سـەرجەم جۆرەکـانی جینۆسایدمەترسـیدارو ترسـناکن لەهەرجێگایـەك جینۆسـاید ڕووبات ئەعرازووکاریگەری وێرانکەر لەپاشخۆی بەجێدێڵێت، زۆربەی ئەو نەتەوانەی جینۆسایدکراون توشی قەیرانی تەندروستی ، ئابوری ، کۆمەڵایەتی ، کەلتوری ، فکری هتد بونەتەوە ، ئەگەر میلەتێك لەماوەیەکی کورتدا جینۆسایدکرابێت ساڵانێکی زۆری پێویسـتبووە بـۆ ئـەوەی ئاسـەوارەکانی بسـڕێتەوە، هەرئەمەیشـەوایکردووە زۆربـەی نەتـەوەکانی جیهـان لـەپاش جینۆسـایدکردنیان شـێوازی مامەڵـەکردنی نەتـەوە و حکوومەتەکانی تر لەگەڵیاندابگۆڕێ،

بۆنموونـە کاتێـك ئەرمەنـەکان لەلایـەن تورکـە عوسـمانلیەکانەوە جینۆسـایددەکرێن دووای تەنهاساڵێك کیانێکیان پێدەدرێ و دەبن بەخاوەنی وڵاتی خۆیان ڕاستە ئەوەی پێیاندراوە لەسەرخاکو زێدی خۆیان نیە بەڵام تاڕادەیەك زەمانەتی مانەوەیاندەکات و لەمەترسی شۆڤێنستی تورك دەیان پارێزێت،

کورد تاکەنەتەوەیە جینۆساید نەیتوانیوە وەرچەرخان لەژیانیدابکات ، ژیانی بگۆڕێت ، زەمانەتی مانـەوەو ئایندەی بکات، هێشتا لەبەردەم مەترسیەکانی ڕەگەزپەرستیدایە، هێشـتاناتوانێت هەناسـەیەکی ئـارام و خـەوێکی ئاسـودەی هـەبێت ئەگـەری هەیـە لەهەرسـات و لەشـیرینی هەرخەوێکـدا دەیـان جانـەوەری وەك داعـش و کابوسەدروسکراوەکانی بیری ڕەگەز پەرستانەی تورك ، فارس،عەرب لەگیانی بەردرێت

و دەیـــان نمونـــوەی هاوشـــێوەی جینۆســـایدی کـــوردانی یەزیـــدیی بەســـەریدا دووبارەبکرێتەوە.

جینۆسـایدی کـورد سـەرجەم ڕەگـەزەکانی جینۆسـایدی تێدایـە، مەترسـیدارترین و ترسـناکترین جینۆسـایدە لـەمێژووی نوێـدا هـیچ جیـاوازی نیـە لەگـەڵ جینۆسـایدی ئەرمەن و هۆلۆکۆستی جوودا تاکەجیاوازییەك هەیبێت ئەوەیە کورد نەیتوانیوە لەپاش جینۆسـاید، خـۆی بگۆڕێ و لـەفۆرمێکی جیـاوازدا خـۆی ڕێکبخاتـەوە، جینۆسـاید بکات بـەخاڵی دەسـپێکی ژیـانێکی نـوێ لەهاوکێشـەی سیاسـەتی نێودەوڵەتیـدا جێی خـۆی بکاتـەوەو لـەدەرگای جینۆسـایدەوە بچێتەمەنزومـەی هێزەکاریگـەرەکانی جیهانـەوە تەنانەت لەعێراقی دوای ڕژێمی بەعس و سەدامیشدا، هێشتا جنۆساید نەبووە بەکارتی هێـزی کـورد لەناوچەکـەدا، ئـەوەتا هەرجارەوبەبیانوویـەك بەرژەوەندییـەکانی دەکەوێتەژێرمەترسیەوە.





نووسینی: حەسەن ئەحمەدی نیاز

پسپۆڕی یاسا نێودەوڵەتییەکان

وەرگێڕانی: عومەر تینو

# ئەنفال: پرۆسەی لەناوبردنی کوردان

لە ساڵیادی تاوانی نامرۆڤانەی  پرۆسەی (ئەنفال)ی ڕژێمی بەعسی عێراق لە دژی کوردەکانی عێراقداین.  پرۆسەی ئەنفال، ناوی پرۆسەیەك بوو، کە تێیدا هێزەکانی ڕژێمی بەعسی عێراق، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە (سەدام حسێن تکریتی فەرمانیان وەردەگرت، زیاتر لە( ١٨٢) هەزار کوردی عێراقییان لە ژن و منداڵ و پیر و لاو، بە شێوازی گروپ و بە کۆمەڵ ژینۆساید کرد.

پرۆسەی ئەنفال، ئەو پرۆسەیە بوو، کە لە ساڵی ١٩٨٨ تا ١٩٨٩، کە تێیدا هێزەکانی ڕژێمی بەعسی عێراق، زیاتر لە (١٨٢) هەزار کەس لەوانە هەشتا هەزار بارزانی و دەیان هەزار گەرمیانی کوردی عێراقیان ئەنفال کرد. هاوکات ئەنفال نمونەیەکی بەرجەستە و زیندووی(دەسەڵاتی ڕەها)یەك بوو، کە سەدام حسێن سەرۆککۆماری ئەوکاتی عێراق بە (بەرپرسی باکور)ی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی، (عەلی حەسەن ئەلمەجید)ی دابوو. ئەو دەسەڵات و هێزەی، کە لە (٢٩ مارسی ساڵی ١٩٨٧ تا ٢٣ ئەپریڵی ١٩٨٩) بە (عەلی حەسەن ئەلمەجید)درا بوو، بە ئەندازەی ئەو دەسەڵاتانە بوو، کە هەموو ناوەندە دەوڵەتییەکانی عێراق بە سەرۆك کۆماریان دابوو.

عەلی حەسەن ئەلمەجید، کە لە لایەن کوردەکانە بە (عەلی ئەنفال) یان (علی کیمیاوی) بەناوبانگ بوو، یەکەمین کەس بوو، کە پلانی ژینۆسایدی لە دژی کوردەکان جێبەجێکرد. لە درێژەی پرۆسەی ئەنفالدا تراژیدیا و مەرگەساتی هەڵەبجە و دەیان گوندی تر، کە تێیدا (گازی سارین) و کیمیاوی هاوشێوە بەکارهێنرا بوو، کە مەرگی دەیان هەزار کەس لە ژنان و منداڵانی لێکەوتەوە. هەروەها زیاتر لە چوار هەزار گوند، ناحیە و شار و وێران بوون، کە لە بەڵگەنامە دەوڵەتییەکاندا تۆمار کراوە:(وێران یان خاپوور بوون)، لەگەڵ زەویدا تەخت کران و پاکتاو کران. بەپێی ئاماری پەسەندکراو، لە ماوەی پرۆسەی حەوت مانگەی ئەنفالدا، کە تەنها لە پارێزگاکانی کەرکوك، دیالە، نەینەوا و سەلاحەدین و... ئەنجام درا بوو،زیاتر لە چوار هەزار گوند وێران و زیاتر لە ١٨٢ هەزار کەس لە خەڵکی سڤیل لە لایەن سوپا و سەربازانی ئەمنی و هەواڵگری عێراق کۆمەڵکوژ کران. هەر لەم نێوەندەشدا شارەکانی هەڵەبجە، تەوێڵە، خورماڵ، سەید سادق، پێنجوێن، قەڵادزە، سەنگەسەر، چوارتا، قەڵاچوالان و ماوەت بە تەواوی خاپوور کران و چۆڵکران. پاش جەنگی کەنداوی فارس و هێرشی هاوپەیمانان بۆ عێراق و دەستگیرکردنی (سەدام حسێن) و هەندێك لە داروودەستەکەی، ناوبراو و

تاقمەکەی بەتایبەت (عەلی کیمیاوی) بە تاوانی دژە مرۆڤایەتی و ژینۆسایدی کوردەکان لە دادگای تایبەتی تاوانەکان سەرانی عێراق داداگایی کران.

لە بابەتی پرۆسەی ئەنفالدا دوو مەسەلە لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە دێتە ئاراوە، یەکەم مەسەلەی بەکارهێنانی چەکە کیمیاوییەکانە لە دژی هاووڵاتیان و خەڵکانی سڤیلی کوردی عێراق و دووەم ژینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە، چونکە بە پێی بڕگەکانی یاسای نێودەوڵەتی ئەم کارە ژینۆساید بوو.

ژینۆساید، بریتییە لە هەرجۆرە هەنگاونان و دەستپێشخەرییەك بەمەبەستی لەناوبردن و سڕینەوەی فیزیکی بەشێك یان هەموو گروپێکی نەژادی، نەتەوەیی، میللی، ئاینزایی و ئایدۆلۆژی.

کاتێك، کە (هەڵەبجە) وناوچەکانی تری کوردستانی عێراق لە (١٦ی مارسی ١٩٨٨) بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بۆمباران کرا، سیستەمی یاسایی دەسەڵاتدار لەسەر بەکارهێنانی ئەم چەکە، (پرۆتۆکۆلی ١٩٢٥ ژنێف) و (ڕێککەوتننامەی ١٩٧٢) بوو.

ئەو دەوڵەتانەی ئەندامی یەکێتی عەرەب بوون بە ڕاڤەکردنی بەرتەسك بۆ پرۆتۆکۆڵی ١٩٢٥، دەستیان دایە دەستی یەکتر، بەڵکو بتوانن عێراق لە تۆمەتی شکاندنی پرۆتۆکۆڵ بێ تاوان دەر بکەن. بانگەشەی ئەوە دەکرا، کە ڕێگری کردن لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، تەنها بە (دوژمنایەتی نێودەوڵەتی) سنوردارە، بەڵام ١٢ دەوڵەتی ئەندامی یەکێتی ئەوروپایی و زۆرێکی تر لە دەوڵەتان، بەیەك دەنگ ئەم بۆمباران کردنەیان مەحکوم و ئیدانە کرد. وێنایەك، کە لە ناوچونی یەکجاریی هەزاران ژن وپیر و مناڵ، کە تەرمەکانیان بەسەریەکدا کەڵەکەکرابوون هیچ ڕێگەیەکی بۆ ڕێککەوتن لەبەرانبەر عێراقدا نەهێشتبووەوە. شوێنەواری ئەم کارە تۆقێنەرە بەسەر ویژدان و ڕایگشتی جیهانیدا تا ئەو جێگەیە بوو، کە لە مادەی یەکی ڕێککەوتننامەی (ڕێگری لە پەرەپێدان، بەرهەمهێنان، کۆکردنەوە و بەکارهێنانی چەکە کیمیاوییەکان و

لەناوبردنیان پەسەندکراوی (١٩٩٣) بڕیار درا، ئەو دەوڵەتانەی ئەندامی ڕێککەوتننامەکەن هاوپەیمان دەبن، کە هەرگیز لە ژێر هیچ هەلومەرجێکدا چەکی کیمایی بەکار نەهێنن و لەم نێوەندەشدا هیچ جۆرە جیاکارییەك لە نێوان دوژمنایەتییە نێوەدەوڵەتییەکان و نێوخۆییەکان بوونی نییە. پاش جێگیر کردنی قەدەغە کردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە یاساکانی ڕێککەوتنەکەدا، نۆرەی ڕۆتینی یاسایی نێودەوڵەتییە تاکو قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئەم چەکە لە دوژمنایەتییە نێوخۆییەکاندا لە (یاسای عورفی)یشدا ڕابگەیەنێ.

ئەتوانرێ ئەم کارە تاونکارانیانە لە ژێر ناوی (ژینۆساید)وەسف بکرێ،چونکە هەموو پێوەرەکانی کۆمەڵکوژی بەکۆمەڵی یان ڕەگەزکوژی تێیدا لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە ئاخێنراوە.

دادگای شاری (لاهای)ی هۆڵەنداش (وەکو دادگای نێوخۆیی ئەو وڵاتە) لە درێژەی دادگاییکردنی (فرانس ڤێن ئانرات) بەتاوانی هاوبەشی کردن لە دابینکردنی مادەی کیمیایی پێویست لە دروستکردنی چەکی کیمیایی بۆ دەوڵەتی عێراق و لەگەڵ دەرکردنی بڕیاردا، بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند، کە کۆمەڵکوژکردنی کوردەکان لە عێراقدا، تاوانی ژینۆسایدە.

هەروەها هەندێك لە ناوەندە سیاسییەکان لە عێراق و دەرەوەی عێراق، کارەکانی ڕژێمی بەعسیان لە دژی کوردەکانی ئەو وڵاتە(لەوانە کیمیابانکردنی هەڵەبجە) لە ژێر ناوی ژینۆساید بە فەرمی ناساند. پەرلەمانی وڵاتانی وەکو نەرویژ و سوید و ...یش کۆمەڵکوژیی خەڵکی هەڵەبجەیان بە فەرمی بە ژینۆساید ناوەزەد کرد، کە پێویست دەکات پەرلەمان لەسەر بنەمای دەستوور و پالپشتییە هەمیشەییەکان و ئەو پەیوەستیانەی کوردەکان و شیعەکانی عێرا ق و تاوانەکانی سەدام و ڕژێمی بەعس لە

دژی وڵاتەکەمان بەرانبەر بە مەحکومیەتی پرۆسەی ئەنفال لە ژێر ناوی ژینۆسایددا هەنگاو بنێ.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی (شەرق) ژمارە (١٧٠٨، سێشەمە ١٤/٤/٢٠١٤)





محەمەد خورشید

# ئەنفال تەوەرکەساتەی کەهەرگیز لەیادمان ناچێت



بەدرێژایی مێژووی ڕزگاری خوازی گەلەکەمان، حکومەتە شۆڤینیەکانی ڕژێمی عێراق ، دەیان تاوانیان بەسەرنەتەوەکەماندا هێناوە، هەر لەئەنفال و کیمیاباران کردنی هەڵەبجە و خاپوورکرنی زێدو سوتماک کردنی خاکەکەیی و تەعریب و ڕاگواستن و سڕینەوەی کەلتورو ناسنامەی نەتەوەیمان، لەناوبردنی بەکۆمەڵی نەتەوەی کورد قڕکردنی ڕەچەڵەکی کورد یەکێک بووە لەئامانجەکانی ڕژێمی بەعس، لەپاڵ ئەم هەموو ستەم و کۆمەڵکوژیەیی نەتەوەکەماندا، بۆ ساتێکیش دەسبەرداری مافەڕەواکانی نەبووە و ئینتیمای بۆ خاک و نیشتمانەکەی زیاترو زیاتر بووە، خۆشبەختانە سەرباری خەباتی نەتەوەکمان ڕاپەڕینی گەلی کورد هاتە کایەوە، دیارە ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی مێژووی و پیرۆز بوو کە بووە هۆیی ڕزگاری نەتەوەکەمان لەژێر چنگی داگیرکەرو ئازادی و فەراهەم کردنی تاکی کورد و دووبارە ژیانەوە و ئاوەدان کردنەوەی نیشتمان، لێرەدا دەمەوێت باسی ئەو قۆناغە پڕ سەروەریە بکەم کەهەوێنی شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلی کورد و پشت و پەنای پێشمەرگە بووە ، بێ گومان نابێ لەبیری بکەین، ئەویش گوندەکانی کوردستان بوون کە هەمیشە لانکەی خەبات و جێگەی حەوانەوەو پلان دارێژەری هێزە خەباتکارەکان بووە، بەڵام بەداخەوە لەدوایی ئەنفال و ڕاپەڕین، هەر زوو گوندنشینەکان لەبیر کران و فەرامۆش کران، دەسەڵاتداران و حکومڕانی ئێستای هەرێمی کوردستان بەتەواوی خەڵکی ئەنفالی پشت گوێ خستووە و مافە سەرەتایەکانیشی پێ ڕەوا نابینێ، ئەنفال تاوانێک لەمێژوویی مرۆڤایەتیدا وێنەی نەبووە، گەرلەهەر سوچێکی تاوانەکەوە بڕوانین دەبینین پرۆسەی ئەنفال لەلای بکەرانی ئەوە بووە دەیانویست هەموو کورد قڕ بکەن و لەناوی ببەن و بیسڕنەوە، ئەمەش پلانێک بوو کە ڕژێم خۆی دایڕشتبوو، یەکێک لەو بەڵگانەیی کە ئەیسەلمێنێ ئەویش ئەوەیە ڕژێمی ڕوخاو مناڵ و پیرو پەک کەوتە و خەڵکی مەدەنی زندە بەچاڵ و گولە باران دەکرد، بۆیە بەهەموو پێوەرێک ئەنفال تاوانێکی نێو دەوڵەتی و جینۆسایدە.

# بەداخەوە لەدوایی ئەنفال و ڕاپەڕین، هەر زوو گوندنشـینەکان لەبیـر کـران و فەرامـۆش کران.

بەداخەوە ئەوتاوانە گەورەیەی بەسەر میلەتەکەمانا هات هەتا ئێستاش کاریگەری نەرێنی بەسەر ڕزگاربوانی ئەنفال بەجێهێشتووە، دەکرا حکومەتی هەرێم تاوانی ئەنفالی بکـردایەتە گەورەتـرین چەکـی بەرەنگـاربونەوەی دووژمنەکانمـان، بەڵام بەداخەوە نەتـوانرا ئەنفـال بکـرێتە مەزڵـومیەتی میلەتـی کـورد، جـگە لەمـانەش هەتـا ئێسـتاش نەمـانتوانی ئەنفـال بەدنیـای دەرەوە بناسـینین وەک جینۆسـاید، جـگەلەمەش لەنێـو خـۆیی هەرێم نەتـوانرا وەک پێویسـت خزمەت بەکەس و کاری ئەنفـال کـراوان بکـرێت، بـۆیە پێویسـتە ئێسـتاش کار لەسـەر پرۆسـەی ئەنفـال بکـرێت و هەمـوو دیکـۆمێنـت و بەڵگەکان کۆبکرێتەوە و ڕای جهانی نێودەوڵەتی لێ ئاگادار بکرێتەوە، بـۆ بەجینۆسـاید ناسـاندنی تـاوانی ئەنفـال، بـۆ ئەوەی جـارێکیتر تـاوانی هاوشـێوە بەسـەر گەلەکەمانـدا دووبارە نەبێتەوە، بەرکەتوانیش قەرەبوویی مادی و مەعنەوی بکرێنەوە، دەکرێت لێرە بەدواوە هەڵوێسـتە لەسـەر ئەنفـال بکەیـن و هەمـوو تـاکێکی کـورد خـۆی بەخـاوەنی قوربانیـانی ئەنفـال بزانـێ و وەک بەرپرسـیاریەتییەکی مێژوویـی ناسـنامەی ئەنفـال بپارێزێت.



گوندی کوڵەجۆی حاجی حەمەجان



م. محەمەد ڕەحیم
دبلۆمی باڵا لە زمانی ئینگلیزی/ بەشی وەرگێڕان



جینۆساید تاوانێکە دەرهەق بە مرۆڤایەتی دەکرێ بۆ لەناوبردنی بەشێکیان یان کوشتنی هەموویان ،ئەمجا چ گروپێکی نەتەوەیی بن یان ئایینی، یان جۆرێکە لەهەوڵدان بۆ پاکتاوکردنی ئەو گروپە. جینۆساید بەزۆری لەلایەن گروپێکەوە ئەنجام دەدرێت، وەک حکومەت یان گروپێکی سەربازی، نەک لەلایەن یەک کەس یان ژمارەیەکی کەمی خەڵکەوە.

زاراوەی جینۆساید لەلایەن (ڕافائیل لیمکین) کە یاساناسێکی پۆڵەندی یە لە ساڵی (١٩٣٣) لەمەدریدی پایتەختی ئیسپانیا لە کۆنفرانسێکدا بەکاری هێنا، لەساڵی (١٩٤٢) بە نووسین تۆماری کردووە. ئەمەش دوای ئەوەهات کە تەواوی ئەندامانی خێزانی ئەم یاسانناسە بە دەستی نازییەکان لەناوبران.

زاراوەی جینۆساید لە دوو بڕگە پێکهاتووە، (جینۆ) وشەیەکی یۆنانی یە بە واتای ڕەگەز یان بنەچە دێت، (ساید) وشەیەکی لاتینی یە بە واتای لەناوبردن یان قڕکردن یان پاکتاوکردن دێت. هەردوو وشەکە پێکەوە بە مانای پاکتاوی ڕەگەزی دێت.

لە کۆندا باوبوو کە براوەی شەڕەکان ئەوانەی سەردەکەوتن، هەموو پیاوەکانی ئەو ناوچانەی کە دەکەوتە ژێر دەسەلاتیان کۆمەڵکوژ دەکرد. بۆنموونە (ئوستاشەکان) ی کرواتیا نموونەیەکی دیارن لەبواری جینۆسایدا، وە هەروەها کۆمەڵکوژی (کاتاری) ەکان لەجەنگی خاچپەرستی (ئەلبیجینسی) وەک جینۆساید ناوزەند دەکرێن. وە هەروەها خەڵکی (مێلۆس) هەموویان سەربڕدران دوای ئەوەی لەکاتی جەنگی (پێلۆپۆنیس) دا خۆیان تەسلیمی (یۆنان) ییەکان نەکرد، هەروەها کۆمەڵکوژی (ئەرمەنەکان) بەدەرنیە لە جینۆساید کە لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە ئەنجامدرا. لەناوبردنی جووەکانی ئەورووپاو ڕۆما نموونەیەکی دیکەی جینۆسایدن.

ئەنفالی کوردەکانیش جینۆسایدێکی حاشا هەڵنەگرە، چونکە ئەنفال هەوڵێکی بەرنامە بۆ دارێژراوی دەوڵەتی عێراق بوو بۆ پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد. لە ساڵی (١٩٩٢) لە

دوای جەنگی کەنداو، ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچ تیمێکی لە لێکۆڵەرەوان ڕەوانەی باشووری کوردستان کرد. ئەم تیمە لە ماوەی چەند مانگێکدا دەستیان بەگەڕان و لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ کرد. ئەندامانی تیمەکە چاویان کەوت بە نزیکەی (٣٥٠) لەو کەسانەی کە لە پرۆسەی ئەنفال ڕزگاریان بووە و گەواهیدەری کۆی پرۆسەکە بوونە، پشکنینی خاکی ئەو ناوچانەشیان کرد کە چەکی کیمیایی تێدا بەکارهێنرابوو، بەڵگەنامەکانی ئاسایشی عێراق کە لەلایەن کوردەکانەوە هەڵگیرابوون درانە دەست ڕێکخراوەکە بۆ پشکنین و بەدواداچوون، دوای پشکنین و بە دواداوچوون هیومان ڕایتس وۆچ گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەنفال تاوانێکی کۆمەڵکوژی یە.

لە ساڵانی (١٩٩٤-١٩٩٥) هەوڵی دا قەناعەت بەو حکومەتانە بکات کە پەیوەستن بە مافەکانی مرۆڤەوە، لە بەرز کردنەوەی داوایەک لەسەر حکومەتی عێراق بەپێی بەندەکانی ڕێککەوتنامەی نەهێشتنی تاوانی کۆمەڵکوژی و سزادان لە دادگای نێودەوڵەتی، بەڵام ئەم هەوڵە بێ ئاکام بوو. سەرئەنجام لەپاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، سەرانی بەعس گیران و زیندانی کران. دوای ئەوە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە، پاش ماوەیەکی زۆر لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون، لەکۆتاییدا دادگای ناوبراو بڕیاریدا بە ناساندنی شاڵاوەکانی ئەنفال وەک جینۆساید. هاوکات لە ڕۆژی یاد کردنەوەی ساڵانەی ئەنفال دا لە (١٤ی نیسانی ٢٠٠٨) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق شاڵاوەکانی ئەنفالی وەک جینۆساید ناساند، وە لە هەمان ساڵ لە ڕۆژی (١٠ی ئەیلولی ٢٠٠٨) سەرۆکایەتی کۆماری عێراقی فیدراڵیش شاڵاوەکانی ئەنفالی بە جینۆساید ناساند.

**ڕێککەوتنامەی قەدەغەکردنی جینۆساید**

بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ، هەر هەوڵێک بۆ لە ناوبردنی بەشێک یان هەموو نەتەوەیەک یان ئاینێک بدرێت، ئەو هەوڵە جینۆسایدەو تاوانێکە دژ بە

مرۆڤایەتی. کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ڕێگریکردن لە شەڕو نەهامەتییەکان کە هەمیشە مرۆڤەکان تێیدا دەکرانە قوربانی سیاسەتە ڕەگەز پەرستەکان و وڵاتانی چاوبرسی بۆ داگیرکردن و لەناوبردنی نەتەوە ژێر دەستەکان، بەمەبەستی قڕکردن و سڕینەوەی مرۆڤەکان لەپێناو بەرژەوەندی چەپەڵی سیاسی خۆیان. لەهەموو قۆناغەکانی مێژوو دا جینۆساید زیانی گەورەی بە مرۆڤایەتی گەیاندووە، ئینجا بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە بەڵایەکی ئاوا قیزەون ڕزگاری بێت، هاوکاری نێودەوڵەتی پێویستە. بە بڕیاری ژمارە (٩٦) ی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕۆژی (٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦)، بەپێی یاسا جینۆسایدی بە تاوانێکی نێودەوڵەتی داناوە، چونکە تاوانەکە دژی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە. تا ئێستا زیاتر لە (١٣٠) وڵات ئەم ڕێککەوتنامەیەی پەسەند کردووەو پێوەی پابەندن. لێرەدا بە پێویستی دەزانین تیشکبخەینە سەر ماددەکانی ئەو ڕێککەوتنامەیە کە بریتین لە: **ماددەی یەک:** ئەو لایەنانەی کە ڕێککەوتنامەکەیان واژۆ کردوە ڕێککەوتون لەسەر ئەوەی کە جینۆساید تاوانێکی نێودەوڵەتی یە،ئینجا چ لەکاتی شەڕ یا لە ئاشتی دا ئەنجامدرابێت، بۆیە بەڵێنیان بە قەدەغەکردنی جینۆساید داوەو سزاشیان بۆ ئەنجامدەرانی داناوە.

**ماددەی دوو:** جینۆساید ئەو تاوانانە دەگرێتەوە، کە بە مەبەستی لەناوبردنی بەشێک یان کۆمەڵێکی نەتەوەیی یان ڕەگەزێک ئەنجام درابێت، کە بریتین لە:

١-کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵێک.

٢- زیان گەیاندنی جەستەیی یان دەروونی یان گیانی بە ئەندامانی کۆمەڵێک.

٣- بەزۆر(تۆپزی) سەپاندنی بارودۆخی ژیان لە هەل و مەرجێکی بژێوی دژوارو سەخت، بە مەبەستی لەناوبردنی بەشێکیان یان هەموویان.

٤- ڕێگریکردن یان کۆسپ خستنە بەردەم وەچە خستنەوە (زاوزێ) لە کۆمەڵێکدا.

٥- دابڕانی منداڵ لە دایک و باوکیان (خێزان)، بردنیان بۆ کۆمەڵگەیەکی تر.

**ماددەی سێ:** ڕێککەوتنامەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سزای بۆ ئەنجام دەرانی ئەم تاوانانەی خوارەوە داناوە وەک:

١-ئەنجامدانی جینۆساید.

٢-پیلانگێری بۆ جینۆساید.

٣-هاندانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ جینۆساید.

٤- هەوڵدان و هاوبەشیکردن لە جینۆساید.

**ماددەی چوار:** هەر تاوانبارێک تێوەگلابێت، بەیەکێک لەو تاوانانەی کە لە ماددەی سێ دا ئاماژەی پێکراوە، بەپێی ڕێککەتنامەکە سزادەدرێت، ئینجا ئەو کەسانە دەسەڵاتداری دەستووری یاخود فەرمانبەری گشتی یاخود تاکی ئاسایی بن.

**ماددەی پێنج:** هەموو ئەو وڵات و لایەنانەی کە ڕێککەوتنامەکەیان مۆرکردووە، پابەندی خۆیان و وڵاتەکەیان دووپات کردۆتەوە بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنامەکە، بەتایبەتی سزادانی ئەنجام دەرانی تاوانی جینۆساید.

**ماددەی شەش:** ئەنجامدەرانی هەر تاوانێک کە لە ماددەی سێی تاوانی جینۆساید دا هاتووە، لەبەردەم دادگایەکی ناوخۆیی یان تایبەتی ئەو وڵاتەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە دادگایی دەکرێن، بەڵام ئەگەر نەتوانرا لە دادگایەکی ناوخۆیی دادگایی بکرێن، ئەوا ئەوکات لەبەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتی دادگایی دەکرێن.

**ماددەی حەوت:** ئەو تاوانانەی کە لە ماددەی سێ ئاماژەی پێکراوە بە تاوانی سیاسی دانانرێت و ئەنجامدەرانی تاوانەکە ناتوانن لە وڵاتانی تری ئەندام مافی پەنابەری سیاسی وەربگرن، چونکە وڵاتانی ئەندامی ڕێککەوتنامەکە بەڵێنیان داوە کە تاوانبارانی جینۆساید و تاوانەکانی تریش، ڕادەستی وڵاتەکانیان بکەنەوە.

**ماددەی هەشت:** هەر لایەنێکی ڕێککەوتنامەکە بۆی هەیە داوا لە دامەزراوە تایبەتمەندەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات، کە بەپێی پەیماننامەی

نەتەوەیەکگرتووەکـان، هەر ڕێوشـوێنێکی گونجـاو بگـرێتەبەر بـۆ قەدەغەکـردن و سـەرکوتکردنی تاوانەکانی جینۆسـاید یـاخود هەر تاوانێـک لە تاوانەکانی ماددەی سـێی ڕێککەوتنامەکە.

**ماددەی نۆ:** لەسـەر داوای هەر لایەنێکی نـاکۆک بـۆ کێشـەکانی نێوانیـان، ئەنـدامانی ڕێککەوتـنامەکە دەتوانن داوا لە دادگای نێودەوڵەتی بکەن، کە پەیوەستبێ بە شرۆڤە کـردن یـاخود جێ بەجێکردنـی بەنـدەکانی ڕێککەوتنـامەکە یـاخود پەیوەسـتبێ بەو کێشـانەی پەیوەندی بە لێپرسراوێتی هەر دەوڵەتێکەوە هەیە لەبواری جینۆسـاید یاخود هەر تاوانێک لەو تاوانانەی لە ماددەی سێ ڕێککەوتنامەکەدا هاتووە.

**ماددەی دەیەم:** ئەم ڕێککەوتننامەیە بە زمانەکانی چینی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ڕووسی و ئیسـپانی بە یەکسـانی دەنوسـرێن و بەرواری (٩ی کـانوونی یەکەمـی ١٩٤٨) کـاری پێدەکرێت.

**ماددەی یازدە:** ئەم ڕێککەوتنـامەیە تـا (٣١ی کانوونی یەکەمی١٩٤٩)کراوە دەبێـت بۆ واژۆکردن بەناوی هەر ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەر وڵاتێک کەتێیدا ئەندام نەبێت کە بانگهێشتی واژۆکردنی لەلایەن کۆبوونەوەی گشتیەوە ئاراستەی کراوە.

**مـــاددەی دوازدە:** هەر لایەنێکـــی پەیمانبەســـت دەتوانێـــت لە هەر کاتێکـــدا بە ئاگادارکردنەوەیەک کە ئاراسـتەی سـکرتێری گشـتی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەکا، ئەم ڕێککەوتننـــامەیە بـــۆ هەمـــوو یـــان هەریەکێـــک لەو وڵاتـــانەی کە ئەنـــدامن تێیـــدا جێبەجێبکات بەو بەرپرسیاریەتیەی کە هەیەتی.

**ماددەی سێزدە:** لەو ڕۆژەی کە بەڵگەنامەی پەسەندکردن یان پەیوەستبوون دانراوە، سکرتێری گشتی ڕێکارێکی زارەکی دادەڕێژێت و کۆپییەکی دەگوازێتەوە بۆ هەر ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتووەکـان و بـۆ هەریەکێـک لەو وڵاتـانەی کە ئەنـدامنین تێیـدا وەک لە ماددەی یازدەدا هاتووە.

**ماددەی چواردە:** ئەم ڕێککەوتننامەیە لە بەرواری جێبەجێکردنیەوە بۆ ماوەی دە ساڵ کاری پێدەکرێت.دواتر بۆ ماوەی یەک لە دوای یەک بۆ ماوەی پێنج ساڵ بۆ ئەو لایەنە پەیمانبەستانەی کە لانیکەم شەش مانگ پێش تەواوبوونی ماوەی ئێستا تانەیان لێنەداوە، کاری پێدەکرێت. تانەدان بە ئاگادارکردنەوەیەکی نووسراو ئەنجام دەدرێت کە ئاراستەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت.

**ماددەی پازدە:** ئەگەر لە ئەنجامی تانەدانەکەدا، ژمارەی لایەنەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە کەمتر بێت لە شانزە، ئەوا ڕێککەوتننامەکە کاریگەری لەسەر تانەدانەکە نابێت.

**ماددەی شازدە:** داواکاری بۆ پێداچوونەوە بەم ڕێککەوتنامەیەدا دەتوانرێت لە هەر کاتێکدا لەلایەن هەر لایەنێکی پەیمانبەستەوە بکرێت لە ڕێگەی نوسراوەوە کە ئاراستەی سکرتێری گشتی دەکرێت.کۆبوونەوەی گشتی بڕیار لەسەر ئەو هەنگاوانە دەدات، ئەگەر هەبن، کە دەبێ بگیرێتەبەر سەبارەت بەو داواکارییە.

**ماددەی حەڤدە:** سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی تر کە ئەندام نین تێیداوەک لە مادەی یازدەدا هاتووە لەمانەی خوارەوە ئاگادار دەکاتەوە:

آ) واژۆ و پەسەندکردن و پەیوەستبوونەکان کە بەپێی مادەی یازدەهەم وەرگیراون؛

ب) ئەو ئاگاداریانەی بەپێی ماددەی دوازدە وەرگیراون؛

ج) لەو بەروارەی ئێستای ڕێککەوتنامەکە بەپێی ماددەی سێزدە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە؛

د) ئەو تانانەی کە بەپێی مادەی چواردە وەرگیراون؛

ه) هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنامەکە بەپێی مادەی پازدە؛

و) ئەو ئاگاداریانەی کە بەپێی مادەی شانزە وەرگیراون.

**ماددەی هەژدە:** کۆپی بنەڕەتی (ئۆرجیناڵ)ی ئەم ڕێککەوتننامەیە لە ئەرشیفی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێت.کۆپییەکی لەبەرگیراو لە ڕێککەوتننامەکە دەدرێت بە هەر ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە هەریەکێک لەو وڵاتانەی کە ئەندام نین تێیدا، وەک چۆن لە ماددەی یازدەدا ئاماژەی پێکراوە.

**ماددەی نۆزدە:** ئەم ڕێککەوتننامەیە لە بەرواری جێبەجێکردنی یەوە لەلایەن ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە تۆمار دەکرێت.




توێژەر: عەبدولهادی مەتوک ئەلحاتەم

ناوەندی عێراقی بۆ بەڵگەنامەکردنی تاوانە توندڕەوەکان

وەرگێڕانی: ڕێکخراوی شوناسی کورد


# گۆڕە بەکۆمەڵەکان میراتی دەسەڵاتە
# دیکتاتۆرەکان و باندە تاوانکارەکانن



١٦ی ئایاری ٢٠٠٧، بە رۆژی نیشتمانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە عێراقدادیاری کرا، کە دوای ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر پێویستی دیاریکردنی ئەم ڕۆژە هەموو ساڵێک وەکو ڕۆژی نیشتمانی بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە عێراقدا، ئەو ڕۆژەیە کە گۆڕەبەکۆمەڵەکان دۆزرایەوە گەورەترین گۆڕستانی تێدایە بۆ قوربانیانی ڕژێمی بەعس کەقڕکردنی گەلی عێراق بوو دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی سەدام لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣، ئەمەش بەدەرکەوت.

گرنگی ئەم ڕۆژە لەوەدایە کە ئەم تاوانە گەورەیە و ناڕەزایی قوربانییەکانمان و ئەو خەسارە گەورەیەی کە بەسەر وڵاتەکەماندا هات بەهۆی پراکتیزەکردنی مشتێک لە تاوانباری بەعسیەوە کە ئیرادەی گەلی عێراقیان بۆ سێ دەیەی لاوازکرد لە ڕووی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوورییەوە.

ئایا مێژوو دەتوانێت تۆماری هەر توندوتیژی و چەوساندنەوەیەک لەبیر بکات کە ئەم دەسەڵاتە بەرامبەر گەلەکەی ئەنجامی دەدات و دیمەنە ترسناکەکانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەبیر دەکات؟ ئایا مێژوو دەتوانێت یادەوەری تاڵی دۆزینەوەی سەدان گۆڕی بەکۆمەڵ کە هەزاران کەسی تێدا نیشتەجێیە لەبیر بکات؟ نەخێر، مێژوو هەرگیز لەبیری ناچێت؛ چونکە میللەتی ستەملێکراو لە عێراقدا، دوای ئەوەی لە ژێر چەکی دەسەڵاتی لەناوچووی سەدام حوسێن ڕزگاری بوو، کە زیاتر لە سی ساڵ ستەمکاریی بەردەوام بوو، دەرفەتێکی بۆ ناهەمواری زیاتر لەوەی کە دەرفەتی دڵخۆشی و شادیی بۆ ڕەخسا، دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بۆ ئەو دایک و باوکانەی کە ڕۆڵەکانیان وونکردووە کە هێشتا شوێنەواری دەیان ساڵە لە زیندانە ترسناکەکانی سەدامدا نەدۆزراونەتەوە.

ئەو گەنجانەی کە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بەعسدا سزای لەسێدارەدان و ناشتنیان بەسەردا سەپێندرا، کەهیچ گوناهێکیان نەکرد جگە لە دژایەتیکردنی سیاسەتی بەعسی لەناوچوو.

لەم قۆناغە تاریکانەی مێژووی عێراقدا، سەدان هەزار بنەماڵە بڵاوەیان پێکرا، هەندێکیان لەناوچوون و هەندێکیشیان بۆ ساڵانێک لە زیندانە نهێنییەکانی ڕژێمی بەعسدا زیندانی کران و دیارنەمانی تاکەکان بوو بە یەکێک لە نهێنییەکانی ڕژێم.

تا ئێستا سەدان گۆڕی بەکۆمەڵ لە خاکی عێراقدا دۆزراونەتەوە کە بوٚتە خاکی گۆڕە بەکۆمەڵەکان.

چیرۆکی خەم و مەینەتی ئەم میللەتە کۆتایی نیە، عێراق بە هەموو مانایەك بە دەست ناهەموارییەوە دەناڵێنێت هەموو خێزانێک کە لە عێراق دەژین، تۆماری برینەکانیان هەیە و چەندین چیرۆکیان هەیە بۆ گێڕانەوە.

هەر لە چیرۆکی کچێکی بچووکی لە دایکبووی زیندانەوە کە لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیدا ئاگاداری چارەنووسی دایک و باوکە شەهیدەکەی دەبێت، تا دەگاتە چیرۆکی باوکێک کە بەدوای کوڕە ونبووەکەیدا دەگەڕێت و تاکە تاوانی نووسینی دروشمی دژ بە حکومەتە ، "ئەو لەسەر دیواری دابڕان بوو، هەموو شتێک پێچەوانە دەکەنەوە".

زیندانییەک کە لە ژوورێکی بەعسدا دۆزراوەتەوە دەڵێت، ئەو بەرپرسەی زیندانەکە ناوی هەر زیندانییەک بە ناوی ئاژەڵێکەوە ناوە و داوای لێکردووە لاسایی دەنگی ئەو ئاژەڵە بکاتەوە و ئەگەر ئەو کەسە شکستی هێنا و نەیتوانی ئەوا ئەشکەنجەی سەختی دراوە، وەک شەق و تەزووی کارەبا.

کاتێک نیلسۆن ماندێلا دوای چوار دەیە لە خەبات و زیندانیکردن و دارمانی ئاپارتاید گەیشتە سەرۆکایەتی ئەفریقای باشوور، ڕستەیەکی گوت کە ناوی خۆی لە مێشکیدا هێنا: دەتوانم لێی خۆش بم، بەڵام لەبیرم ناچێتەوە.

پرسیار ئەوەیە ئایا گەلی عێراق دەتوانێت هەموو ئەو تاوانانە لەبیر بکات، لەگەڵ ئەوەشدا تاوانەکانی ڕژێمی ئاپارتاید بەراورد ناکرێت بە تاوانەکانی ڕژێمی سەدام؟

بەعس تەنها چەمکی تیرۆری دەوڵەتی جێبەجێکرد، بەو پێیەی لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا هاتە ناو عێراقەوە، تیرۆریشی کردە ڕێبازی خۆی، کەسانێک دەکوژێت کە لەگەڵیدا ناکۆک بوون، یان هەرکەسێک کە گومانی ئەوەیان هەبوو دوژمنی بێت، تا ئەو کاتەی بەعس دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت لە کودەتایەکی خوێناوی و ڕەشدا لە (٨ی شوباتی ١٩٦٣) ئەو ڕۆژەی کە خوێنی ژن و پیاوی عێراقی ڕژا لە شەقامەکانی بەغدا و شەقامەکانی شارەکانی تری عێراق.

گرتنی (بەعس) دەسەڵاتی شل نەکردەوە، تا دوای چل ساڵ لە ستەم و گۆشەگیری تاڵ و تیرۆری دەوڵەتی ڕێکخراو، کاتێک بە زۆر ناچار بوو ئەو کارە بکات، بۆیە لە مانگی نیسانی ٢٠٠٣ کۆتایی هات

ڕژێمی بەعس بۆ ئەوەی قێزەونترین شێوازەکانی ڕێکخراو پراکتیزە بکات توندوتیژی دژ بە عێراقییەکان و دامەزراوە نیشتمانییەکانیان، ئاشکراکردنی توانا تیرۆریستییەکانی بە شێوەیەک هاوپەیمانی لەگەڵ خوێناویترین ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی جیهان، پارەدار و پاڵپشتی لەلایەن وڵاتانەوە کە تا دوێنێ، ناکۆکییان لەگەڵدا هەبوو، ئەوان داڵدەیاندا و چەکداریان کرد و پاڵیان پێنا بۆ ڕێگریکردن لەو گۆڕانکارییە دیموکراسییەی کە لێیان دەترسا، کوشتنی منداڵان لە قوتابخانەکانیان، کرێکارانی کارگەکانیان، پارە پەیداکردن لە بازاڕەکانیان، و ڕۆشنبیرانی کێڵگەکانیان.. وە بڕینی ڕێگاکانی نێوان برا و براکانیان، هیچ جیاوازییەک بۆ ئەو نییە لە نێوان مزگەوتێک یان کڵێسایەک، لە نێوان مەزارگەیەکی پیرۆز یان بازاڕی سەوزەوات، زیادکردنی گۆڕی بەکۆمەڵ بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کۆن کە عێراقییەکان هێشتا ژماردنیان تەواو نەکردووە.

**گۆڕە بەکۆمەڵەکان جۆرێکی ئاشکرای پاکتاوکردنی نەتەوەیی و جینۆسایدە کە لە سەردەمی تاریکی ڕژێمی بەعسدا بەرامبەر گەلی عێراق ئەنجامدرا و میدیا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و لیژنەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئەمەیان سەلماندووە و ئەرشیفی عێراقیش پڕە لە هەموو ئەو بەڵگانەی کە تاوانبار شەرمەزار دەکەن و تاوانەکە دەسەلمێنن**

گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە عێراقدا وەک شوێنی بێ نیشانە تایبەتمەند کراون کە لانیکەم شەش تەرمیان تێدایە، هەروەها دەتوانرێت بە هەندێک تەپۆڵکەی زەوی کە لە سەرووی ڕووی زەویەوە کۆکراونەتەوە یان لە چاڵە قووڵەکاندا کە پێدەچێت پڕکرابن، دەستنیشان بکرێن و هەندێک لە گۆڕە کۆنەکانیش بە تێپەڕبوونی کات بە ڕووەک و پاشماوە داپۆشراوە.

گۆڕە بەکۆمەڵەکان جۆرێکی ئاشکرای پاکتاوکردنی نەتەوەیی و جینۆسایدە کە لە سەردەمی تاریکی ڕژێمی بەعسدا بەرامبەر گەلی عێراق ئەنجامدرا و میدیا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و لیژنەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئەمەیان سەلماندووە و ئەرشیفی عێراقیش پڕە لە هەموو ئەو بەڵگانەی کە تاوانبارو شەرمەزاری دەکەن و تاوانەکە دەسەلمێنن، کە بە یاساکان ڕەتدەکرێتەوە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئەو

لیژنانەی کە بەرژەوەندییان لێیە، وەک لیژنەکانی سەر بە وەزارەتی مافی مرۆڤ لە عێراق، لیژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان یان یەکێتی ئەورووپا و ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، باسی ئەوە ناکەم کە بەپێی مادەکانی شەشەم و حەوتەمی پەیمانی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکانن کە لەلایەن کۆمەڵەکەوە دەرچووە کۆبوونەوەی گشتی ئەنجومەنی ئاسایش لە ساڵی ١٩٦٦دا تاوانبارانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا تاوانبار دەکات، وەک خۆی جۆرێک لە بێبەشکردنی ژیان بۆ تاک و گروپەکان و خستنە ژێر ئەشکەنجە و زەلیلکردنیان بەبێ پاساوی یاسایی؛ لێرەوە پێم وایە لەم ڕۆژەدا واجبە ئەم شتانەی خوارەوە لەبیر بکەین، لەبەر ڕێزگرتن لەو کەسانەی کە لەبیریاندایە:

١- کارکردن بۆ کاراکردنی ڕۆڵی لێژنەی باڵای گۆڕە بەکۆمەڵەکان، و کارکردن بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ گەڕان بەدوای گۆڕە بەکۆمەڵەکان، دوای لەدەستدانی زۆرێک لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان کە دەکەوێتە نزیک جەرگەی شارەکان بەهۆی فراوانبوونی شارەکانەوە و ئەمەش بە مانای لەدەستدانی سیماکانی تاوانەکانی ئەو گۆڕانە و ڕەخساندنی دەرفەتێکە بۆ تاوانباران بۆ دەربازبوون لە چنگی لێپرسینەوە و دادپەروەری.

٢- کارکردن بۆ کردنەوەی فایلێکی دادوەری بۆ ئەنجامدەرانی تاوانە گەورەکانی بەکۆمەڵ، لەبری ئەوەی ئازادیان بمێنێتەوە، ئەو واقیعە سیاسییەی کە تێیدا دەژین سەلماندی کە زۆرێک لەو تاوانبارانە کە بەشدارییان لەو تاوانەدا کردووە، گەڕاونەتەوە سەر کارەکانیان، و بەشێکیش لە ئەوان تەنانەت پۆستی باڵایان لە دەوڵەتدا هەیە و ئەمەش بێڕێزی پێکدەهێنێت.بە خوێنی عێراقی و ئەو نادادپەروەرییەی کە بەسەر قوربانییەکان و خێزانەکانیاندا هات.

٣ -كاركردن لەسەر تەواوكردنی ئەو پرۆژانەی كە خزمەتی قوربانیان و كەسوكاریان دەكەن، وەک گرنگیدان بە گۆڕە بەكۆمەڵەكان، وەک دامەزراندنی مۆزەخانەیەک بۆ كەلوپەلی قوربانیان، دانانی یادگاری، یان سیاجكردنی ئەو گۆڕانە و ئەوانی تر.

٤ -كاراكردنی لیژنەكانی گۆڕە بەكۆمەڵەكان، و ئەنجامدانی پێشانگە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات دەبێتە هۆی بەرژەوەندی جیهانی بۆ كەسوكاری قوربانیان و بێبەشیان نەكات لەو بەخشینە گەورانەی كە لەلایەن زۆرێک لە كۆمەڵە خێرخوازییە نێودەوڵەتییەكان و دامەزراوەی خێرخوازی نێودەوڵەتییەوە پێشكەش دەكرێن كە تایبەتن بە قوربانیانی شەڕەكان و ئەوانەی كە بەهۆی ڕژێمە دیكتاتۆرییەكان یان كارەساتی سروشتییەوە زیانیان بەركەوتووە، قوربانیانی بۆسنە و هەرزەگۆڤینا و خێزانەكانیان بڕێكی زۆر پارە لە ڕێكخراوەكانی یەكێتی ئەورووپا وەردەگرن چونكە كارەكتەر هەیە كە بەرگری لە مافی قوربانییەكان و خێزانەكانیان دەكەن ، و ئەمەش ئەوەیە كە لە عێراقدا بەردەست نییە

٥-لە ئەگەری بەردەوامی پەراوێزخستنی ئەم پرسە، بەرەوڕووی تەمومژاوی و لەبیرچوونەوە دەچێت و ئەمەش ئەوەیە كە دوژمنانی گەلی عێراق كاریان بۆ دەكەن، بەتایبەتی ئەو بلۆكە سیاسیانەی كە پەیوەندییان بە ڕژێمی پێشووەوە هەیە و ئەوانەن هەوڵدان بۆ فشارخستنە سەر بلۆكە نەتەوەییەكان كە بەهۆی تاوانەكانی ڕژێمی بەعسەوە زیانیان بەركەوتووە و موزایەدەیان لەگەڵدا بكەن بۆ گەیشتن بەم ئامانجە مەترسیدارە، هەربۆیە میللەت دەبێت گرنگی بەم شتە بدات و ڕێگا بە ئەو كەسانە بگرێت كە هەوڵی گەیشتن بەم ئامانجە دەدەن.

٦ -كاراكردنی یاسای پاراستنی گۆڕە بەكۆمەڵەكان ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠٠٦، لەڕێگەی: ئاسانكاری بۆ گەڕان بەدوای گۆڕە بەكۆمەڵەكاندا كە لەلایەن ڕژێمی ڕوخاوەوە ئەنجامدراوە.

ب: گەڕاندنەوەی پاشماوەی شەهیدان بۆ خانەوادەکانیان بە ڕێوڕەسمی شایستە بە قوربانیدانیان.

وەڵام: پرۆسەی کردنەوەی گۆڕەکان بەپێی برگە و بەهاکانی مرۆڤ ڕێکدەخرێت و پاراستنیان لە دەستکاریکردن و هەڵکەندن و هەڵکەندنی هەڕەمەکی.

د: بۆ دەستنیشانکردنی ناسنامەی ئەو قوربانیانەی لەوێ نێژراون.

هـ: پاراستنی ئامرازی تاوانەکە و پێشکەشکردنی بۆ دەسەڵاتی دادوەری بەمەبەستی ئاسانکاریکردنی ئەرکەکەی بۆ سەلماندنی بەرپرسیارێتی لە تاوانەکانی جینۆساید و ناشتنی نایاسایی و تاوانەکانی تر کە بەرامبەر قوربانییەکان ئەنجامدراون.

لە کۆتاییدا هیوادارین ئەم ڕۆژە ببێتە سەرەتایەک بۆ بیرکردنەوەیەکی جددی سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم تاوانە گەورەیە، چونکە مەعقول نییە بۆ ئێمە بەردەوام بین لە ڕوماڵکردنی خەم و ئازارەکانمان لەسەر قوربانییەکانمان، یان بەردەوام بین لە ئیدانەکردنی ئەوانە پراکتیزە قێزەونەکان و نەفرەتکردن لەوانەی کە پراکتیزەیان دەکرد، ئەو تاوانانە و ئەمەش ئەوەیە کە گەلانی پێش ئێمە کردوویانە و ئێمەش دەبێت لانی کەم ئەو گەلانە لە ڕێکارەکانیاندا بەرامبەر بە قوربانییەکانیان یان ئەوانەی تاوانی لەو شێوەیەیان بەرامبەر ئەنجامداوە، لاسایی بکەینەوە.

گۆڕە بەکۆمەڵ و کۆریدۆر و قەسابخانەکانی دەزگای ئاسایش و هەواڵگری، بە پەتی لە سێدارەدان و هەموو کەرەستەی ئەشکەنجەدانیان، وەک پەڵەیەک دەمێنێتەوە لەسەر سەدام و حزبەکەی و ئەوانەی تەپڵی بۆ لێدەدەن و بوق لێدەدەن.

# چاوپێکەوتن
## لەگەڵ پسپۆڕانی بواری میدیا
## پرسی ئەنفال لە میدیای کوردی و نێودەوڵەتیدا

ئا: سەرنووسەر



ئەنفال وەك هەر پرسێكی تر كە پەیوەستە بە نەتەوەكەمانەوە، چی وەك پرسی خاك یان پرسی كیمیابارانی هەڵەبجە، پرۆسەی ئەنفالیش دەكرا كاری لە سەر بكرایە لە ڕوانگەی میدیای كوردی و میدیای نێودەوڵەتییەوە، یان لە ڕووی تاكە بەركەوتووەكانییەوە وەك سایكۆلۆژیای دەروونی ..هتد، بۆ ئەم مەبەستەش چەند پسپۆڕێكی بواری میدیامان دواند چی لە ڕووی كاریگەری دەروونی و سایكۆلۆژیاوە، سەبارەت بە میدیای ناوخۆیی و میدیای نێودەوڵەتی.



د: پاڤی جەمیل:

ڕاگری كۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی.

**تاوانێكی گەورەی وەك ئەنفال كە دەكرا چەندین ڕۆمان و فیلمی سینەمایی و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی و كاری گەورەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لەسەربكرێت**

لەم ڕوانگەیەوە ئەپرسین: بۆچی تاكو ئێستا میدیای كوردی نەیتوانییوە كارلەسەر سایكۆلۆژیای دایكانی نەوەی ئەنفال بكات لە ڕووی دەروونییەوە بە تاكەكانی كۆمەڵگای كوردیان ئاشنا بكات؟ سەبارەت بەم پسیارە (د، پاڤی جەمیل) دەڵێت: میدیای كوردی بەداخەوە سایكۆلۆژیای تاكی كوردی بەهەند وەرنەگرتووە بەڵكو هۆكارێك بووە بۆ درووستكردنی شڵەژانی دەروونی لەسەر سایكۆلۆژیای تاكی كورد،

بەجۆرێـک هەســت و ســۆز و خەم و ئازارەکـانی تــاکی کــورد و کــۆمەڵگەی کــوردی لەخزمەت سیاسـەتی کەناڵ و ئایدۆلۆژیای دامەزراوەکەی بەکارهێناوە، خەمێکی قـوڵ و تاوانێکی گەورەی وەک ئەنفال کە دەکرا چەندین ڕۆمان و فیلمی سینەمایی و ڕاپۆرتی ڕۆژنـامەوانی و کاری گەورەی نـاوخۆیی و نێودەوڵەتی لەسـەربکرێت و بکرێت بە خەمی گشتی، بەجۆرێک ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییە لە ناخی هەموو مرۆڤێکی خاوەن بیر و هــزر ببێــتە ڕەمــزی مرۆڤــایەتی، بەڵام بەداخەوە هێشــتا ئەم زامە قــوڵە وەک خــۆی نەگەیشـتووە، بەهۆکاری ئەوەی میـدیا و لایەنە پەیوەندیـدارەکان تـا ئێسـتا نەیتوانیـوە بیکەنە خەمی گشتی و توێژینەوەی زانستی و ناوەندێکی تایبەت بە جێماوەکانی ئەنفال و نەوەکانیان دابمەزرێنن کەدەکرێت لەسەر ئاستی تایبەت و گشتیش سوودێکی زۆر و بکـرێنە بەهـای بەرزی نەتەوەکەمـان، لە هەمـوو دونیـا کـاری تـایبەت و جـۆراو جـۆر دەکەن لەســەر هەموپرســە نەتەوایەتییــە کانیـان لە بـواری بەهـا مرۆیی و شـەهیدە نەمرەکـانین و خــاک و نەتەوە و ئینتمــای نیشــتمانی و نەتەوەییەکـان دەکەن و هەوڵ دەدەن بەهــای بەرزی مرۆیــی و نیشــتمانی بەبەرزی لە نــاخی نەوەکانیــان بهێڵــنەوە و بەردەوام پرۆژەی جۆراو جۆر بە پێی پێشکەوتن و گۆڕانکاری لە هزری تاک و کۆمەڵگە و گۆڕانکــاری لە گەیانــدنی پەیــامە پیرۆزەکانیــان دەکەن، کەوابێــت بــۆ بەبەرزی هێشتنەوەی ڕەمزە نەتەوایەتیەکانمان پێویستمان بە پلانی زانستی و ناوەندێکی تایبەت و تایبەتمەندە بە پرسە نیشتمانیەکانمان لە سەر ئاستی مرۆیی و نیشتمانی، هەروەها میـدیایی کـوردی پشـکە گەورەکەی بەردەکەوێـت لە خزمەتکـردن بەم دۆزە ، ئەمەش بەوە دێت ناوەندێکی تایبەتی هەبێت کە کەسانی پسپۆڕ و شـارەزا کاری بەردەوامی پلان بـۆداڕێژراوی زانسـتیانەیان هەبێـت بـۆ بڵاوبـوونەوەی هەر کارێـک کەلەسـەر ئازارەکانی ئەنفال پەخش بکرێت.

پ.د. ئیبراهیم سەعید:
زانکۆی سلێمانی - بەشی ڕاگەیاندن



## پرۆسەی ئەنفال لە بێدەنگییەکی میدیایدا ڕوو دەدا بەپێچەوانەی کیمیابارانەوە

سەبارەت بە میدیای نێودەوڵەتی دەپرسین، بۆچی تاکو ئێستا ڕەنگدانەوەی ئەنفال لە میدیای نێودەوڵەتیدا ڕەهەندێکی نەتەوەیی وەرنەگرتووە؟ (پ.د. ابراهیم سەعید) دەڵێت: ئەگەر بمانەوەی وڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، بابەتی میدیای نێودەوڵەتی لەڕاستیدا میدیاک نیيە تۆ بتەوێ چۆن خۆت وابیربکەیتەوە ئەو میدیا نێودەوڵەتییەش کە کۆنترۆڵی وتاری میدیای لەسەر ئاستی جیهان دەکات ئەویش وەها بیر بکاتەوە، میدیای نێودەوڵەتی بەدرێژای دوای پرۆسەی ئەنفال میدیاک بووە، کە کۆنترۆڵکراوە لەلایەن کۆمەڵێ لەزلهێزانی جیهانەوە پەیامەکانی لە ڕێگەی تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکان و ڕۆژنامە و ڕادیۆ نێودەوڵەتییەکان و سینەما و دراما جیهانییەکانەوە بڵاوکراوەتەوە ، پرسیارەکە لەوەدایە ئەو لایەنانەی کۆنترۆڵی پەیامەکە دەکەن، بەپلەی یەکەم وڵاتە زلهێزەکانی جیهان لەسەرووی هەموویشیانەوە وڵاتە یەگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپایە کە کۆنترۆڵی میدیای نێودەوڵەتی دەکەن ،ئەگەر بپرسین بۆچی ئەو میدیانە و پەیامی ئەو میدیانە گرنگییان بە پرۆسەی ئەنفال نەداوە ئەتوانین لەدوو ڕوانگەوە سەیری بکەین هۆکارێکیان دەتوانین بڵێین لەدەرەوەی بازنەی ویستی خۆمانە (ویستی کورد)ە ، ئەویتر هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خوودی کورد، واتا دوو هۆکار هەیە یەکەمیان دەرەکییە، ئەوەی پەیوەندی بەهۆکاری دەرەکییەوە هەیە لەڕاستیدا زۆر جار میدیای نێودەوڵەتی بەرژەوەندیەکی سیاسی ئابووری هەبێت یاخوود کەلتووری

هەبێت کەوابکات گرنگی بەبابەتێکی دیاری کراو بدات ، بۆ نموونە میدیای نیودەوڵەتی گرنگی زۆری بەهۆلۆکۆست دا ،گرنگیەکی زۆری بەهەندێک بابەتی تر داوە ، وەك کێشەی بۆسنە، زۆر جار گرنگی بەو بابەتانە ئەدا کە پەیوەستن بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەناوچەیەکی دیاری کراو،بەڵام ئەمانە بەرژەوەندیەکی سیاسی وای ئەکرد میدیای نێودەوڵەتی بایەخ بەم پرسە بدات ،لەڕاستیدا ئەنفال هیچ بەرژەوەندیەکی سیاسی نەبووە بۆ وڵاتە زلهێزەکان کە پرسی ئەنفال بیورژێنن، چوونکە پرۆسەی ئەنفال لەساڵی ١٩٨٨دا کە ڕوو دەدا خۆی خوودی ئەم بەرژەوەندیە سیاسیە ئەوە بوو هەندێک بابەت کپ بکرێتەوە هەندێک بابەت زۆر بایەخی پێ نەدرێت بەتایبەتی لەوکاتەی لە لایەن هەردوو بلۆکی سۆسیالیستی و بلۆکی خۆرئاوای حەزیان نەدەکر زۆر دەست تێوەردان لە هەندێک بابەتی دیاری کراو بکەن ، پرۆسەی ئەنفال لەبێدەنگییەکی میدیایدا ڕوو دەدا بەپێچەوانەی کیمیابارانەوە، چوونکە ئەنفال کە ڕووی ئەدا هەر لە ئەساسەوە لە سات وەختی ڕوودانەکەدا گرنگیەکی میدیای نێودەوڵەتی پێنەدرابوو کە بەشێوەیەکی زۆر بێدەنگانە سەرکووتکرا ، ئەوسەردەمەش میدیا وەک ئێستا نەبوو وینەکان بگریت و بڵاوی بکەیتەوە ئەبوایە گرنگییەکی میدیایی پێ بدرایە بۆنموونە هەڵەبجە بهێنینەوە هەڵەبجە هەرلەساتە وەختی ڕوودانەکەیدا ئێران دەرگای واڵاکرد بۆ میدیای نێودەوڵەتی کە گرنگی بەو ڕووداوە بدەن و بیگوازنەوە، بەڵام ئەمە ڕوینەدا لە پرۆسەی ئەنفالدا کە هیچ میدیاک ئاگادارنییە کە چی ڕوو ئەدا چی ڕوو نادات، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٨ بەشێوەیەکی زۆر بێدەنگانە پرۆسەکە ئەنجامدراوە.



**بەڕێز (مام جەلال) لەیەکێك لەڕۆژنامەکانی قەتەردا، دوای پرۆسەی ئەنفال دەڵێ: گەلی کورد بە قەد هەموو دانیشتوانی قەتەر ئەنفال کراوە، چونکە ئەو کات دانیشتوانی قەتەر (١٨٢) هەزار کەس بوون**

لەڕاستیدا تاکە کەس ئەگەر بێتە سەر ئەو ڕووداوە کەمێک ئاوڕدرایەوە لە پرسی ئەنفال ئەو چاوپێکەوتنەی بەڕێز (مام جەلال)بوو لەیەکێک لەڕۆژنامەکانی قەتەریدا، دوای پرۆسەی ئەنفال دەڵێ: گەلی کورد بە قەد هەموو دانیشتوانی قەتەر ئەنفال کراوە، چونکە ئەو کات دانیشتوانی قەتەر (١٨٢) هەزار کەس بوون، ئەم بۆچوونە بەدەق وەک خۆی لە بەڕێز فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەرگیراوە، هەر بۆیە تاکە گرنگییەك لە میدیای غەیری ،میدیای جیهانیدا یانی میدیای هەرێمی گرنگی پێدرا بوو ئەو چاوپێکەوتنە بوو، بۆیە مام جەلال کە ئەو قسەیە دەکات دواتر پرسی ئەنفال دەوروژێنرێت، ڕۆژنامەکە ئەنووسێ کورد ١٨٢ هەزار ئەنفالی داوە ، ژمارەکە پەیوەندی هەبووە بەو چاوپێکەوتنەی بەڕێز مام جەلال ەوە، کەواتە گرنگیدانی میدیای نێودەوڵەتی بەپرسی ئەنفال کاتێکی زۆری وویست، پرسی ئەنفال تێپەڕی چەند ساڵێک دواتر ڕاپەڕین ئەبێت و بەرژەوەندیە سیاسیەکانی ڕژێمی عێراق لەگەڵ وڵاتانی غەربدا بەتایبەت لەگەڵ ئەو وڵاتانەی تەحەکووم بەمیدیای نێودەوڵەتییەوە دەکەن نایەتەوە ئینجا تۆزە تۆزە گرنگیان پێ درا ،بۆیە ئەمە خۆی یەکێک بوو لە وهۆکارانەی کەئەتوانین بڵێین پرسەکە هەر لەئەساسەوە بەشاراوەیی ئەنجامدرا و گرنگی پێنەدرا، لەڕاستیدا گووتمان لەساتەوەختێکدایە کەمیدیا وەکوو ئێستا نییە ، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زۆرکراوە بێت و گرنگییەکی زۆری پێبدرێت، حاڵەتی فکریش بەحەقەدد ئەمەڕاستییە ئەویش ئەوەیە لە دوای پرۆسەی ئەنفالیشەوە ، ئێمە خۆمان کورد ئەتوانین بڵێین هۆکارێکی ناوخۆییە نەمانتوانیووە گشتاندن بۆ ئەم پرسە بکەین لەسەر ئاستی میدیایی نێودەوڵەتی خۆمان یانی بەشێکمان بەرپرسیاربووین بۆنموونە ئێمە زیاتر گرنگیمان داوە بەپرۆسەی ئەنفال لەمیدیا کانی خۆمانەوە، میدیای لۆکاڵیزم وەرگرەکانی کێییە ؟، وەرگرەکانی خۆمانین پەیامێک بەکوردی بڵاو بکەیتەوە هەر کورد ئاگای لێیەتی یانی

کورد خۆی نەی توانیووە بەتایبەتی بەرپرسانی کورد خۆیان نەیان توانیەوە گشتاندن بۆ ئەم پرسە بکەن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، چونکە پێویستی بەبڕیارێکی سیاسییە ، بەکارکردنە بە ستاف و تیم و ئابوورییەوە زۆریشی بۆتەرخان بکەیت بۆ ئەوەی ئەوان بتوان لەڕێگەی ئابوورییەوە گشتاندن بکەن گرنگی پێ بدەن ، بۆنموونە تۆ ئەتوانی لەڕێگەی پارەیەکی زۆرەوە چەندین بەرهەم هێن و فلیمی سینەمایی بەرهەم بهێنی چونکە چەندین بلۆکی جیا جیا هەیە لەسەر ئەم پرسە، بەڵام ئایە خوودی کورد توانیوویە ئەم کارە بکات ، مەبەستم کاربەدەستانی کورد و لایەنە پەیوەندیدارەکانی کورد ، خۆ ئیتر میدیای نێودەوڵەتی زۆر جار بەزەبری ئابووری هەندێک شتیان پێ ناچار ئەکرێت لەڕێگەی پارەوە ڕەنگەشتەکان بکەن، بەڵام ئایا کورد خۆی توانییەتی خۆی ئەم پرسە بکاتە پرسێکی گرنگ ، ئایە کورد توانیەتی ئەم بابەتە لەسەر ئاستی نێوەندەکانی مافی مرۆڤ و ئەمانە هێندە گەورە بکەن، کە ئەوان خۆیان ئەم پرسە بوورژێنن کەواتە خوودی کوردیش کێشەکی هەیە لەم بابەتەدا چۆن بەڕاستی کورد ئێستاش لە ناو خۆیدا کۆدەنگ نیە لەسەر ئەنفال چۆن ڕوویدا کێ بەرپرس بوو لەئەنفالدا خۆی بەسەدان کێشە و گرفتی جیاجیا هەیە، بۆیە پێم وایە کەتۆ بەرلەوەی گلەیی بکەیت بڵێیت بۆچی میدیاکانی وڵاتانی دونیا گرنگییان بە پرسی ئەنفال نەداوە ، بەشێکی پێویستە گلەیی لەخۆمان بکەین، خۆشمان نەمان توانیووە تیمی تایبەت تەرخان بکەین یاخوود بۆنموونە ئەم پرسە بوورژێنین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.



پ.د. عومەر ئەحمەد ڕەمەزان:
زانکۆی سلێمانی - بەشی ڕاگەیاندن

**ئەبوایە میدیای کوردی لەو ڕەوشەی کەدەبێت ئاوێنە و نمای دید و بۆچون و زمانحاڵی چین و توێژە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵ بێت، گرنگی بە پرسی ئەنفال و تاوانەکانی تری دژ بە کورد بدات گۆڕا بۆ سەکۆ و مینبەری لایەن و کەسانی جیاواز**

دروستکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی١٩٩١، کرانەوەی دەرگاکان بە ڕووی هوروژمی کاڵا و هزر ودید وبۆچوونی جیاواز مرۆڤی کوردی توشی نامۆیی کردووە، کەسێتی تاکی کوردیان تێک شکاندووە، خۆشکردنی زەمینەی ئەم پرسە بە پلەی یەکەم لەرێگەی میدیا وهۆکارو ئامرازە جیاواز وجۆراوجۆرەکانییەوە بوو، بە تایبەت دوای دەرکەوتنی ئینتەرنێت، پەیدابوون و بڵاوبوونەوەی سۆشیال میدیا، بڵاوکردنەوەی بابەت و هەواڵی ناڕاست وفەیک.

ئەبوایە میدیای کوردی لەو ڕەوشەی کەدەبێت ئاوێنە و نمای دید و بۆچون و زمانحاڵی چین و توێژە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵ بێت، گرنگی بە پرسی ئەنفال و تاوانەکانی تری دژ بە کورد بدات گۆڕا بۆ سەکۆ و مینبەری لایەن و کەسانی جیاواز کەناسنامەیان شاراوەیە ونادیارن، ئەمە جگە لەوەی حیزب و لایەنەکان، هەروەها کەسایەتییە ناکۆکەکان بۆ کێبەرکێ کردنی یەکتر بێ هیچ پرینگانەوەیەک دەستیان بردووە بۆ پیرۆزییەکانی نیشتیمان، گەشتۆتە ئەوەی زۆر بێباکانە نەک ئاوڕی لێنەدەنەوە بەڵکو ئەنجامی کارەکانیان لەخانەی دژدا پۆڵێن بکرێت، یەکێک لەو پرسە هەرە گرنگانە

پرسی ئەنفالە، کە تەنها ساڵانە وبۆ چەند رۆژێک شیوەن دەگێڕدرێت کە تەنها هەر کولاندنەوە و هەڵپچڕینی زامی قەتماخ نەبەستووی یادی شیرینەکانی نیشتیمانە.

لێرەوە دەکرێت بڵێم: نەخێر، حەیف وسەد مەخابن ئەم پرسە نیشتمانییە، مرۆییە نە لە میدیادا بووە بە دۆز وپرسێکی نیشتمانی، نە توانراوە بکرێت بە هۆکاری رقێکی پیرۆزی بەرەنگاری وبەرخۆدان، نە رۆڵێکی ئەرێنی گێڕاوە بۆ بیناکردنی کەسێتی مرۆڤی کورد بە تایبەت لە باشووردا، ئەدگاری گەلێ نامۆ و نەرێنی لە لای تاکی کورد دروست کردووە، لە هەندێ رەوشدا داگیرکەران ولەرێگەی کەسێتیە لەرزۆکەکانەوە پرکێشی شانخاڵیکردنەوەی خۆیان لە ئەنجامدانی ئەنفالدا دەکەن.

رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەنفال دەروازەیەکی زۆری بە رووی میدیادا کردووەتەوە بۆ ئەوەی کاری گەورەی لەسەر بکرێت و ببیت بە کەرەستەی میدیای لە نێو میدیای کوردیدا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ئەنفال لە تەواوی سێکتەرەکانەوە رووبەڕووی هەڵوەشاندنەوە چووە، لەم بارەیەوە، میدیای کوردی رۆڵی هەبووە لە ناساندنی ئەنفالدا وەك تاوانێکی نەتەوەیی لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە؟(د. کاروان عبدالله هەورامی) روانینی خۆی بۆ ئەم پرسیارە خستەڕوو:

میدیای کوردی بەو هەموو وابەستە سیاسییە ئاراستەکراوەی کە هەیبووە و هەیەتی و بەو بۆشاییە فراوانیەی لەکاری میدیاییدا بەجێی هیشتووە، لەسەر کۆمەڵیک بابەت و دۆسیەی مرۆیی نەتەوەیی و ئاینی نەیتوانیوە یەکدەنگ و یەکرەنگ نەبێت، نەیتوانیوە لە چوارچێوەمرۆییەکەی دەرچێت و بیخاتە بۆتەیەکی سیاسی تەسک و لەنێو ئەجندای سیاسیدا کاری لەسەر بکات چ بە وەلانانی یان بەپیاهەڵدانی بێ ماناو ناوەرۆک.



د. کاروان عبدالله هەورامی

زانکۆی سلێمانی - بەشی ڕاگەیاندن

# تاوانێکی وەك ئەنفال زۆر لەوە کاریگەرتر و گەورەتربووە کە لەبارتەقای میدیای کوردیدا هەبوە

ئەنفال و کیمیا باران و تاوانە جۆربەجۆرەکانی دەسەڵاتی بەعسی ڕووخاو ئەو بابەتانە بوون کە لەناو میدیایی کوردیدا بەهەموو ئامرازو شێوازەکانەوە خرانەڕوو گرنگییان پیدراو و بەتاوان ناسێنراون.

تاوانێک کە لەلایەن حزبی بەعسی ڕووخاوەوە ئەنجامدرا بە ئەنفال ناسێنرا لە قۆناغی دوای ڕاپەرینی گەشەی میدیای کوردی بابەتیکی گەرم و گرنگی پێدراو، لەسەر ئاستی ناوچەکەو عێراق و جیهان میدیای کوردی کاری لەسەر کرد، هەر لە ناساندن و تۆمارکردنی وەک مێژوو بەجینۆسایدناساندنی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا و کارکردن بۆ خستنە نێو چوارچیوەی تاوانەگەورەکان لە ڕووی یاسا نێودەوڵەتیەکانەوە. میدیای کوردی تا بە ئەمرۆش نەیتوانیوە لەو بابەتە خۆی بەدور بگرێت و هەموو سات وەک

بابەتێکی نوێ و گەرم کاری لەسەر کردووە بە پێی ئەو توانا زانستی و لۆجیستیەی کە لەبەر دەستدا ببووە.

لەسەر و هەموو ئەمانەشەوە بابەت و تاوانێکی وەک ئەنفال زۆر لەوە کاریگەرتر و گەورەتربووە کە لەبارتەقای میدیای کوردیدا هەبووەو بۆی کراوە، لە ئاست گەورەیی رووداوەکە و کەم دەستی و لاوازی پەیامی میدیای کوردی وایکردووە کە هەمیشە میدیای کوردی بەرامبەر بەو رووداوە تاوانکارییە بکەویتە بەر رەخنەو لۆمەی کورد و غەیرە کوردیش بۆ ناساندن و گرنگیدان بە بابەتەکە، چونکە ئەم بابەتە لە بارتەقایا هەیە کە کاری زیاتر و بەردەوامی لەسەر بکریت.

بۆنمونە تا بەئێستە نەتوانراوە ئەو رووداوە وەک دیکیۆمێنت بە وردی و بە تەواوی بەرهەمبهێنریت و کاری لەسەر بکریت. نەتوانراوە بەرهەمی سینەمایی ورد و کاریگەری لەسەر بەرهەم بهینریت، کە شایەنی ئەوەیە بکرێتە زنجیرە بابەتی گرنگ و چەندین چیرۆک و فیلمی لێبەرهەم بهێنرێت.

تا بە ئێستە نەتوانراوە ئەو رووداوە تاوانکارییە لە چوارچێوەی کارە هونەری و مۆزیکیەکاندا وەک خۆی بەیان بکریت و ببیتە بەرهەمی هونەری کاریگەرو وەک مێژووی نەتەوەیەک لە چوارچیوەی هونەری کاریگەردا بەیان بکریتەوە.

هەربۆیە میدیای کوردی ئەو بەرپرسیاریەتیەی لەسەر شانەو کەوتوەتە بەر ئەو گلەییە دروست و دۆستانەیە کە نەیتوانیوە لەمەڕ ئەو تاوان و رووداوە رۆلی تەواوی خۆی بگێڕێت.


عەزیز توکنی
سەربوردەیی زیندانی خۆی دەگێڕێتەوە!

### گوندی توکن

گوندی توکن لە باکورەوە گوندی عەزیز قادرە، لە باشورەوە گوندی چوار شاخە، لە ڕۆژهەڵاتەوە گوندی هەزارکانییە، لە ڕۆژئاواوە بەرزاییەکانی مازووخە کە دەکەوێتە باوشی گەرمیانەوە، وەك تەواوی گوندەکانی کوردستان لە گۆڕینی دیموکرافیا و قوربانیدان و جینۆسایدا بێبەش نەبووە بە دەستی حکوومەتی بەعسی درندەوە، گوندەکە خاوەنی (٣٤٨) ئەنفالکراوە، لە دەرگای هەر ماڵە گەرمیانییەك بدەین، گەر چەند کەسێکیان ئەنفال نەبووبێت ئەوە خاوەن شەهید و ماڵ وێرانی دەستی بەعسن، ماڵی عەزیزیش وەك زۆرینەی گەرمیانی بونەتە قوربانی کوردبوون، بەهۆی ئەوەی کوردن و شوناس و زمانیان کوردە، ئەوە تاڵی و مەینەتی زۆریان چەشتووە، لێرەدا کەمێك لەو دیمەنە پڕ تراژیدیاییە دەخەینە بەر باس و کاکە عەزیز کە لە ئەنفال ڕزگاری بوو بە قورگی پڕ فرمێسکەوە بۆمان دەدوێت، ئێمەش دەگەڕێنیتەوە ئەو ڕۆژانە کە ژیانی کورد بوون لە ژێر بەزەیی پۆستاڵی ڕەشی حەجاجی درندەبوو.

### شەڕی ئەنفال:

ڕژێمی عێراقی لە نۆ قۆڵەوە هێرشیکردە سەر سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لە ١٩٨٨/٢/٢٣ لە ماوەی (٢٤) ڕۆژدا تەواوی ناوچەکەی خستە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیەوە، بە سەرپەرەشتی ڕاستەوخۆی هەردوو تاوانبار (عەدنان خێروڵا کە وەزیری بەرگری و عەلی حەسەن ئەلمەجید (عەلی کیمیاوی) بەرپرسی باکوری حیزبی بەعس بوو، بەڕاستی کاتێك سەرکردایەتی گیرا، خەڵك بە تەواوی ترسی لێنیشت، پێشتر ستەم و زوڵمی ڕژێمی عێراقی بینیبوو، لەگەڵ ئەویشدا بە هەموو شێوەیەك بەرگری دەکرد لە پێناوی مانەوەی خۆیدا، ئەو خەڵکە هێندە داخ لە دڵبوو بە چەك بە نان و بە ئاو لە پێناوی خاك و خەڵك و پارستنی کەرامەتی خۆیدا دژی ڕژێمی وەستایەوە، لە ناوچەی گەرمیاندا مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بە پشتیوانی هێزی پشتگیری بە شێوازێکی زۆر

ئازاییانە شەڕیان دەکرد، هێندە ئازاییانە شەڕیان دەکرد، هیچ ڕۆماننووسێك لە ڕۆمانەکەیدا نەیتوانیووە بینووسێتەوە، حکومەتی عێراقی پێشتر چەندین شەڕی لە سنورەکەدا کرد بوو، وەك هۆمەربل و تووکن و ... هتد زۆر بە خراپی تێکشا بوو، لە چوار قۆڵەوە هێرش کراوە سەر ناوچەکە لە ( قادر کەرەم، دووزخورماتوو، کفری و کەلارەوە) عەزیز ئەوکات تەمەنی (١٣) ساڵ بووە، هەموو شەڕ و پەلاماردان و ڕووخاندنی لادییەکان وەك شاشەیەکی تەلەفزیونی لە پێشچاوە، ڕژێمی عێراقی بە بەرنامەیەکی نەخشە بۆ داڕێژراوی سەربازییەوە، ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر قەڵەمڕەوی هێزی پێشمەرگە هێرشی بۆ دەکرد، بە شێوازێکی کوێرانە دەستیکردە تۆپ هاویشتن لە ناحیەی سەرقەڵاوە بۆ گوندنشینەکان لە گوندی توکن حەمەلاو مامی شەهید مەلا کەریم و لە گوندی عەزیز قادریشەوە ئیسماعیل حاجی برایم حەمە عەلی شەهید بوون، دوای تۆپبارانکردنی ناوچەکە خەڵك بە سواری تراکتۆر، ئەسپ، هێستر، گوێدرێژ و پیادە گوندەکەیان بەجێهێشت، لەگەڵ خۆیاندا جل و پارە و خشڵ و نان و خواردن ئەوەی پیان هەڵبگیرێت بەرەو گوندی عەلیان کۆن ڕۆیشتن.

**گوندی عەلییانی کۆن:**

عەزیز و دوو برای عەول توکنی ئاژەڵەکانیان تێکەڵکردووە، لە گوندی توکنەوە تا گەیشتنە عەلیان، دوای ڕاوێژکردن وتیان: ئێمە نازانین ڕۆژگار چی بەسەردێت! باشتروایە لە یەکتر جیاببینەوە، ڕۆیشتن بۆ گوندی عەلیانی کۆن بۆ ماوەی یەك ڕۆژ مانەوە، لە حەوشی ماڵ حاجی ئەحمەد، بۆ بەیانیەکەی هێزی پێشمەرگە هاتە گوندەکەوە و سوپای عێراقیش هاتە ناو هەردوو گوندی هۆمەربل و توکنەوە، ئەو ساڵە ساڵێکی شێدار و پڕ باران بوو، لە شالاوی ئەنفالدا بارانێکی سەخت دەستیپێکرد، ئەوەندە بارانەکە بەهێز بوو، بە هیچ جۆرێك نەیدەهێشت چاو بکەنەوە

وەك دەمی کونە بارانە لە ئاسمانەوە دەهاتە خوارەوە، لەگەڵ ئەویشدا ماڵوێرانی و دەربەدەری ڕوویکردووە میللەتەکەمان.

**گوندی هەوارە قووڵە:**

لە گوندی عەلیان، عەزیز لەگەڵ ئامۆزایەکی بەناوی (محەمەد شوکر غەفوور غانە) بەداخەوە ئەنفالکراوە یەکیان گرت و لە گوندەکە دەرچوون، عەزیز گەیشتە برایەکی بەناوی ( ئەحمەد) بە ماتۆڕەکەیەوە پەیدا بوو، دوای نیوەڕوانێك بەرەو هەردەکەی گوندی هەوارگە قووڵە ڕۆیشتن و ماتۆڕەکەی بەهۆی قوڕ و لیتە و بارانەوە بۆیان دەرنەچوو، ئەحمەدیش لەگەڵ عەزیز و محەمەدی ئامۆزایی نزیکەی (١٥٠) ئاژەڵیان پێبوو، هەرسێکیان بەرەوە گوندی ملە سوورە بە ڕێکەوتن.

**گوندی ملەسوورە:**

بەپێی ڕۆیشتن بۆ گوندی ملەسوورە زۆر ماندووبوون بۆ ئێوارەکەی گەیشتنە نێو گوندەکە، لە گوندەکە گەیشتن بە (لەتیف)ی برای ئەویش ماتۆڕێکی پێبوو، خێزانداربوو، منداڵەکانی خستووە هەگبەی ماتۆڕەکەی، ژنێکی خزمیان ئاردییان پەیدا کردبوو، نانی گەرمییان بە ساجکرد بوو، لەتیفیش ڕۆیشت چەند نانێکی گەرمی پەیداکرد بۆ براکانی (عەزیز و ئەحمەد و محەمەدی ئامۆزایی) بۆ ئەوەی برسیەتی و ماندبوونیان دەربچێت، ئەو شەوە لە گوندەکە مانەوە، دوای هێنانی نانەکە لەتیفیش دەستیکردە گریان وتی: ئاگاتان لە خواتان بێت، شەوێکی زۆر سارد بوو، ئەوانیش هێندە برسیبوون، لە برسیدا پەلاماریاندا، نانەکەیان بە زوویی تەواوکرد، کاتێك عەزیز ئەم چیرۆکە تاڵەی ئەنفالی گێڕاییەوە، چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسك و لە قوڵپەی گریاندا و نەیتوانی لە قسەکردن بەردەوام بێت!لە دوای (٣٥) ساڵە تاوانی ئەنفال، لە ڕێگەی داگیرساندنی جگەرەکەی دەستی خەمەکانی تاڵی ئەنفالی دەردەبڕی و دوکەڵ لە نێو دیوەخانەکەیدا قەتارەی بەستبوو! ئێمەیش دەستەبەجێ داوای

لێبوردنمان لێکرد کە ئازارەکانی ڕابردوو هەڵدەدەینەوە، خەڵکی گوندەکان لە ملەسوورە کۆبوونەوە، ئیتر هیوابڕابوون چونکە جاش و جێش و سەرباز کۆبونەوە، دەنگۆیەك لە خەڵکدا بڵاو بووە، ئەو خەڵکەی لە گوندی ملەسوورە کۆبونەتەوە دەبرێن بۆ کەلار لەوێ خێمە یان چادریان پێدەدرێت تاوەکو شوێنی پێویستان بۆ دابین دەکرێت، لەتیف ماتۆڕەکەی خۆی زۆر خۆش دەویست و منداڵەکانی لە نێو هەگبەی ماتۆڕەکە دەرکرد و لەسەر سێپا وەستانی تەواوی بەنزینی ناو ماتۆڕەکەی بەتاڵکرد بۆئەوەی ڕژێمی بەعس ماتۆڕەکە نەبات، لەتیف پێش تاوانی ئەنفال ماتۆڕەکەی کڕیبوو بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ژیانی ڕۆژانەی خێزانەکەی چونکە لە نێو لادێیەکاندا خەڵکی دەبرد و خەڵکی دەهێنا، بەو جۆرە بژێوی ژیانی بۆ خێزان و منداڵەکانی دابین دەکرد، بۆ بەیانیەکە ڕۆژ بووەوە سوپای عێراق هات بۆ گوندەکە نزیك جادە بوونەوە ڕژێمی بەعس دەستیکردە بردنی خەڵك لە عەزیز جیابوونەوە چونکە عەزیز و شوانەکانی سنوری خۆیان نزیکەی بیست کەسێك دەبوون لەگەڵ مەڕ و ماڵاتەکەیان بەڕێکەوتن، شوانەکانیش خەڵکی توکن، عەزیز قادر، چوارشاخ و گوندەکانیتریش بوون، شوانەکانی توکن بریتی بوون لە: عەزیز شیرین، حوسێن مامەلی، خەلیل حاجی خورشید، عوسمان عەلی قادر و ...تاد ئەم شوانانە کەوتنە ناوەڕاستی جەیش و جاش لە نێوان هەردوو گوندی حەسیرە و میل قاسم ماوەی سێ ڕۆژ دەبوو، شوانەکان نان و ئاویان نەخوارد بوو، زۆر برسییان بوو، دەنگۆیەك بڵاوبووە کە خەڵکێک منداڵی خۆی فڕێداوە، خەڵکەکە نان و ئاوی پێ نەبوو بیخوات زۆر بێهێز و لاوازبوون نەیانتوانی منداڵەکە هەڵبگرن ناچاربوون منداڵەکە، کە جەرگی خۆیەتی فڕێبدات! ئەو شوانانەی کە گەورەتر بوون وتیان: بۆئەوەی لە برسیدا نەمرین، جەیش و جاش تەختە داری زۆریان فرەدا ڕۆیشتن هێنایان ئاگریانکردەوە و حەیوانیان سەربڕی، بەڵام خوێیان پێ نەبوو، شوانەکان و جەیش و جاش ترس لە نێوانیاندا نەما بوو چونکە

گەمارۆدرا بوون، عەزیزیان نارد خوێی هێنا دەستیانکردە گۆشت برژاندن بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەو شێوەییە نانیان دەخوارد و مانەوە، دوای نیوەڕۆیك جەیش و جاش هاتن ناوی خاوەن ڕانەکانیان نووسی و چەند سەر حەیوانتان هەیە؟ لۆریەکی شینیان هێنا هەموو شوانەکان نزیکەی چل کەسبوون بە شەق و پاڵنان خستیانە ناو لۆریەکەوە، شوانەکان وابیریان دەکردەوە، ڕانەکانیان دەدرێتەوە، نازانن بۆ کوێ دەچن؟ بە ناوی شاری کەلار تێپەڕین، ئەوکات عەزیز بیری کەوتەوە، کە پێشتر شاری کەلاری بینیبوو، لۆریەکە بە ئاراستەی خۆیدا دەرۆیشت بەسەر پردی گردە گۆزینەدا تێپەڕی بۆ ئەوبەری سیروان تا دەگاتە زیندانی قۆرەتوو.

**زیندانی قۆرەتوو:**

زیندانی قۆرەتوو، بینایەکی گەورە بوو، لەگەڵ گەیشتنیان ئەوەندە خەڵکی لێبوو وەك ڕۆژی حەشر و نەشر بوو، پیرەژنێک مریشك و جوجکەکانی لەگەڵ خۆی هێنا بوو، تا ئەوکاتەیش هیوای بە گەڕانەوە بوو، هەر ئەو شەوە ئەوەندە ماندوو و برسی بوون ژیان زۆر ناخۆش بوو وای لیهاتبوو باوك نانی بە منداڵی خۆی نەدەدا کە جەرگی بووە، لەسەر ئەو زەوییە بەبێ پێخەف و ڕاخەر و بان یەکسەر خەویان لێکەوت تا بەیانی، بەڵام عەزیز لە نێو کەچەکەیدا خویدا خەوی لێکەوت و چاوی بە کەس و کاری نەکەوتەوە، لەگەڵ هەڵهاتنی خۆری بەیانیدا دووبارە سەریان خستنەوە، بەسەر جادەی شاری کفریدا ڕۆیشتن بۆ قەزای دووز خورماتوو، بەڵام بە داخەوە دواتر مەرکەزەکەییان تەختکرد و لەناوبرا، ئەوە زیانێکی گەورە بوو لە مێژووی ئەنفالکراوەکان و مۆزەخانەی نیشتمانی میللەتەکەمان.

**زیندانی تۆپ زاوا:**

لە قۆرەتوو کەوتنەڕێ هەمان ڕۆژ گەیشتن بە زیندانی تۆپ زاوا، خەڵکێکی زۆر کۆبووەوە، عەزیز و محەمەدی ئامۆزایی بەیەکەوە بوون، بەڵام برسیەتی توانای لێبڕی بوون.




برێك سەمونی ڕەق  کە کەڕوو لێیدا بوو، پەلاماریدا دوو چنگ سەمونی هەڵگرت و خواردی، ئەو خواردنە تا ڕادەیەك وزەیەکی پێدا، عەزیز پاڵیدا بووە دیواری قاعەکەوە خەڵکەکەی بینی بوو، ژن و منداڵ و گەنج هەریەکەوە لە قاعەیەکی جیا بوون، چەندین مەنشەئەی یەك قاتیان هێنا بوو، چەندین چەکداری حکوومەت بە چەکەوە وەستا بوون، خێزان  خێزان بانگدەکران، ئەوانە هەمووی ژن و منداڵ بوون، لەو کاتەدا خوشکێکی بەناوی ( سوبیە) بینی، یەکسەر ناسییەوە، سەرپۆشێکی شەکەری بەسەرییەوە بوو، هاواریکرد وتی: محەمەد ئەوە دایکم و ئەوانە بە ڕاکردن خۆیکرد

بووە بە نێو مەنشەئەکاندا، محەمەدیش بەدوای ئەودا ڕایکرد، خەلیل حاجی خورشید خالۆی دەستیگرت و گەڕاندییەوە، دایکی محەمەد پێشتر لە گوندی عەلییان قاچی بریندار بوو، خوێن لە قاچی دەڕۆیشت لە نێو مەنشەئەکەدا، کاتێك گەیشتە نێو مەنشئەکە دایکی محەمەد وتی: کوا کوڕەکەم؟ عەزیزیش وتی: ئەوەتا بەدوای منەوەیە، دوو سەرباز بەدوای عەزیزدا ڕاییاندەکرد، خاوەنی مەنشئەکە پیاوێکی موسڵمان بوو، وتی: دەرگای مەنشەئەکە دابخەن، خۆت بشارەوە لە ژێر کوشنەکان بۆئەوەی دەرنەکەویت، کاتێك دوو سەربازەکە هاتنە نێو مەنشئەکە وتیان کوا منداڵەکە؟ خاوەنی مەنشئەکە وتی: کەس نەهاتووەتە ئێرە و عەزیز لە مەنشئەکەدا خۆی ونکرد و دەربازی بوو، زیاتر لە(١٠) مەنشئە کەوتنە ڕێ تا گەیشتنە بینایەك بەناوی دووبز، بەڵام بەبێ نان و ئاو مانەوە، عەزیز پرسیاریکرد لە دایکی وتی: لەتیف و ئەحمەد لە کوێن؟ ئەو شەوە لەگەڵ باوکتا لەگەڵ یەکتر جیاکرانەوە، لەتیفیان لەگەڵ خۆیان برد، ئەحمەدیان نەبرد، شەوێك ئەحمەد ڕۆیشت بەتانیك بێنێت بەسەرخویدا بیدات و بخەوێت و دوو سەرباز هاتن و قۆڵیان گرت و بردییان هەرچی هاواریکرد بۆ خاتر خوا بۆ کوێی دەبەن؟ دوو سەربازەکە وتیان: ئەم کورە گەورەییە بەیانی دەیهێنینەوە، تا ئێستایش نەیانزانی بۆ کوێیان برد؟

**زیندانی دووبز:**

لە تۆپ زاوا بۆ ماوەی یەك کاتژمێر ڕێیانکرد تاگەیشتنە زیندانی دووبز، هەر بیست خێزان کرایە قاعەیەکەوە، هیچ خواردن و شتێکیان پێ نەبوو، بۆ بەیانیەکەی قوزعەی عەسکەریان هێنا لە کاتێکدا قاپ و قاچاخیان پێ نەبوو، خەڵکەکە لە نێو ئەو سەربازگەکە پێشتر بۆیان چۆڵکرا بوو، گەڕان سندوقە فیشەکی بەتاڵیان هێنا بۆ وەرگرتنی شلە و قووتووی ئاوتەماتەیان هێنا چاییان تێدەکرد و دەستیانکردە خواردن تۆزێك وزەییان بەبەردا هاتەوە.



# خەڵکەکە بەهۆی برسێتی دەچوونە سەر ئیفاکان، سەربازەکان بە شەق و تێهەڵدان لە خەڵکیان دەدا



خەڵکەکە بەهۆی برسێتی دەچوونە سەر ئیفاکان، سەربازەکان بە شەق و تێهەڵدان لە خەڵکیان دەدا، کۆمەڵێك خەڵك لەوێبوون وەك: مستەفا حەسەن خەڵکی قورپچایی، تەها حاجی حمەئەمین هەوارەبەرزە، ئیدریس ئامۆزای تەها، کاوە هیدایەت کانی ماران، سامان خورشید دەلۆ ئێستا لە شاری هەولێرە و کەماڵ و جەماڵ عەزیز فارس ئەمانە هاوتەمەنی یەکبوون بە منداڵ هەژمارکران لەگەڵ دایکیان بوون، شوێنێکی زۆر پیس بوو، ژن و منداڵ تێکەڵبوون، چەند هەزار کەسێك بەیەکەوە بوون، سەرئاوەکان بێشومار پیس بوون، ئەو پیسیە بووەهۆی ئەوەی مێشێکی زۆر پەیدا بوو، ئینجا جۆرە نەخۆشیك بڵاوبووە، کاریگەری لەسەر ژیانی منداڵانی لە یەکساڵەوە تا سێ ساڵ دروستدەکرد، منداڵەکانیش توانایی بەرگریان نەبوو و دەمردن، ئاوی تەنکیی سەربانەکان بەکاردەهات بۆ خۆپاککردنەوە و خواردنەوە و خۆشووشتن، ئیتر ئەوە زیندانە لەگەڵ کەش و هەوایی ناخۆشی شوێنەکە بە نەچاری دەیانگوزراند، برازایەکی عەزیز بەناوی (یادگار) تەمەنی نزیکەی دوو ساڵ بوو، زۆر تامەزۆری نانخواردن بوو، نانیش نەبوو بیخوات جگە لە سەموون، خەڵکی خۆمان پێشتر نانیان بینیبوو، منداڵەکە هیچ کێشەیەکی تەندروستی نەبوو، تەنیا پێویستی بەنانێك بوو بیخوات، برسێتی برستی لێبڕیبوو، ڕۆژ لە ڕۆژ لاواز دەبوو، ئەوەندە برسێتی بینیبوو، تەنیا جمجمە و پێستەکەی مایەوە، لەسەر زاری یادگار تەنیا وشەیەك بوو، کە داوای نانیدەکرد، بە هەرجۆرێك تۆزێك نانیان بۆ پەیداکرد، نانەکە لە نێو مشتیدا بوو، هێندە لاواز بوو، توانای نەبوو بیخوات، ئەوە شەوە پرشە باران بوو، تا بەیانی لە ژیاندا مایەوە، دایکی یادگار دەستیکردە گریان وتی: یادگار گیانی سپارد و تیکە نانەیش لەنێو دەستیدا بوو، لە نێو زیندانی دووبز چوار دەوری بە سیمی دڕکاوی درا بوو، جێش شەعبیەکان منداڵەکەییان برد لە خواری زیندانەکە لە گۆڕەستانەکەدا ناشتیان. پاسێکی داخراوییان دەهێنا ئامر قاعەکە ناوی خێزانەکانی دەنووسی و لەگەڵ

ژمــارەی ئەنــدامانی خێـزانەکە لەگەڵ تاریـك و لێڵـی مەغریبــدا دەگـوێزرانەوە، دوو ئۆتۆمبیـل نەجـدە پـێش و پاشـی لێـدەگرتن، ئەوەی دەڕۆیشــت و نەدەگەڕایەوە! لەو هەمـوو خەڵـکەکە لە نیـوە کەمتری مایەوە، خەڵکی نـاو زینـدانەکە ئەوەنـدە برسـێتی و نەهامەتیان پێگەیشتبوو، حەزیان دەکرد وەك ئەو خەڵکەکە چۆن لە هەفتەیەکدا دووجـار زیـاتر بیسـت پـاس دەهـاتن و خەڵکیـان دەبـرد ئەمـانیش ئاواتیـان دەخواسـت لەگەڵ پاسـەکان سـەربکەون و بڕۆن.

جێش شـەعبیەکان دەیانزانی بۆ کوێ دەبران؟

دەیانووت: لێرە بمێننەوە باشترە. ئامرەکەیان پلەی نەقیب بـوو، تەلەفزیـۆنێکی هینا و خەڵکی ناو زیندانەکەی کۆکردەوە و وتی: لێبوردنی گشتیان بۆ دەرچووە، دەستیانکرد خۆشـیکردن، پاسـیان هێنـا و دوو نەجـدە کەوتە پـێش و پاشـی پاسـەکان دیسـانەوە گەڕانەوە بـۆ تـۆپزاوا، تـا ئەوکات پیـاو و گەنجەکان مـابوون، بە یەکتر شـاد دەبنەوە، سـەربازەکان ڕۆیشـتنە ژوورەوە بـۆ مـاوەی نیـو سـەعاتێك مـانەوە، بڕیاریانـدا پیـاو و گەنجەکان مانەوە، بە پاس خەڵکەکەیان هێنا تا گەیشتنە ناحیەی عەرەبەت، پارچە کـاغەزێکی ( عەدەم تەعەرەوزیـان) پێیانـدا ئـازادکرا، ئیتر سـەربازەکان گەڕانەوە، لە نـاحیەی عەربەتەوە بە سـواری پاسـی مەدەنـی بەبێ ئەوەی یەك سـەربازی عێراقیـان لێیانـدا بێـت بەرەوە نـاحیەی سـمود بەڕێخـران ئەوەنـدە چەوسـێنرانەوە هەسـتیان بە ئـازادی نەدەکرد، وایـان دەزانی لە زینـدانن کاتێك گەیشـتنە نـاحیەی سـمود لەبەردەم نـاحیەکە پاسـەکان ڕاگیـران، خەڵکـی زۆر لە جێمـاوی ئەنفالکراوەکـان هـاتبوون بـۆ پێشـوازی و پرسیارکردن و بەڵام بەداخەوە بنەماڵەکەی عەزیز کەس و کاری نزیکیـان نەمابوو بێـت بـۆ پێشـوازییان، بەڵام خەڵکی سـمود زۆر ئازاییانە هـاتنە پێشـەوە بـۆ لە ئامێزگرتنی ئەو خەڵکەی گەڕابوونەوە، خولە غەدەی خەڵکی عەزیز قادر بوو، پیکابێکی مۆدێل هەشـتای پێبوو، خەڵکەکەی سـوار دەکرد هەمـوو ئەنفـالکراوە ئازادکراوەکانی

دابەشکردە سەر ماڵە خزمەکانی خۆیدا، ماڵی عەزیزی بردە ماڵی "محەمەد فەقێ ڕەحیم" لەوێ مانەوە خزمەتێکی باشکران و خۆیشی زیاتر لە پەنجا کەسی بردە ماڵی خۆی، ئەنفالکراوەکان دوای شەش مانگ گەڕانەوە هیچ شوێن و ڕێگایەکیان نەبوو، ئەوە هەڵوێستێکی پڕ لە مەردایەتی بوو.




**زیندانی نوگرە سەلمان:**

ساڵەح عەزیز خانە خەڵکی گوندی تووکن بوو، پیاوێکی باڵا مام ناوەند و ڕووخساری سوور و سپی بوو، نزیك شەست ساڵ تەمەنی بوو دەگێڕێتەوە، محەمەد ستار خەڵکی زنانە پیاوێکی باڵا بەرز و قەڵەو بوو، بەپێوە وەستا بوو، لە پڕێکدا بە لادا کەوت و سەری بوو بە دوو کەرتەوە و گیانی سپارد، برسێتی و ناڕەحەتی برستی لێبڕی بوو. پیاوێك بەناوی مام عەبدی خەڵکی کۆشك بوو، پیاوێکی بەتەمەن مێزی دەهات، دوو سەربازهاتن هەڵیانگرت، سەربازە دڵڕەقەکان بە کێبڵ زۆریان لێدا، لە ژێر بێڕەحمی کێبڵەکاندا گیانی سپارد. ژیانی نێو زیندانەکە بە لەتە سەمونێك و ئاوی گەرمی تەنکی

ژیانیان زۆر زەحمەت کرد بوو، نوگرەسەلمان دەکەوێتە نێوان سەماوە و سعودییە، شوێنێکی چۆڵ و لماوی گەرم و بێئاو بوو، گەر کەسێکیش بیەوێت ڕابکات لەو دەشتە چۆڵە، گەر دوو کاتژمێریش ڕایی بکردایە لە تووینێتی دەخنکا، هەرکەسێك بمرێت یەکسەر دەیانبرد لەودیوی زیندانەکەوە دەخرایە ژێر لمەوە جلەکانیان بەدەرە بوو، دواتر سەگەڕەش دەریدەهێنا و دەیخوارد و لاشەی مرۆڤ بە دەمی سەگە ڕەشەکەوە دەبینرا، لەسەر دەرگای نەگرە سەلمان نووسرابوو (ویل)، مام ساڵەح پێشتر کاری هەلاجییکردووە لە گوندەکەی خۆیان پارەی پێبووە، بەو پارەی کۆکردبووە توانیەتی لە مردن خۆی ڕزگار بکات و شتبکرێت، لە نوگرە یەك سەلك پیاز پێنج دینار بوو، دوای ئەوە لەسەر بڕیاری ڕژێمی بەعس ئازادکرا، دوای سێ ڕۆژ گەڕاوەتەوە ناحیەی سمود.

**ناحیەی سمود**

مام ساڵح لە گوندی توکن لە خێزانێکی گەورە و خانەدان بووە، تاوانی ئەنفال سەرنگوونیکردووە، دوای گەڕانەوەی لە نوگرە سەلمان هاتە سەر ماڵێکی چۆڵ و خێزانێکی دەستکورت و زۆر خەفەتی پێدەخوارد، دوو کوڕی بەناوەکانی (ئەحمەد و لەتیف) و لەگەڵ کورەزایەکیدا لە شاڵاوی ئەنفال نە گەڕانەوە کاریگەری زۆری لەسەری دروستکرد بوو، تووشی نەخۆشی بوو، بە ئێش و ئازارەوە لە چاوەڕوانی هاتنەوەی منداڵەکانیدا جەڵتەی مێشك لێیدا و لە ساڵی (٢٠٠٠) گیانی سپارد، بەڵام خێزانی مەحبوبە زۆر بۆ منداڵەکانی دەگریا، تەنانەت فرمێسك لە چاوەکانیدا نەما، بۆ ماوەی سێ ساڵ هەردوو چاوەکانی بۆ منداڵەکانی لە دەستدا لە ساڵی (٢٠٠١) گیانی سپارد.

**عەزیز توکنی کێیە؟**

عەزیز ساڵەح غەفوور (عەزیز توکنی) لە ساڵی (١٩٧٥) لە گوندی توکن سەر بە ناحیەی ڕزگاری لە دایکبووە، ئاستی بژێوی خێزانەکەیان مام ناوەند بووە، تا پۆلی

شەشەمی سەرەتایی خوێندووە، خێزانەکەیان دایك و باوك و چوار خوشك و سێ برا بوونە، خوشکەکانی بەناوی ( گلاوێژ، سۆیبە، حەسیبە و زەکییە. براکانی بەناوی ( ئەحمەد، لەتیف و عەزیز ) پێکهاتبوون، ئەحمەد و لەتیف لە شاڵاوی ئەنفال بێسەرشوێنبوون، خوشکەکانی ( گەلاوێژ و سۆیبە و مەحبوبە، عوسمان گەنجە "دایکی" ) بۆ ماوەی ( ٤ مانگ، ٢٥ رۆژ) لە زیندانی دووبز مانەوە، بەڵام ساڵەح غەفوور (باوکی) بۆ ماوەی (٧) مانگ لە زیندانی نەگرەسەلمان مانەوە، لەتیف خێزاندار بوو، خاوەنی (٤ کوڕ و کچ)ێك بووە، یەکێك لە کوڕەکانی بەناوی ( یادگار) لە زیندانی دووبز گیانی سپارد، لە بنەماڵەکەیاندا خاوەنی ( ١١) شەهیدی جینۆسایدکراون لە شاڵاوی ئەنفالی سێی گەرمیان بێسەرشوێنبوون، لە ١٩٨٨/٩/١٠ تا ١٩٨٨/١٠/٥ لێبووردنێکی گشتی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەرکرا بۆ ماوەی ( ٢٥) رۆژ، لەو ماوە دیاریکراوەدا تەواوی زیندانیەکانی دووبز ئازاد کران، دوای ئازادبوونیان لە زیندان گەڕانەوە ناحیەی سمودی جاران نیشتەجێبوون، لە ساڵی ( ١٩٩٦) لەگەڵ ( ئاوات عەلی کاکل) ژیانی هاوسەریان پێکهێناوە، خاوەنی شەش منداڵە، ئێستا لە ناحیەی ڕزگاری نیشتەجێیە و کارمەندە بە پلەی ڕێپێدراوی ٦ لە بەڕێوەبەرایەتی دارستان و ژینگەی گەرمیان خزمەت دەکات.



چاوپێکەوتن
سەلام فەقێ عەلی - سیروان سلێمان
٢٠٢٣/٣/١٣.



ویلیم أ. شاباس

و: ڕێکخراوی شوناسی کورد

# ڕێککەوتننامەی ڕێگری و سزادانی تاوانی جینۆساید

کـۆمەڵەی گشـــتی نەتەوە یەکگرتووەکـــان لە ٩ی کـــانوونی دووەمـــی ١٩٤٨ دەقـی ڕێککەوتننــامەی ڕێگریکــردن و ســزادانی تــاوانی جینۆســایدی پەســەند کــرد، دوای بەدەســتهێنانی بیســـت پەســـەندکردنی پێویســـت بەپێـی مــادەی ســێزدەهەم، ڕێککەوتننامەکە لە ١٢ی ژانویەی ١٩٥١ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

دەربڕینی "جینۆسـاید" بـۆ یەکەمجـار لەلایەن ڕافایـل لێمکـین لە کتێبی "حـوکمڕانی میحــوەر لە ئەورووپــای داگیرکــراو"دا کە لە کۆتاییەکــانی ســاڵی ١٩٤٤دا دەرچــوو بەکارهێنرا، هەرچەنـدە ئەم دەربڕینە لە قۆنـاغە جیاوازەکانـدا لە چوارچێوەی داڕشـتنی میساقی دادگای سـەربازی نێودەوڵەتیدا دەرکەوت، کە دوا فۆرمولاسـیۆن بوو لەو دەقە یاســاییە دەســتەواژەیەکی هاوشــێوە، "تاوانەکــانی دژی مرۆڤــایەتی"، بــۆ دەربڕینی گۆشــەگیری و لەنــاوبردنی جەســتەیی کەمینــە نەتەوەیــی و ئایینییەکــان بەکارهــات. هەروەهــا داواکــارانی گشـــتی ئەم دەســـتەواژەیەیان بەکارهێنــاوە هەنــدێکجار لە بەڵگەنامەکانـدا کە پێشـکەش بە دادگای نـورنبێرگ دەکـرا، بەڵام زاراوەی "جینۆسـاید" لە بڕیاری کۆتـایی ٣٠ی ئەیلـول - ١ی تشـرینی یەکەمی ١٩٤٦دا دەرنەکەوت. جینۆسـاید لە کــاتی ئاشـــتیدا" بـــووە هـــۆی هەوڵـــی دەســـتبەجێ لە کۆبـــوونەوەی گشـــتی نەتەوەیەکگرتووەکان.

لەڕاســتیدا دادگـا مەودای تاوانەکـانی دژی مرۆڤــایەتی ســنووردار کردبــوو بــۆ ئەو کردەوەیـانەی دوای سـەرهەڵدانی شـەڕ لە ئەیلـوولی ١٩٣٩ ئەنجامـدراون. لە یەکەم دانیشــتنی ئەنجــومەنی گشـتی لە کۆتـایی ســاڵی ١٩٤٦، کوبـا، پەنەمـا و هینـدســتان ڕەشنووسـی بڕیارنامەیەکیـان پێشـکەش کـرد کە دوو ئامانجیـان هەبـوو : ناسـاندنی جینۆسـاید بە تـاوان لە کاتی ئاشـتیدا و هەروەهـا لە کاتی جەنگـدا ئەنجـام دەدرێت، و داننـان بە جینۆسـاید وەک تاوانێـک لە ژێـر دەسـەڵاتی دادوەری گشـتگیردا (واتە هەر

دەوڵەتێک دەتوانێت تاوانبارەکە دادگایی بکات، بەبێ گوێدانە پەیوەندییەکی خاکی یان کەسی). بڕیارنامەی ئەنجومەنی گشتی ٩٦ (I) لە ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ دووپاتی کردەوە کە "جینۆساید تاوانێکە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان کە جیهانی شارستانی ئیدانەی دەکات" بڕیارنامەکە بێدەنگ بوو لە ئەگەری ئەنجامدانی تاوانەکە لە کاتی ئاشتیدا، هەرچەندە بڕیارنامەکە باسی تاوانەکەی کردبوو هەرچەندە گرنگییەکی نێودەوڵەتی هەیە، ئەو هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر پرسی دەسەڵاتی دادوەری نەخستەڕوو، بڕیاری D-٩٦ ١ (پابەندبوونێکی دروستکرد بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێککەوتننامەیەک سەبارەت بە تاوانی جینۆساید.

یەکەم: سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەشنووسی دەقێکی داڕشتووە. ئەو دەقە کە بە هاوکاری سێ پسپۆڕ، ڕافایل لێمکین، ڤێسپاسیان بێلا ، هێنری دۆنیدیو دی فابر ئامادەکرابوو، کۆمپێندیۆمێک بوو لە چەمکگەلێک کە هاوکاری کۆبوونەوەی گشتی دەکرد و هەوڵێک نەبوو بۆ پێشکەشکردنی دەقێک کە بتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت یان بۆی جیاوازیە سەرەکییەکان یەکلایی بکەنەوە.

دووەم: لیژنەیەکی تایبەت کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی دامەزرا، دووبارە کاری لەسەر ڕەشنووسی سکرتاریەت کرد. لە کۆتاییدا لیژنەی شەشەمی ئەنجوومەنی گشتی ڕەشنووسی کۆمیتەی تایبەت بە بنەمای دانوستانەکانی لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٨ وەرگرت، کە تێیدا دەقی کۆتایی ڕێککەوتنەکە پەسەند کرا و پێشکەشی ئەنجومەنی گشتی کرا بۆ ئەوەی لە دانیشتنی پلینۆمدا بە فەرمی پەسەند بکرێت .هەندێک لایەنی قۆناغەکانی داڕشتنی ڕێککەوتنەکە لە لێکدانەوەیەکی دواتر بۆ هەندێک لە بڕگەکانیدا دەرکەوتن.بۆ نموونە پێناسەی جینۆساید کە لە مادەی دووەمدا هاتووە، تەنیا فۆرمولەکردنە

پــوختەیەکی زۆر کــورت لە دەقەکە کە لەلایەن پســپۆڕانی ئەمینــداریەتی گشــتیەوە ئامـادەکرابوو، کە ئێســتا جینۆســایدیان کردبــووە ســێ بەش، جینۆســایدی فیزیکـی و بایۆلۆجی و کەلتووری. لیژنەی شەشـەم دەنگیدا بە دەرکردنی جینۆسایدی کەلتووری لە چوارچێــوەی ڕێککەوتننـامەکەدا، هەرچەنــدە دواتــر ڕەزامەنــدی دەربڕی لەســەر ئیستســنای ئەم یاســایە گشــتییە، کە ڕێگەی بە "گواســتنەوەی زۆرەملێی منــداڵان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی دیکە" وەک سزادان. زۆرینەی نووسـەرانی ڕەشنووسی دەقەکە دەنگیــان بە هەمــوارکردنەوەیەک دا بــۆ زیــادکردنی کــرداری ســزادراوی شەشــەم بــۆ مادەی دوو. ئەو هەمواركردنە ڕێگە بە دادگاییكردنی ئەو كەسانە دەدات كە تۆمەتبارن بە ســەپاندنی "ڕێوشــوێنێک کە مەبەســت لێــی ناچــارکردنی ئەنــدامانی گــروپێکە ماڵەکانیــان بەجێبهــێڵن بــۆ ئەوەی مەترســی مــامەڵەی خــراپ لە کــاتێکی دواتــردا دووربــکەونەوە." ئەم باســانە پشــتگیریان بــۆ بڕیــارە دادوەرییەکــانی دواتــر کــرد کە "پاکتاوکردنی نەتەوەیی"یان لە بازنەی پێناسـەکەدا بەدەر دەکرد.

جگە لەوەش، داڕێژەران بەڕوونی دەسـەڵاتی دادوەری گشـتگیریان لەسـەر ڕەتکـردەوە پەیوەنــدی بەم تــاوانەوە هەیە. مــادەی شەشــەم تەنهــا دەســەڵاتی دادوەری خــاکی دەناسـێت، جـگە لە دەسـەڵاتی دادوەری دادگای تاوانکاری نێـودەوڵەتی. بێگومـان لەو کــاتەدا دادگــای تــاوانی نێــودەوڵەتی نەبــوو. بەڵام کاتێــک کۆبــوونەوەی گشــتی ڕێککەوتننـامەکەی پەسـەند کـرد، بڕیارنامەیەکیشی پەسـەند کـرد کە تێیـدا بڕیاریـدا دەسـت بە کـارکردن لەسـەر ڕەشـنووسـی میسـاقێک بـۆ دادگـایەکی لەو جـۆرە بکـات. ئەمەش سەرەتای کارکردنی پارچە پارچە بوو کە لە کۆتاییدا بووە هۆی پەسەندکردنی، دوای نیـو سـەدە، پەیـڕەوی نـاوخۆی ڕۆمـای دادگـای تـاوانە نێودەوڵەتییەکان. لە مـاوەی پەنجـا سـاڵی داهـاتوودا پەیوەنـدییەکی نـاجێگیر لە نێـوان چەمکەکـانی جینۆسـاید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی پەرەی سەند؛ لە کاتێکدا هەندێک پەیوەندی لە نێوان ئەم

دوو چەمـــکەدا هەیە، بەڵام جیـــاوازن لە یەکتــر. ئەمە جـــگە لە داننـــان بە تـــاوانی جینۆسـایدبەپێی ڕێککەوتنێکی جیـا، ئەمە ئەرکی یاریـدەدەری لەگەڵـدا بـوو، لەوانە پابەندبوون بە ڕێگریکردن لە تاوانەکە، پابەندبوون بە یاسادانان و سزادانی تاوانەکە، هەروەها پابەنـدبوون بە هاوکاریکردن لە ڕادەستکردنەوەدا. مـادەی نـۆیەم دەسـەڵاتی دادوەری بە دادگای نێودەوڵەتی دا سـەبارەت بە ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەتانی ئەندام سـەبارەت بە لێکـدانەوە و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنـامەکە. هەروەها تاوانەکانی دژ بە مرۆڤـایەتی لە پەیماننامەیەکـدا، کە میسـاقی دادگای سـەربازی نێـودەوڵەتییە، دانیـان پێـدا نـاوە، بەڵام ئەو پەیماننـامەیە بەپێویسـتی دەزانرێـت کە مەودای سـنووردار بـوو و دوای دەرچـوونی بڕیـارەکە لە یەکەم دادگـاییکردنی نورنبێرگـدا، ڕەوایـی کـاریگەرەکەی بەسـەرچوو. شـایانی باسـە کە تاکە پابەندبوونەکانی دیکەی پەیوەست بە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لەو سەردەمەدا لە یاسای نەریتییەوە سەرچاوەیان گرتووە.

برگە بنەڕەتییەکان

پێشـەکییەکە ئاماژە بە بڕیارنامەی( ٩٦-D ١)ی ئەنجـومەنی گشتی دەکات و دووپـاتی دەکـاتەوە کە "جینۆسـایدتـاوانێکە بەپێی یاسـا نێودەوڵەتییەکـان پـێچەوانەی ڕۆح و ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەلایەن جیهـانی شارسـتانییەوە ئیـدانە کـراوە"، ڕایـدەگەیەنێت کە جینۆسـاید بـووەتە هـۆی لە نـاوبردنی هەمـوو تەمەنەکانی مـرۆڤ لە مێژوودا، زیـانێکی گەورە لەسـەر مرۆڤـایەتی هەبـوو و ئەوەی کە ڕزگارکردنی مرۆڤـایەتی لەم بەڵا قێزەونە پێویستی بە هاوکاری نێودەوڵەتی هەیە.

مـادەی یەکەم ڕوونکردنەوەیەکی گرنـگ دەخـاتە ڕوو، ئەویـش ئەوەیە کە دەتوانرێـت جینۆساید "لە چەند ڕۆژێکدا" ئەنجام بدرێت.

لە کاتی ئاشتی یان شەڕدا"، جیاکردنەوەی لە تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، کە ئەگەری ئەنجامدانیان لە غیابی شەڕی چەکداریدا لە ساڵی ١٩٤٨دا بە بێ پرسیار ماوەتەوە. هەروەها بابەتەکە خۆپارێزی و سزای بەیەکەوە گرێداوە. وە دادگای نێودەوڵەتی - بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پەیوەندییە - لە بڕیارەکەیدا کە لە دۆسیەی بۆسنە و هەرزەگۆڤینا دژی سربیا و مۆنتینیگرۆ لە ٢٦ی شوباتدا دەرچووە (بەکارهێنانی ڕێککەوتننامەی ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید (بۆسنە) دانی پێدا ناوە و هەرزەگۆڤینا دژی سربیا و مۆنتینیگرۆ، کە جگە لە ئاۆن جینۆساید بەهۆی کاریگەرییە ڕێگرییەکانی سزاوە ڕێگری لێکرا.

